حوکوومەتی هەرێمی کوردستان_ عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی- فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان

سکوڵی زمان- زانکۆی سلێمانی

# " بونیادی گێڕانەوەی تەنزئامێزانە لە ڕشتەی مرواریدا "

نامەیەکە خوێندکار

**بەخشندە میرزا ئەحمەد**

پێشکەشی ئەنجومەنی سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی پلەی بەکالۆریس لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت:

**د. بوشرا کەسنەزانی**

گوڵان (٢٧٢٣)ی کوردی ئایار(٢٠٢٣)ی زایینی

**پێشکەشە بە :**

- سۆزی دایکم.
- خوشک و برا ئازیزەکانم.
- هەموو ئەوانەی ڕۆژانێک وانەیەکیان فێرکردووم.

# سوپاسنامە


## سوپاس بۆ

**هەموو ئەو دۆست و هاوڕێیانەی هاوکارم بوون و یارمەتییان دام.**

**قسەکانی ڕشتەی مرواری**

**تۆ بە گاڵتە وەریدەگریت و خۆشییەک ڕوودەکاتە فیکر و مێشکت؛ لەگەڵ ئەم خۆشییەشدا دەرسێکە بۆ هەموو ڕووداوێکی ژیان، کە ئەم دەرسە لە پشت پەردەی خوێندنەوەکەوەیە.**

**عەلائەددین سەجادی**

**٢٨/ ٥/ ١٩٧٨**

## ناوەڕۆک


پێشەکی........................................................................................................1

بەشی یەکەم/ سەرەتایەکی تیۆری لەبارەی ئەدەبی فۆلکلۆرەوە..................................5

پاری یەکەم/ ئەدەبی فۆلکلۆر.....................................................................................6

بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر.........................................................................................9

ئەفسانە......................................................................................................................9

هەقایەت، سەرگوزەشتە...........................................................................................12

هەقایەتی خورافی/ پەرییان......................................................................................14

هەقایەتی کۆمەڵایەتی...............................................................................................14

هەقایەتی پەندئامێز...................................................................................................14

هەقایەتی دینی و عیرفانی.........................................................................................15

داستان......................................................................................................................15

داستانی قارەمانێتی...................................................................................................16

داستانی ئەڤین و دڵداری...........................................................................................17

گۆرانی......................................................................................................................17

پەندی پێشینان و قسەی نەستەق...............................................................................19

پیرەمێرد و دیدی بۆ فۆلکلۆر....................................................................................22

تایبەتمەندییەکانی ئەدەبیاتی زارەکی........................................................................23

جۆری گواستنەوە و هۆیەکانی جیاواز گێڕانەوە.........................................................28

سەرچاوە و هەوێنی دەقە زارەکی فۆلکلۆرییەکان.......................................................۲۹
لەبارەی ئەدەبیاتی میللییەوە.......................................................................۲۹
مەلا مەشهورە...........................................................................................۳۱
شێعرەکەی میر...........................................................................................۳۲
سوڵتان مەحموودی غەزنەوی و هەیاس...........................................................۳۲
بەهلوله شێت............................................................................................۳۳
بەسەرهاتێکی باڵوڵی دانا و هارون.................................................................۳٤
پاری دووەم/ گاڵتەوگەپ..............................................................................۳٤
تایبەتمەندییەکانی گاڵتەوگەپ و قسەی خۆش....................................................۳٦
پاری سێیەم/ ڕشتەی مرواری.........................................................................۳۷
بەشی دووەم/ لەبارەی گێڕانەوە و گێڕانەوەناسییەوە...............................................٤۲
زاراوەی گێڕانەوەناسی.................................................................................٤٦
پێناسەکانی گێڕانەوەناسی..............................................................................٤۸
پاری یەکەم/توخمەکانی گێڕانەوە لە ڕشتەی مرواریدا............................................٥۰
پارچەی یەکەم/ بابەت..................................................................................٥۰
پارچەی دووەم/ ڕووداو................................................................................٥۳
پارچەی سێیەم/ کەسێتی...............................................................................٥۷
پارچەی چوارەم/ کات...................................................................................٥۹
پارچەی پێنجەم/ شوێن.................................................................................٦۲

پارچەی شەشەم/ گرێچن، تەون( پلۆت)...................................................٦٥
پارچەی حەوتەم/ دیالۆگ، گفتوگۆ...................................................٦٧
پارچەی هەشتەم/ پەسن, وەسف...................................................٦٩
پاری دووەم/ تەنز و ساتیر...................................................٧٣
زاراوەی تەنز...................................................٧٤
بەشی سێیەم/ تابووشکێنی و گاڵتەجاڕی...................................................٧٧
شێوەکانی تابوو...................................................٧٨
ئامانجی تابووە ڕاستەوخۆکان...................................................٧٩
سێ تابووەکە...................................................٨١
ئەنجامگیری...................................................٨٧
لیستی سەرچاوەکان...................................................٨٨

# پێشەکی

گێڕانەوەی تەنزئامێزانە لەهەموو ئان و ساتێکدا جێگەی بایەخ و گرنگ بووە هەمیشە خەڵکوخۆ و مرۆڤانی سەردەمی زووش بەدوایی چێژێکدا گەڕاون تا بەهۆیەوە ماندوویی و شەکەتی ڕۆژەکەیان بیربچێتەوە، دەماودەم و پشتاوپشت ئەو بەسەرهات و چیرۆکانەی لەباوباپیرانی پێش خۆیانەوە بیستوویانە گێڕاویانەتەوە و لەگەڵ ڕووداوگەلی سەردەمەکەی خۆی یەکیان خستووە و بەیانیان کردووە بۆ نەوەکانیان و خەڵکانی دەوروبەریان، مرۆڤ هەندێکجار هەڵگری پەیامێکی گاڵتەجاڕانەیە تا سەرنجی دەوروبەرەکەی ڕابکێشێت یان تا گوێی بۆ بگیرێت و هەست بە ڕووخۆشیەکەی بکرێت، بەردەوام ئەو مرۆڤانەی قسە و باسی خۆشیان گێڕاوەتەوە، ناویان زیاتر ماوە و چەندین بەسەرهاتی تریان دراوەتەپاڵ، هەمیشە خۆشەویست بوون و لەمەجلیس و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی شەوان لەگەرمەی قاقای ئامادەبووواندا ڕەحمەتی بۆ نێردراوە. بەمجۆرە لەدیوەخانی کوردییەوە تا مەجلیسی کۆبوونەوەی خەڵکانی هەموو دونیا هەریەکەو لای خۆیەوە عەودالی قسەی خۆش و بەتوێکڵ بوونە، تا کارەکانیان پێ ڕایی بکەن و یان جێ بۆ خۆیان و مەرامەکانیان خۆشبکەن و ژیانی پێ بەڕێبکەن، چونکە دواجار مرۆڤ تێدەگات کە دەکرێت تەواوی نەهامەتییەکانی ژیانی بە پێکەنینەوە تێبپەڕێنێت، بۆیە ئەوانەی ڕوویان خۆشە، قسەشیان خۆشبووە و زیاتر لەدڵدا ماونەتەوە و کەڵکیان زیاتر لێوەرگیراوە گوێڕایەڵیان زیاتر بووە، بەمجۆرە دەکرێت ژیانیش بەسانایی و زەردەخەنەوە بەڕێبکەین. ڕشتەی مرواری کە پڕە لە هەزاران هەقایەتی بەرگوێ ئاگردانی کوردەواری هەمیشە لەسەرزاری ئەدەبدۆستان ماوەتەوە و بایەخی پێدراوە و لای ئێمەش گرنگی خۆی هەبووە کە لەسەری بدوێین و بیهێنینە بەرباس ئەوەندەی کە لە تواناماندا بووبێت. دیاریکردنی ناونیشانێکی وەها و لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە کە هەزارەها بوار لەخۆدەگرێ، ئێمە لەچوارچێوەی ناونیشانەکەماندا تا ئاستێک ڕۆشتووین و وردتر لەبوارێک سەرنجمان داوە و هەوڵمان داوە ئەوەی باسنەکراوە پێکەوە باسیان بکەین و دەربارەیان بدوێین، هەڵبەتە بواری فۆلکلۆر گەلێک فرەوانە بەڵام ئێمە لەنێوەڕۆکی نێو بەسەرهاتەکانەوە دێینەگۆ و دەدوێین، کە ئەمە لە ئێستا و ڕابردوودا جیاوازییەکی زۆری هەیە و کاریگەرییەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بەسەرهات و هەقایەتەکان بەچەشنێکی تر دەگێڕێنەوە کە زۆرکەم جێگەی پێکەنین و مانەوەیەتی، ئەمەش ئێمە کەمەندکێش دەکات بۆ زیاتر وردبوونەوە و ئاشنابوون بە دابونەریت و شارەزابوونی فۆلکلۆرەکەمان.

له ڕێی کتێبی (ڕشتەی مرواری) نووسەری مەزنمان "سەجادی" هەمیشە زیندوو، کە پڕاوپڕە لە گەنجینەی فۆلکلۆرمان و چەندین هەقایەتی بەسوود و بەچێژی سەردەمی خۆی، کە هەقایەتەکانی بۆ ئێستا و چەندین سەدەی تریش دەبن، سروشتی ئەدەبیات وایە کە هەقایەتێک یان پەندێک بەچەندین سەدە دوای خۆی دەڕوات و کەڵکی خۆی دەگرێت، کە جاری وایە دەقاودەق دەڵێی بۆ ئێستا گونجاوە، ڕشتەی مرواریش خاڵی نییە لەچەندین بابەتی بەسوود و هەمەجۆر چەندین داستانی نێو ژینی کوردەواری. گێڕانەوەی ڕشتەی مرواری وای کردووە، کە ڕشتەی مرواری ئەوەندە بەنرخ بێت، کە بگوترێت ئەگەر کوردیت؛ دەبێت ڕشتەی مرواریت خوێندبێتەوە لەژیانتدا. گێڕانەوە بەردەوام لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەیە و هەمووومان هەوڵدەدەین گێڕانەوەکانمان بە ڕێکوپێکترین شێوە بێت یان بەجۆشترین گێڕانەوەمان هەبێت. لە هەڵبژاردنی هەربابەتێکدا چەندین هۆکار و پاڵنەر هەن بۆ توێژەر، ئێمەش لەبەر گرنگیی باسەکە و خۆشەویستی بوونمان بۆ فۆلکلۆر و قسە و گوارە کوردەوارییەکان زرنگانەوەی نوکتە و هەقایەتەکانی سەجادی لەبن گوێمان وایلێکردین زیاتر و زیاتر بەردەوامی بدەین بەم باسەو بەوپەڕی ڕووخۆشییەوە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بۆ بکەین، چونکە ژیانی ئادەمیزاد پڕە لە گێڕانەوە و هەقایەت هەر گەلە و هەر کۆمەڵە و ماڵێک هەر لەنێوان دوو کەس و تەنانەت یەک کەسیش، ژیانی پڕە لە هەقایەت و گێڕانەوە جۆراوجۆر، ژیانی مرۆڤ بەندە بە هەقایەتەوە لەمەلەکوتەکانەوە تا بنی زەوی؛ نێوان مردووەکانیش پڕن لە هەقایەت بەخۆش و ناخۆشەوە، کەوایە ئەمانە پرسیارگەلێک بوون لای ئێمە ناوەڕۆکی ئەم هەقایەتانە و شێواز و گوفتاریان هەڵبهێنجێنن و بەوردی لێیان بدوێین تا حاڵی ببین کە چۆنە مرۆڤ ئەوەنە خووگرتووە بە چێژ و نوکتەبازییەوە بەبێ ئەوەی ئاگاداربێت یان بەهای بزانێت لەڕووی کەلەپووریی و نیشتیمانییەوە، هەمیشە ئەوانەی کەمێک ڕۆچووبوون لە نێو دونیای ئەدەبدا بایەخی ئەدەبیان بەهەرجۆرێک بێت لا پەسەندە، ئێمەش ئەوەندەی بۆمان لواوە هەوڵمان داوە کارێک بکەین جێی خۆی بگرێت. ناونیشانی لێکۆڵینەوەی باسەکەمان بەناوی (بونیادی گێڕانەوەی تەنزئامێزانە لە ڕووی تیۆری ئەدەبی گێڕانەوە ناسییەوە کار لەسەر ئەم ژانرە دەکەین، ڕشتەی مرواریدا). لە بەپێی میتۆدی وەسفی شیکاری، کە تەنز و قسەی بەتوێکڵە، چونکە بونیادە ئەدەبییەکە ڕۆڵی هەیە لەسەر دروست بوونی تەنز و کاکڵەی قسەکە و کاریگەری هەیە.

پلانی نووسینی باسەکەمان وەهایە کە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا دابەشمان کردووە بۆ سێ پار، لە پاری یەکەمدا سەرەتایەکی تیۆریمان لەبارەی ئەدەبی فۆلکلۆر و بەشەکانی فۆلکلۆرەوە خستووەتەڕوو، لە پاری دووەمیشدا گاڵتەوگەپ و خاسیەتەکانی و بەرهەمە کۆکراوەکانمان باسکردووە، هەرچی پاری سێیەمیشە تایبەتە بە ڕشتەی مرواری و ناساندنی بەشەکانی و نرخاندنی قسەکردن لەسەر شێواز و هەقایەتەکانی کاریگەرییەکانی لەنێو کۆمەڵگا و چۆنیەتی قبوڵکردنی وەک بەرهەمێکی ئەدەبی و مانەوەی بە گرنگی. بەشی دووەمی باسەکەمان لە دوو پار پێکدێت ئەوانیشمان تەرخانکردووە بۆ بونیادی گێڕانەوە لەڕشتەی مرواریدا، لە پاری یەکەمدا و باسکردنی توخمەکانی بەنموونەوە و لە پاری دووەمدا لەسەر چەمکی تەنز و ساتیر دواوین لە ڕوانگەی ڕشتەی مرواریەوە، بەشی سێیەممان قسەکردنە لەسەر تابووشکێنی و گاڵتەجاڕی پەیوەست بە ڕشتەی مرواری و هەقایەتەکانی ناوی خستنەڕووی چەندین نموونە و باسوخواسی تابوو و بەکارهێنانی لەنێو هەقایەتی ئەدەبی کوردیدا. لەسەرجەم بەش و پارەکاندا ڕوودەکەینەوە فۆلکلۆر و دابونەریت و ئاکارەکانی، چونکە هەقایەتی هەر گەلێک لەچوارچێوەی ژیانە سادەکەی خەڵکەوە هەڵقوڵاوە و بەرەبەرە خۆی پێگەیاندووە و بووەتە ئەدەبێک و ناسنامەی گەلی لێپێکهاتووە، کە ئێستا دەکرێت چەندین جۆر لێکۆڵینەوەی لە چەندین بواری جیاجیادا لەبارەیەوە بکرێت، هەموو هەقایەتەکانی ناو ڕشتەی مرواریش هەقایەتی خەڵک و ژیانی ڕۆژانەیەتی سەرجەم ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی چەندین ساڵ لەمەوبەرن کە بوونەتە خەرمانێک بەباش و خراپەوە هەڵگری ناسناوی ئەدەبی میللی و فۆلکلۆرن، ئێمە لەمانە هەمووی دواوین گەر بەپێی پێویستیش نەبووبێت، هیچ نەبێت کەلێنێکی بچووکمان لێ گیر بووە بۆ جێکردنەوەی باسەکەمان. لە میتۆدی لێکۆڵینەوەکەماندا پشتمان بەستووە بەو سەرچاوانەی کە دەربارەی فۆلکلۆر و کەلەپووری گەلن، لەوێوە ئەدەبەکەمان دەرکەوتووە و تەنز و جۆرەکانیمان لێ بەدەرخستووە، هەروەها سەرنجمان داوە لەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی گاڵتەوگەپن بە هەموو جۆرەکانییەوە و بەشێکیش لە تابوو کە بووەتە هۆی گاڵتەوپێکەنین.

# بەشی یەکەم

## سەرەتایەکی تیۆری لەبارەی ئەدەبی فۆلکلۆرەوە

**سەرەتایەکی تیۆری لەبارەی ئەدەبی فۆلکلۆرەوە:**

فۆلکلۆر بریتییە لەو کەرەستە و شت و مەکانەی هەر قەومێک لە باوباپیرانی خۆیەوە بۆی دەمێنێتەوە، فۆلکلۆر تەنها کەرەستە نییە، بەڵکو هەموو ئەو خوورەوشت و دابونەریتانەیە، کە بچووک لە گەورەوە فێری بووە و کاریگەری لەسەری هەبووە دەماودەم ڕۆشتووە، هەروەها فۆلکلۆر گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ژیانی هەموو قەومێکە کە لە ڕێگەیەوە باس لە خۆشی و ناخۆشی و چەرمەسەرییەکانی ژیان دەکات و ڕۆڵێکی گرنگیشی هەیە لەسەر ئەدەبی بەراوردکاری نێوان گەلانی دونیا، ئەو سامانەی لەفۆلکلۆر دەمێنێتەوە بۆ هەر گەلێک لە ڕێگەی سەرگوزەشتە و هەقایەت و بەسەرهاتەکانی ناو ژیان و دونیابینی ناو ئەو میللەتەیە، گرنگی کۆکردنەوەی کاری فۆلکلۆری کوردی لەوەدایە کە سامانێکی زۆر دەوڵەمەندە و کەرەستەیەکی خاو و بەربڵاو و لەبەردەستدایە، تۆمارکردنی فۆلکلۆر لێکۆڵینەوەی پتر سیما و خاسیەتی ڕەسەنایەتی ئەو دەوروبەرە دەرئەخات. بێگومان گرنگیدان بە کۆکردنەوە و تۆمارکردنی فۆلکلۆر لەوەدایە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ فۆلکلۆر لە گەشەسەندن و پەرەسەندن دایە و، ئەم ئەدەبە بەرەی پێویستی مرۆڤە و لەخۆیەوە دروست نەبووە، بەڵکو ئاوێتەی باری کۆمەڵایەتی و پێویستیە دەروونییەکانە بەرامبەر بە سروشت دەربڕاوە (ڕەسوڵ، ١٩٩٧: ٢ ). ئەگەر بمانەوێت لەبارەی بنەچەی وشەکەوە بدوێین، ئەوا ( سیر ولیام تۆماس) ی شوێنەوارناسی بەریتانی یەکەمجار زاراوەی ( فۆلکلۆر)ی بۆ بابەتەکانی کەلەپوور لە ساڵی ١٨٤٦ ز بەکارهێناوە ڕۆەنج و کۆششی زانایانی ئەڵمان، برایانی گریم: یاقوب گریم ١٧٧٥- ١٨٦٣ و ویلهیلم گریم ١٨٧٧ بە سەرەتای لێکۆڵینەوەی کەرەستەی فۆلکلۆر دادەنرێن. فۆلکلۆر وشەیەکی لێکدراوە، ئینگلیز و ئەڵمانی و یۆنانی بەکاریدەهێنن، بە مانای کەلەپووری میللەت، گەل دێت. لە زمانی عەرەبیدا (التراث) بەکاردێنن. وشەی فۆلکلۆر لە نووسینی کوردیدا، یەکەمجار لەلایەن خوالێخۆشبوو مارف بەرزنجی لە ساڵی ١٩٥٨ز دا لە ژمارەی ٢ ی گۆڤاری شەفەق لەژێر ناونیشانی کورد فۆلکلۆردا بڵاوکراوەتەوە. دواتریش بەهەشتی و مامۆستایان محەمەد تۆفیق وەردی و عوسمان شارباژێری و تایەر تۆفیق بەکاریانهێناوە. فۆلکلۆر پێکهاتووە لە دوو بەش ئەوانیش بەشێکی کەلتووری میللەت کە زارەکی یان ( زارگۆتە)ن فۆلکلۆرە، کە پەندی پێشینان، قسەی نەستەق، مەتەڵ، گاڵتەوگەپ، هۆنراوە، ئاواز و گۆرانی و شین و لاواندنەوە، چیرۆک، داستان و ئەفسانە تد ... دەگرێتەوە. بەشێکی دیکەشی کە پێی دەڵێن: ئەنتۆگرافیا، شتی مادی و نازارەکین (هونەرەکانی میللی) وەک شایی و هەڵپەڕکێ و نەخش و نیگار و درامای میللی و دابونەریتی وەک ئافرەت ڕازاندنەوە و ژن خواستن و بووک گواستنەوە و چێشتلێنان و ڕێوڕەسمی مردووناشتن و پیشە دەستییەکانی وەک: چیخ وکوین، دروست کردن وتەون و جۆڵایی و شالوشەپک وگۆرەوی و کڵاش چنین و جل و کاڵا دروویین و دەستاڕهاڕین و جۆخین کوتان ڕەوسە بڕکردن و ساوار کوتانەوە تد ... دەگرێتەوە (ئەبوبەکر، ٢٠٠٥: ١٠).

فۆلکلۆر لە فەرهەنگی فەرِەنگی دا، بەمانای زانستی گشتییە و بە چەشنە هۆنراوە، پەخشان، چیرۆک، گۆرانی و شتی لەم بارە دەڵێن، کە نازانین نووسەر یان وێژەرەکەی کێیە (سۆران، ٢٠٠٩: ١٢١). هەموو نەتەوەیەکی ئەم جیهانە گەورەبێت یان بچووک پێشکەوتوو یان جێماو و دواکەوتوو بێت، کەم بێت یان زۆر سامانێکی میللی تایبەتی بەخۆی هەیە کە بەدرێژایی مێژوو بۆی پێکهاتووە و لە باو و باپیرانەوە پشتاوپشت بۆی هاتوونەتە خوار و ئەمیش بەپێی ڕۆژگار و بەگوێرەی پلەی ژیانی و پێویستی ڕۆژانەیەوە تەتەڵەی کردووە دەستی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، فۆلکلۆریش بەشێکی هەرە گرنگ و دیاری ئەو سامانەیە فۆلکلۆری هەر نەتەوەیەک لە جەرگەی بەسەرهات و سەرگوزەشتی ژیانی دێرینی ئەو نەتەوەیە هەڵقوڵاوە ئاوێنەیەکی پاک و بێگەردە کە نیگار و ڕووخساری ڕاستەوخۆی گوزەران و جۆری ژین و ئاستی ڕۆشنبیری ئەو میللەتە نیشان دەدات و ئامرازێکی شیاوە بۆ ناسینی مێژووی ڕابردوو چ لەباری کۆمەڵایەتی ئابووری و ڕامیاری چ لەباری پلەی زانست و زانیاری و جۆری بیروڕای لەباودا (شەریف، ١٩٧١: ٣). فۆلکلۆری کوردی کوردی زۆر دەوڵەمەندە لەم چەشنە سامانە و کەلەپوورە نەتەواتییانەدا بەڵام بەداخەوە کەمتەرخەمی و کۆسپی زەمانە زۆری لەنێو بردووە (ئەفخەمی، ١٣٨٦: ٧).

## پاری یەکەم/ ئەدەبی فۆلکلۆر

ئەدەبی فۆلکلۆر بە ئەدەبی کۆنی میللەت دەوترێت بەرهەمی هەموو خەڵکەکەیە لە کۆنەوە تا ئێستا بەردەوامە، لەگەڵ پێشکەوتنی ڕەوش و ژیانی میللەتان ڕووی لە کزی و کردووە، بەڵام نەبووەتە هۆی بەردەوام نەبوونی لێرەو لەویَ ئەدەب دۆستان و ڕۆشنبیران هەوڵی کۆکردنەوە و پاراستن و گرنگی پێدانیانداوە. فۆلکلۆر هەموو ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە کە زۆرینەی بەسەرزارەکی گوازراونەتەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو شتانە بەرهەمی ئەدەبی بن و فۆلکلۆر تەنها هەقایەت و سەرگوزەشتە نییە، چونکە بەرهەمە زارەکییەکان دوو جۆرن: بەرهەم و هەقایەتی میللی و فۆلکلۆر، بەرهەمە میللییەکان خاوەنەکانیان دیارە و جیایە لە هەقایەت و بەرهەمی فۆلکلۆر کە خاوەنی ون بووە هێندە دووبارە کراوەتەوە میللەت بووەتە خاوەنی، وشەی فۆلکلۆریش لە پێش ساڵانی ١٩٤٨ دا نەبیسترابوو وەک ئێستا کە هەیە، بۆیە ئەوانەی ئەم زانیارییانە دەخوێنن مێژووی سەرهەڵدانی فۆلکلۆر دەکەن بە سێ قۆناغەوە.

**یەکەم قۆناغی کۆن:**

ئەوەیە کە لەسەرەتای مێژووەوە دەست پێدەکات تا سەدەی نۆزدەیەم، لەم قۆناغەدا مێژووناسە کۆنەکان گەلێک باسی خوو و ڕەوشت و باوەڕ وئەفسانە و هونەر وهەموو جۆرە کەلەپورێکیان کردووە، نەک بەشێوەیەکی زانیاریی تەنها لەگەڵ باسی مێژووی شارستانییە کۆنەکاندا. دواتر هەندێک نووسەر و وێژەوانەکان وتەی نەتەوایەتی کۆنیان کۆکردووەتەوە لەژێر ناوی پەند و ئامۆژگاریدا، ڕۆشنبیرانی کوردیش لەم چەند ساڵەی دواییدا دەستیان دایە کۆکردنەوەی پەندی پێشینان و هەقایەت و شتی تر( کۆمەڵێک، ٢٠٠٩: ١١).

**دووەم قۆناغی زانیاری فۆلکلۆر:**

لەم قۆناغەدا کە لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا زانیاری زمان و کۆمەڵایەتی پەیدابوو، زاناکانی زمان و خوێندنی کۆن دەستیانکرد بەسەرنجدان لە کەلەپووری نەتەوایەتی لەوانە (یەعقوب و ویلهیلم گریم)ە دوو برا بوون دەستیانکرد بە لێکۆلینەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی گەلی ئەڵمانیا، وتەی دەماودەم و هەقایەت و ئەفسانەیان کۆکردووەتەوە دوابەدوای ئەمان چەندین زانای تر هەستاون بەم کارە بەڵام تا ئەو کاتەش هیچ کام لەبەرهەمەکاندا ناوی فۆلکلۆر نەهاتبوو هەریەکەو ناوێکی لەسەر دادەنا، تا ئەو دەمەی زانای ئینگلیز (ویلیام جۆن تۆمز) لە ٢٢ ئابی ١٨٤٦ بە نامەیەک داوای لە ڕۆژنامەی (زی ئاستینیوم) کرد کە وشەی فۆلکلۆر بەکاربهێنێرێت بۆ کەلەپووری نەتەوایەتی. وشەی فۆلکلۆر وشەیەکی تێکەڵە لە دوو وشە پێکهاتووە، یەکەم (فۆلک) واتە نەتەوە یان کۆمەڵە کەسانێک. دووەم (لۆر) واتە پەند یان حیکمەت. لەپاش چەند ساڵێک ئەم وشەیە بە هەموو ئەوروپادا بڵاوبووەوە لە ئەڵمانیا و ئیتالیا و فەرەنسا و ڕووسیا دا خرایە سەرزار، دوای ئەمە زانایان بوونە دوو بەشەوە بەشێکیان دەیانویست وشەی فۆلکلۆر بەکاربهێنرێت بۆ کەلەپووری نەتەوایەتی بەشێکی تریان دەیانوت هەر نەتەوەیەک لە زمانەکەی خۆی ناوێک بەکاربهێنیت لە جیاتی فۆلکلۆر. لەسەدەی نۆزدەیەمدا گەلێک قوتابخانە پەیدابوون هەندێکیان بەرنامەی زمانیان بەکاردەهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لە کەلەپووری نەتەوایەتی و هەندێکیان بایەخیان دەدا بە ئەفسانە و شییکرنەوەیان بۆ دەکرد هۆیەکانیان دەردەخست و گرێکانیان دەکردەوە، هەندێکیان زانیاری ڕەگەزەکان و زانیاری دەروون یان مێژوو و جوگرافیایان بەکاردەهێنا بۆ ئەم کەلەپوورە بەو بۆنەیەوە باوەڕی هەمەجۆر پەیدابوو. (کۆمەڵێک، ٢٠٠٩: ١٢).

**قۆناغی سێیەم:**

ئەوەیە کە فۆلکلۆر خرایە شێوەو شێواز و بنچینەی زانیارییەوە، زانایان تێکۆشان بۆ خوێندنی لە زانستگەکان هەروەها تێکۆشان بۆ ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنە ڕەسمییەکانی گێتییەوە دانپیێدابنرێت، ئەم مەبەستەش هاتەدی. یەکەمجار لە زانستگەی هەلنسکی لەساڵی ١٨٨٨ دا، دانپیێدانرا، دواتر لە زانستگەکانی سوید، نەرویج ،دانیمارک، ئەڵمانیا، بەلجیکا، نەمسا، یوسگلاڤیا، ڕۆمانیا، ڕووسیا، کەنەدا، ئەمریکا دانپیێدانرا و لە بەرنامەکانیدا چەسپێندرا. هەروەها لەپاش شەڕی جیهانی یەکەم لەساڵی ١٩٢٧ لەلایەن (عصبة الامم) ەوە دانپیێدانرا، کە فۆلکلۆر زانستێکە کە ڕەگی وەهای تیایە هاوبەشیی ژیانی نەتەوەکانی جیهان و پیشان دەدات، لەبەرئەوە یەکەم کۆنگرەی کەلەپووری نەتەوایەتی گیرا لەلایەن دەوڵەتانەوە لە ئەنجامدا لیژنەیەک دامەزرا بەناوی (لیژنەی هونەر و خووڕەوشتی میلیی دەوڵەتان)، دوایی شەڕی جیهانی دووەم ئەم لیژنەیە دایە پاڵ ئەنجومەنی فەلسەفە و زانستی دەوڵەتان کە لەژێردەستی ئەنجومەنی دەوڵەتە یەکگرتووەکاندایە.

ئێمەش دەتوانین کەلەپووری نەتەوایەتیمان بەشبکەین بەدوو قۆناغەوە:

قۆناغی یەکەم: لەسەرەتای ژیانی کوردەوە دەست پێدەکات تا ئەم دەمە، هەرچەند سەرچاوەی مێژوویمان هەیە و ئەمڕۆ لەبەردەستماندا نییە تا بتوانین کەڵکی لێوەربگرین لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین بڵێین کەلەپووری نەتەوایەتیمان گەلێک ماوە هەرچەندە هاوشێوەی میللەتان نەپارێزراوە هەروەها ئەو دۆخەی جاران و ئێستا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ڕوویندداوە، جگە لەشارەکان نەبێت دەنا ئەوە پەند و ئەوە هۆنراوە لە ژیانی ئەمڕۆدا بەکاردەهێنرێت.

قۆناغی دووەم: ئەو قۆناغەیە کە دەستپێکراوە بۆ کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان تا بەتەواوی دەچەسپێت و دوایش دەکرێت بەوانەیەکی تایبەتی و لە زانستگەکاندا دەخوێنرێت ( کۆمەڵێک، ٢٠٠٩: ١٣).

نەتەوەی کوردیش خاوەنی گەنجینەیەکی نەتەوایەتی بەنرخ و فرەوانی فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی و ئەدەبی کلاسیکە، فۆلکلۆر زۆر مەیدانی کەلەپووری نەتەوەیی دەگرێتەوە، هەر لە پاشماوەکانی جلوبەرگی میللی کۆن و ئێستا و تا ڕایەخ و هۆی خواردەمەنی تیاخواردن (قاپ و قاچاخ و کاسە و کەوچک) و تا نەخش و نیگار و جۆری خواردەمەنی و گەلێک شتی تر کە شەقڵی تایبەتی کۆنی میللەتێک لە بەرهەمێکی دەستکرد یان بەرهەمی بیردا بهێڵێتەوە بەڵام لە کۆڕی ئەدەبدا فۆلکلۆر پڕبەپڕ بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێت کە ئەدەبیاتناسانی هەندێک وڵات بە بەرهەمی سەرزاری خولقێنەرانەی گەلی ناو ئەبەن، کە ئەویش ئەو بەرهەمانەیە کە دەماودەم و پشتاوپشت کوڕ لە باوکەوە منداڵ لە دایکەوە دەیبستێت و دەمێنێتەوە هەر لەبەر ئەمەیە کە ئەدەبی فۆلکلۆر بە

بەرهەمی تاقە کەسێک دانانرێت و ئەدرێتە پاڵ هەموو میللەت و بە بەرهەمی خولقێنەرانەی گەل دەناسرێت و ڕووخساری ئاشکرای بریتییە لە سادەیی- چ لە ڕووی زمان و چ لە ڕووی دەربڕینەوە ، شەقڵی تایبەتی ئەو گەلە یان زەمان و دەورەی خۆی پێوەیە، نەخوازە لە وێنە و بیردا. گومان لەوەدا نییە کە نەتەوەی کورد لە فۆلکلۆردا یەکێکە لە نەتەوە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان، هۆی ئەمەش تەنیا ئەوە نییە کە ئەدەبیاتی نووسراو نەختێک درەنگ لە ناو کورد دا پەیدابووبێت، بەڵکو ژیانی تایبەتی گەلی کورد و وێنەی جیاواز و گۆڕانی زوو بە زوو لەم وێنانەدا بوونەتە هۆی ئەم دەوڵەمەندییە، هەروەک بوونی چەند دیالێکتێک هێندەی تر دەوڵەمەندی کردووە، هەروەها barودۆخی تایبەتی کە بەشی زۆری ئەدەبی میللی بەناوی خاوەنەکەیەوە ئەوەش دەماوەدەم و پشتاوپشت بمێنێتەوە بچێتەوە سەرگەنجینەی فۆلکلۆرمان (ڕەسوڵ، ١٩٧٠: ١١).

فۆلکلۆر خۆی لەخۆیدا تایبەتییەکە خاوەن شێوازێکی سەربەخۆیە وەک شەقڵ پێی دەناسرێتەوە، ئەم شیوازە هەرچەندە بەر تەعریفێکی ڕێکوپێکیش نەکەوێ نەکەوێت، یان نەتوانین پەسنێکی ڕێکوپێکی بۆ دابنێین کە لە شتی تری هەڵاوێرێت، بەزەوق و سەلیقە و هەستی گشتیی مرۆڤ دەناسرێتەوە و سەهوی تێدا ناکرێت ( محەمەد، ٢٠٢١: ٨٩).

**بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر**

ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیش، وەک لەلای زۆربەی گەلان بریتییە لە چەند جۆرێکی بنەڕەتی کە ئەوانیش پێکدێن لە:

**یەکەم: ئەفسانە**

ئەفسانە بە عەرەبی (الاسطورة) ئەم وشەیە لە عەرەبیدا گۆڕاوە و لە وشەی ئیستۆریا istoriaی یۆنانییەوە وەرگیراوە کە ئەمیش لە زۆر ڕووەوە پەیوەندی بە مێژووەوە هەیە ( ئەسوەد، ٢٠١٥: ٤٤). ئەفسانە بەشێکی کۆنە، چونکە بەرهەمی ئەوکاتەیە کە ئادەمیزاد دەستەوسان و بێ دەسەڵات ڕووبەڕووی سروشت دەوەستاو هیچ ڕووداێکی سروشتی بە ڕێکوپێکی بۆ لێکنەدراوەتەوە و تێگەشتن و دەسەڵاتی بەسەریا نەبووە، بۆیە دەرگای بۆ بیرکردنەوە و خەیاڵ وای کرد ئەم ئەفسانانە بێنەدی . ئەفسانەی کوردیش زیاتر لە وێنەی دێو و درنج و پەری و، ڕۆژ و مانگ و بەرد و درەخت وهەندێک جانەوەر بە تایبەت لە وێنەی مار دواون، لە ئەفسانەی کوردیدا هەمیشە، قارەمانی ئەفسانە ئادەمیزادە و دەکەوێتە داوی دێو و درنجەوە هەر لە ئادەمیزاد وپیاوچاکیش ڕزگاری دەکەن، ئەفسانەی کوردی وێنەی کێشەی نێوان

دێو درنج دەکەن بە نیشانەی ئەو کێشەییەی لە زۆر کۆنەوە لە کۆمەڵی ئادەمیزادا و لە نێوان هێزی چاکە و خراپەدا یان هێزی خێرخواو هێزی خراپەدا بەرپا بووە وەک (خدری زیندە، زوحاک.. ئەژدەهاک تد) .[1] (ڕەسوڵ، ١٩٧٠: ١٢).

سەرجەمی ئەفسانە و ڕاز لەڕاستیدا خولیا و باوەڕی ئەو مرۆڤانەیە کە بەردەوام دیلی نهێنی و ڕاستییەکانی دەرەوەی خۆیانن، مرۆڤی سەرەتایی ویستوویانە لە جیهانی ئەفسانەدا بەشوێن ڕاستییەکانی ژیاندا بگەڕێت خولیا و ئاواتەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن، ئەفسانە گێڕانەوەی پاڵەوانێتی و جەنگە گەورەکانی مرۆڤە، گێڕانەوەی شانازی و دەستکەوتەکانی مرۆڤە، گێڕانەوەی شانازی و دەستکەوتەکانی مرۆڤە، گێڕانەوەی ئازایەتی و بوێری مرۆڤە قارەمانەکانە. لەباسکردنی ئەفسانەدا گەلێک بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێک دەڵێن: (دارشتنی وشەی ئەفسانە لەو قسانەوە هاتووە کە بێ ڕەسەنن یان سەیروسەمەرەن و دەکەونە دەرەوەی سروشت و بۆچوونی ئاسایی خەڵکەوە، ئەفسانە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خواوەندەکان، مرۆڤ و دیاردەکانی سروشت نیشاندەدا و پوختەیەکی مێژووی بڕوای مرۆڤە و سەرەتاکانی بوونمان بۆ دەگێڕێتەوە ( ئەلۆەنی، ٢٠٠٧: ٨).

ئەفسانە لەنێو کورددا دەماودەم گێڕدراوەتەوە، کە ئەگەر بەڕۆژ کارەسات و بەسەرهاتێکیان بەسەرهاتبێت بەشەو کە کۆبوونەتەوە گێڕاویانەتەوە ئەگەر شتێکی زۆر بەلاجەوی بووبێت دەماودەم کەوتووە و لە شوێن هەوارگەی خۆی پەڕیوە بۆ شوێنیکی تر و  زیاد و کەمیشی پێوەنراوە ( سەجادی، ١٣٩٥: ١٢٢).

لەنێو کوردیشدا چەند زانایەکی وەک حاجی جوندی و جەمال نەبەز دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی ئەفسانەکان و جەمال نەبەز بەشێکی ئەفسانەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی. خاتوو م.ب ڕۆدینکۆ ئەفسانەکانی بەشێوەی زانستی کۆکردوونەتەوە لە زمانی هەندێک کەسەوە وەرگرتوون کە زۆربەیان نەخوێندەوار بوون وەک ( مامۆ ئیشخان سادۆ، سمایل سادۆ، زادە وەسمان، عەتار شارۆ، عالیە جانگی، خامۆ حەسەن، دولبەر قوربانۆ، خاتۆڤ) و چەندانی تر ( ڕۆدینکۆ، ١٩٩٩: ٢).

[1] خدری زیندە کە بە کەلەپوور لە ئاینی ئیسلامەوە ماوەتەوە  بە ئەفسانەی خدری زیندە ڕەنگی داوەتەوە لای کوردەوارییی، (خدر) لەسەر بیچمی پیاوێکی نوورانیی دەرکەوتووە، پیاوێکی بەتەمەن و ڕیش سپی یان سەوز و چێو لە دەست، گوایە ئێسک لە لەشیدا نییە، ئەمە لەکاتی تەوقەکردندا هەستی پێکراوە... ئاواتێک کە لێیان خواستووە بۆی بەدیهێناون، ئەگەر ئافرەتێک ئەستەور (نەزۆک) بووبێت، سێوێکی دەداتێ و منداڵی دەبێت، وتراویشە هەرکەس چل ڕۆژ لەسەریەک پەرستشێکی پاك و بێگەرد بکات، یان هەرکەسێک چل ڕۆژ لەسەریەک بەردەم ماڵی خۆی پاک بکاتەوە ئەوا خدری زیندە دەبینێت، ئەوسا خێروبەرەکەت ڕووی تێدەکات و دەتوانێت چی ویست لێی داوابکات... بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:کتێبی هەقایەتی خدری زیندە لەنووسینی مەجید عەبدولڕەحمان/ چاپخانەی ڕۆشنبیری- هەولێر ٢٠١١، کتێبی خدری زیندەئ ئامۆژگاری
پێشکەش دەکات لە نووسینی عەبدولجەبار قەرەداغی/ چاپخانەی سیما- سلێمانی ٢٠١٢، یان سەردانی وێبسایتی www.Dabran.org, www.Basnews.com

لادێیە کوردەکان بەمجۆرە سەرەتای ڕاز و ئەفسانە دەست پێدەکەن:

یەکێ بوو یەکێ نەبوو

جگە لەخودا کەسی تر نەبوو

کەس لەبەندە درۆزنتر نەبوو

کەس لەقەل ڕوو ڕەشتر نەبوو

ئەی برا خراپە نەبینی

لەکوێوە بڵێین، لەکوێوە بیبیسیتین

لەبەردی مەڕمەڕ

لەداری عەرعەر

باخێ بوو گوڵستانێ بوو

لەکۆتایی هەقایەتەکەشدا دەڵێن: چەپکی گوڵ و چەپکێ نێرگز داخت نەبینم هەرگیزا و هەرگیز، منیش هاتمەوە و هیچیان نەدامێ تد... ( دەروێشیان، ٢٠٠٣: ١٣).

هەروەها نەخشی ژن لەنێو ئەفسانە کوردییەکاندا سەرسوڕهێنەرە، مەلا مەحموودی بایەزیدی نووسەری کورد کە لەسەدەی نۆزدەهەمدا ژیاوە لەبارەی ژنانی کوردەوە دەنووسێت، ژنی کورد زۆر لە پیاوان ئاقڵتر و باشتر و تێگەیشتووتر و ئینسانترە، فرە ڕووخۆش و بەگوێ و دەست و پێ گەرمە. لەماڵدا دەسەلاتی تەواوی هەیە. لەشەڕدا بەشدارە و یارمەتی دەری پیاوەکەیەتی لەماڵیشدا یارێکی میهرەبانە، کوردەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە کامەرانیی پیاو لە ژیان و حەسانەوە و لەکۆمەڵدا بەستراوەتەوە بەهاوسەر. لەنێو ئەفسانە کوردییەکاندا بۆ نموونە ژنی ئاقڵ و کیژی ئاقڵ و ژن مێرد و باڵوڵی زانا و خەلیفەی بەغدا و شا سمایل و عەرەبی قولەڕەش و هێندێکی دیکە نەخشی ئەم جۆرە ژنانە نیشاندراوە. کوردەکان هەر لەو کاتەشدا لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەگەر ژن خراپ بێ هەر لەم جیهانەدا جەهەنمی پیاوە وەک ئەفسانەی ژنی خراپ ئەفسانە کوردییەکان وەک بەڵگە وان و بەشێکن لە کلتوری گشتی کوردەکان لەگەڵ ئەوەش هەموویان بۆ منداڵانیش بەکاردێن ( ڕۆدینکۆ، ١٩٩٩: ٣).

ئەفسانەی نەتەوە جیاوازەکان لێکدەچن، زۆرجار ئەفسانەیەک لە نێوان چەند وڵاتدا هاوبەشە، ڕەنگە بەبێ ناوبردنی وڵاتێک، وڵاتی خاوەن ئەفسانە باش نەناسرێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەیە قسەی دڵی نەتەوە جیاوازەکان یەک قسەیە و ئاوات و هیواو خۆزگەکانیش هەروەکو یەک وایە. ئەرک و بەرپرسیارێتی ئێمە گردوگۆکردنی ئەو ئەفسانانەیە وا کۆنەکراونەتەوە، بڵاوکردنەوەیانە کەڵک وەرگرتن لەم ئەفسانانە بۆ داڕشتنی هەقایەتی نووسەر و پاراستنی ئەم سامانەیە لە فەوتان، لێرەشدا درود و سڵاومان بۆ گیانی پاکی مەلا مەحموودی بایەزیدی و ئەحمەدی خانی و هەریری و بەردەستنای فەقێ تەیران تد... ( فەلاح، ٢٠٢٠: ٤٤١).

**دووەم: هەقایەت، سەرگوزەشتە**

چیرۆک یان هەقایەت، هەقایەت یان نەقڵ، بەشێکی گەورەیە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، کەرەسەی ئەفسانە لە خەیاڵ و پڕوپووچەوە وەرگیراوە، بەڵام کەرەسەی چیرۆک لە ژیانەوە وەردەگیرێت، کە بریتیین لە گیانلەبەر و یان مەل و باڵندەیە وبەشی گەورەی کەرەسەکەشی ئادەمیزاد خۆیەتی، هەقایەت وەک ئەفسانە دەماودەم و پشتاوپشت دەگێڕێدرێتەوە هەندێک هەقایەت باسی ڕووداوێکی مێژوو دەگێڕنەوە کە لە لای میللەت و لە یادیدا پەیکەرێکی جێهێشتووە، ئەم جۆرە هەقایەت خەیاڵی ئەفسانەی لەگەڵدا تێکەڵ دەکرێت، ئەو هەقایەتانەی کە دەربارەی گیانلەبەری ترن ئەوە یان دەربڕینی خەیاڵ و بیرکردنەوەی گەلن یان سیمبول(نیشانە) و ڕەمزن. بۆ نموونە شێر- وێنەی پادشایە، زۆر کاتیش هەر دڕندەیە وسروشتی جانەوەرانەی خۆی تێکنادات، ڕێوی، وەزیر یان دەست و پێوەندی فێڵباز و مەراییکەرەوە هەمیشە ڕێگای خراپەی نیشانی گەورەکەی دەدات.

ئەم هەقایەتانەش لە ئەدەبیاتی جیهاندا، تەنانەت لە ئەدەبیاتی ڕیالیزمی (واقیعی) شدا دەبینرێن.. ئەم چیرۆکانە لە بەرگی ئەمڕۆیاندا پەرەپێدانێکی وێنەی جانەوەر و ئاژەڵ و باڵندەکەی ئەدەبی فۆلکلۆری گەلە نموونەی (دوانزە سوارەی مەریوان، مەحمود ئاغای سێوەکەل و شەریف هەمەوەندی) پیرەمێردن، کە وێنەی فۆلکلۆر و ناو خەڵکی ئەم سەرگوزەشتانەی هێناوە و خامەی هونەری خۆی بۆ خستوونەتەکار ( ڕەسوڵ، ١٩٧٠: ١٨).

هەقایەت وەک دیاردەیەکی مرۆڤایەتی، چالاکیەک بووە و وا پێویستی کردووە کە سەرهەڵبدات و پەرەبسێنێت، هەر لەبوونی مرۆڤەوە لەسەر ڕووی زەوی کە لەبارەی خۆی و بوونیەوە لەبارەی بنەچەو ئاواتەکانی خۆشی و ناخۆشی و ژان وخەونەکانیەوە چیرۆکی داناوە (ڕەشید، ٢٠٢١: ١٦٠).

خوێندنەوەی هەقایەت بایەخێکی زۆری هەیە و وەکو خواردن وایە بۆ مرۆڤ، بەڵکو بایەخیشی زیاتریشە، چونکە خواردن بە زیندوێتی دەمانهێڵێتەوە بەڵام هەقایەت مانایەکی ڕاستەقینە دەداتە ژیانمان. هەقایەت کاریگەری زۆری لەسەر دەروونی خەڵک هەیە، چونکە ئەوەی لێی غافڵ بوونە نیشانیان دەدات یان هەواڵی قەومێکیان یان کەسێکیان بۆ دەگێڕێتەوە و دەرسی لێوەردەگرن و بێ ئامۆژگاری ڕاستەوخۆ، چونکە زۆرینەی خەڵک لە ئامۆژگاری ڕاستەوخۆ دوور دەکەونەوە، بۆیە چیرۆک لە ڕابردوو و ئێستاکەشدا دەروازەیەکی سروشتییە کە خاوەن پەیامە ئاسمانییەکان و هیدایەتخوازەکان و سەرکردەکان بەرەو خەڵک هزر و دڵیان لێیەوە دێنە ژورەوە تا ئەوەی هەیانە لە ڕاو بیروباوەڕ و کردەوەکانیان بەهۆیەوە ڕایبگەیەنن ( ڕەشید، ٢٠٢١: ١٧٠).

هەقایەت فۆڕمێکی گێڕانەوەییە، ئەو بەسەرهات و ڕووداوانە دەگێڕێتەوە، کە ڕاستەقینەن، یان ڕووداوە ڕاستەقینەکە لەبیری هەقایەتخوانەکە بەسوود وەرگرتن لە خەیاڵەوە بە پێچەوانەوە بەرهەمی هێناوە، ڕەگەزە ئەدەبییەکانی وەکو سۆز و خەیاڵ و بیر دەور و جوان دەبینن لە داڕشتنەوەی مەبەستی چێژبەخشین و واتا گەیاندنە بە خەڵکی (عەبدوڵا، ٢٠١٤: ب٣ ل٢٧٩).

عەلائەددین سەجادیش لە کتێبەکەیدا (مێژووی ئەدەبی کوردی) سەربارەت بە هەقایەت دەڵێت: کورد لە هەقایەت و ئەفسانەی کۆندا زۆر دەوڵەمەندە بەڵام کۆنەکراوەتەوە و نەنوسراوە هەرشتێک هەبووە هەر دەماودەم گێڕدراوەتەوە و خۆیشی ئەوەندە بە تەنگیەوە نەبووە کە نەکاتە کارێک تیا بچێت و شتە بەنرخەکانی بمرێت. لەهەر ناوچەیەک لەنێوچەکانی کوردەواری بەهەزاران هەقایەتی وای تیایە کە هەمووی پڕیەتی لەداستانی ڕابووردوان و لە چۆنیەتی ژیان و کۆمەڵایەتییان و پڕیەتی لەپەند و ئامۆژگاری. هەقایەتەکانی جیهان نزیکییەکی تەواویان لەگەڵ یەکدا هەیە، لەمپەری ڕۆژهەڵاتەوە کە بەلانکە هەقایەت و ئەفسانە و خورافە دادەنرێت، تا ئەوپەڕی ڕۆژئاوا، هەقایەتی هەموو نەتەوەکان لەبارەی مرۆڤ و خەیاڵ و کۆشش و وێنای مرۆڤەوەن. مادام مرۆڤەکان لەڕووی مرۆڤبوونەوە هاوشێوەی یەکن، ئەوا خواست و مەیل و خەون و ئەندێشەکانیان لەیەک دەچێت. بۆیە ئاساییە لەدەمی خوێندنەوە یان بیستنی هەقایەتی هەریەک لەنەتەوەکانی تر هەست بە نزیکی و لەبەردڵانی هەقایەتەکان بکەین، ئەم هەقایەتانە بەرهەمی ئەزموونی ژیان و ڕەنج و خۆشییەکانی نەوەی مرۆڤایەتیین، ساڵانێکی زۆر گێڕدراوەتەوە و دەماودەم لەنەوەیەکەوە  بە میرات بۆ نەوەکانی دیکە ماونەتەوە و بوونەتە کولتوورێکی زارەکی، پاشان لەسەردەمێکی دیاریکراودا پەی بە گرنگیان براوە و نووسراوەتەوە (کەسنەزانی، ٢٠٢٢: ١٠٤).

هەقایەتیش دەکرێت بە چەند جۆرێکەوە:

**- هەقایەتی خورافی/ پەرییان**

هەقایەتی خورافی؛ کە بەهەقایەتی دێو و درنج و هەقایەتی جادوویی و ئەفسانەییش {ئەفسانەیی بەمانای خەیاڵ و ناڕاستی و ئەندێشەییە} دەناسرێت. ئەم جۆرەی هەقایەت لەبارەی پاڵەوانێکەوەیە کە بەهۆیەک لە هۆیەکان لەباری ژیانی ئاسایی خۆیدا دەست بە گەشتێک بۆ بەدەستهێنانی شتێک، بەڵام ئەو شتە لەمیانەی سەفەرێکی درێژدا بەشتی ترەوە پەیوەست دەبێتەوە، وەک ئەڵقەی زنجیرێک یەکبەیەکی ڕووداوەکان لەگەڵ یەک تێهەڵکێش دەبن. بۆ بەجێهێنانی مەرجەکەشی تووشی مەرجی تر دەبێت بەوجۆرە هەقایەت درێژ دەبێتەوە بەڵام پاڵەوان بەزرنگیی خۆی و یارمەتیی هێزە بانمرۆییەکان و ئاژەڵ و مرۆڤی باش بەخواستەکەی دەگات. لە میانەشیدا دێو، ئەژدیها، پیرەژنی بەدفەڕ و بەدکاری ناحەز بەسزای خۆیان دەگەن، ئەم هەقایەتانە بەشێکی زۆریان ئاوێتەی چیرۆکێکی ئەویندارییی شازادەکانە، لەگەڵ یەکدی کەبەهۆی خەونەوە یەک دەبینن، یان وێنەیەکی کێشراویان بەرچاو دەکەوێت، یانیش ئامۆزان و لەمنداڵییەوە دڵبەری یەکن، بەڵام بۆ بەیەکگەشتنیان ڕێگرییان لێ دەکرێت، دواجار لەم جۆرەی هەقایەتدا بەیەک دەگەن و هەمووشت بەخۆشی و کۆتایی دڵشادکەرانە تەواو دەبێت (کەسنەزانی، ٢٠٢٢: ١٠٤).

**-هەقایەتی کۆمەڵایەتی**

هەقایەتی کۆمەڵایەتی زیاتر دەشێت ناوی بەسەرهاتی لێبنرێت، نموونەیان لە "ڕشتەی مرواری"، خەرمان لۆغە" و " مەملەکەتی ماسی " دا زۆرە. لەڕووی قەبارەوە بەگشتی مامناوەندی یان کورتن، کارەکتەری کەمی تێدا بەشدارە. ئەوانەشی هەن یاخود بە سیفەت و ناوی گشتی باسدەکرێن، یان کەسایەتیی دیاری ناو کۆمەڵی کوردین و لەنێوچە جیاوازەکاندا ژیاون.

**-هەقایەتی پەندئامێز**

ئەم جۆرەی گێڕانەوە، پەیوەندی بە ئەزموونی ژیانەوە هەیە. بەسەرهاتی دانایان و کەسانی خاوەن حیکمەتن. زۆرجار بەزاری کەسانی نموونەیی ناو مێژووەوە دەگێڕدرێنەوە. بۆ نموونە " لوقمانی حەکیم ، باڵوڵی دانا، حەزرەتی سولەیمان، عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب تد... (کەسنەزانی، ٢٠٢٢: ١٠٥).

**-هەقایەتی دینی و عیرفانی**

زۆرینەی ئەم هەقایەتانە بۆ سەردەمی پاش موسڵمانبوونی کورد دەگەڕێنەوە هەقایەتەکانی نێو ئەم پۆلێنە بەشێکی زۆری لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگیراون، کە هەقایەتی پێغەمبەران و پیاوچاکان و نەتەوە گومڕاکانن. بەشێکی تری لە ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامییەوە هاتوون، کە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات پێکەوە لە دروستکردنیدا بەشدار بوون، بەتایبەت وێڕای چوارچێوەی ئایین، هەقایەتی پیاوانی عارفی دەروێش مەشرەب و گەورە شێخانی ناوچەکە و کوردستانن، هەندێک لەم هەقایەتانە ڕاستەقینە و بەشێکی تری تێکەڵ بەڕووداوی ئەفسوناوی و ژوور مرۆیی بوون. ئەمانە بەزۆری لەشێوەی کەرامات و سرووش و موعجیزەدا دەگێڕدرێنەوە، هەڵبەت زۆرجار تێکەڵ بە هەقایەتی پەندئامێزیش دەبنەوە، گەلێک جار ئەمانە لەنێو ژیاننامەی نووسراوی کەسەکانەوە دەردەهێنرێن و تێکەڵ بە ڕەوتی هەقایەت دەبن ( کەسنەزانی، ٢٠٢٢: ١٠٦).

**سێیەم: داستان**

داستان، یاخود ((پۆیەم)) یان ((ئیپۆس))، لە ئەدەبی جیهاندا و لە مێژووی درێژی بەرەوپێشچوونی ئەم ئەدەبەدا، جێگەیەکی تایبەتی هەیە، داستان لە ئەدەبی فۆلکلۆردا گەلاندا و لە ئەدەبی نوسراویاندا، لە زۆر دیمەن و ڕووخساردا و لە ناوەڕۆکیشدا زۆر بە ناویەکداچوون و لە یەکتر دەچن ( ڕەسوڵ، ١٩٧٠: ٢٤).

دەرکەوتنی بێ هاوتای ئیلیادە و ئۆدیسا لەڕیزی شاکارەکانی داستاندا بووە، بۆیە وەکو نموونەیەک هەموو نووسەرە کلاسییەکان لاسایی بکەنەوە، تایبەتییەکانی داستان: باسکردنی ڕووداوەکانی جەنگ و شکۆمەندی بابەتەکە و ئازایەتی پاڵەوانەکەیەتی، هەروەها باسی ئەوین دەکات بەمەرجێک گەورە بێت، پاڵەوانەکانی داستان پێویستە تەنانەت هەنگاوەکانیشیان خاڵی نەبێت لە کاریگەرێتی پاڵەوانانە.

داستانەکان بریتیین لە ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆ، کە لەدێر زەمانەوە لەلایەن گێڕەوەکان بەشێوەی زارەکی گێڕدراونەتەوە بۆ گوێگرەکانیان، گێڕەوەکان ئەو کەسە زانا و زیرەک و وشیارانەی نێو کۆمەڵ بوونە، کەبەشێوەیەکی زارەکی و گوتاری دەنگی شتێکیان بۆ خەڵکی گێڕدراوەتەوە، هەر لەڕێگەی ئەوەوە پەیوەندی لەگەڵ یان بینەر یان بۆگێڕدراوە دروست بووە، ئەوە وەکو ناوەندێکی مەعریفی و وشیاری سەیرکراوە کە بۆ هێنانەدی ئەو پەیوەندییە، گێڕەرەوە بڕیاردەدات کە لەو کۆڕ و دانیشتن و مەجلیسانەدا چی بڵێت و چی نەڵێت، هەروەها چۆن بە چ ئامرازێک و چۆنانی قسەبکات، لێرەدا گێڕانەوە دێتە ئاراوە کە بریتییە لە خستنەڕووی هەربابەت و شتێک، کە هەڵیدەبژێرن و بەلایانەوە گونجاو بێت جا ئەمە دەقێک یان وێنەیەک یان نواندن یان تێکەڵەیەک بێت لەمانە، وەکو داستان و ئەفسانە و هەقایەت و.....تد

ئەم پرۆسەی گێرانەوەش لەهەموو کات و شوێنیکدا و لەنێو هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیە و هەبووە ئەمەش خاسڵەتێکی ئەدەبی فۆلکلۆرییە و هاوکاری ئەدەب دەکات بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی خەسڵەتێکی سادە و ساکار و نەرم و نیان ڕاستگۆیی و ڕاستی، وای لێدەکات کە کە بەپێی گۆڕانی کات و سەردەم خۆی لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکاندا بگونجێنێت (بەکر، ئەحمەد، ٢٠١٦: ١٥٠).

**داستانی کوردی و جۆرەکانی:**

**١-داستانی قارەمانێتی**

ئەمیش دەکرێت بەچەند بەشێکەوە یەکەمیان ئەو داستانەیە کە وێنەو دیمەنێکی خەیاڵی تێدایە با کۆڵەکەی باسەکەش ئازایی وقارەمانێتی بێت، ئەم داستانانە زۆرتر لە هەقایەتەکانی شانامەی فیردەوسی ئەچن کە لە کۆڕ و داستانی قارەمانێتی و لە کۆڕی ئەدەبی فارسیدا ناوبانگی لە سنور بەدەرە وەک ڕۆستەم و زۆراب. دووەم جۆری داستانی قارەمانێتی کوردی ئەوەیە کە تەنیا پەردەی قارەمانێتی و ئازایەتیمان دەگێڕێتەوە، زۆرجار داستانەکە دروستکراوە، بەڵام لە ئەقڵدا نەهاتووە و لەو باوەڕ و توانای ئادەمیزاد بەدەری وەک داستانەکانی شانامەی تیا نییە، زۆرجاریش قارەمانی داستان کەسانی ڕاستەقینەن، بەڵام جیاوازی ئەم جۆرە داستانە لەگەڵ داستانی مێژوویدا ئەوەیە، کە ئازایەتی لەم جۆرە داستانەدا بە مەسەلەیەکەوە بەستراوە، واتە هەر کەسێک لە کۆڕی ژیاندا بە قارەمان ناوی دەرکردبێت و ئازایەتییەکی نواندبێت ئەو ڕووداوەی ئەوئازایەتییەی لە ناو کوردەواریدا داستانەو خەڵک دەیگێڕێتەوە، ئەمە لە ناوەڕۆکدا هەستی خەڵک بەرامبەر بە ئازایەتی نیشاندەدات و ئەوە دەردەخات کە گەلی ئێمە پیاوی ئازای زۆر خۆشدەوێت، ڕەنگە ئازایەتی ناو ئەم داستانانە لە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی بەدەرنەبێت، بەڵام ئەوەیە کە لەنێو دێڕی داستانەکە خۆیدا دەبێت بە زەحمەت بۆی بگەڕێین، لەم کۆڕەدا دەتوانین ناوی دەیان داستان بنووسین: وەک بەیتی (شەریف هەمەوەندی، یەشاری چەتۆ و نەمی گۆزێ، عەزیز و تەکش تد... (ڕەسوڵ، ١٩٧٠: ٣٤).

### ٢- داستانی ئەڤین و دڵداری

داستانی دڵداری لە هەموو جیهاندا و بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا سۆزێکی تایبەت و هەستێکی قوڵ و ڕاستگۆییەکی ڕووداو هونەرمەندی تیایە، کە دەیخاتە ڕیزی گەنجینەی ئەدەبی لیریکەوە، داستانی دڵداریی کوردی لەپاڵ سۆز و هەست و خۆشەویستی و وەفاداری و ڕاستگۆییدا جۆرێک لە ئازایەتی و فیداکاری دەردەخەن، ئەم خاسیەتە وایانلێدەکات لەڕووی ڕووداوەکان خۆیان و نزیکیان لە ڕاستی قەوماوی ڕاستەقینەوە، بەڵکو لە کەسان و ڕووداوی ڕاستەقینەی مێژووەوە دەیانباتە ڕیزی داستانی مێژووییەوە؛ هەروەها ئەم داستانانە هەروەک هەموو داستانانی دڵداری جیهان و بە تایبەتی هی ڕۆژهەڵات و هەندێک ڕووخساری کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و خرۆشی دەخەنە پێشچاو و کەرەسەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیش دەدەن بە دەستەوە. نموونە (داستانی (زەمبیل فرۆش)[2] (ڕەسوڵ، ١٩٧٠: ٤٤).

### چوارەم: گۆرانی

گۆرانی فۆلکلۆری، کەرەستەیەکی هەرە بنەڕەتی مۆسیقای فۆلکلۆرییە کە بریتییە لە: ئاواز و گۆرانی، ئاوازی ئامرازەکان، ئامرازە مۆسیقاییەکان، لەتەک جۆر و ڕوخسار و ئادگار و خاسیەتەکانی، هەر بۆیەشە فۆلکلۆریست و زانا و پسپۆڕەکان چ لەڕووی بەراوردکردن و چەسپاندن و خولقاندنی زەمینەیەکی بەکەش و باش بۆی، لە نرخاندن و بایەخ پێدانی ناکەون و باشیش دەزان بەردی بناغە چ لە ژیان و شارستانیەتێکی ڕەسەن و قایم دادەڕێژن و بنیاد دەنێن (زامدار، ١٩٨٠: ٥٣). گۆرانی بریتییە لە تاقە دێڕێک یان بەیتێک هۆنراوە ، کە کۆنترین بەشی ئەدەبی فۆلکلۆرە، هەروەک بەشێکی دیاری هۆنراوەی لیریکە، ئەم هونەرە زۆر لە کۆنەوە پەیدابووە، هەرلەوکاتەوە کە هێشتا هۆشیاری گەل لە ڕادەیەکی نزم دابووە هەندێک لە زانایان لەسەر ئەوەن کە گۆرانی شوان، کۆنترین جۆری گۆرانییە، چونکە شوانێتی بەلای ئەوانەوە لە کشتوکاڵ کۆنترە. لە جیهانی ئەدەبیاتناساندا شەقڵێک کە فۆلکلۆر لە ئەدەبی وتراو یان نووسراو جیابکاتەوە، ئەوەیە کە فۆلکلۆر دیمەنی کۆمەڵەبوون چ لە دانانیدا و چ لە وێنەکانیدا دەردەبڕێت، گۆرانیە زۆرجار بە کۆمەڵ دەوترێت وتنە بۆ کۆمەڵێک خەڵک دەوترێت گێڕانەوەیە، کە ئەمیش کۆمەڵێک خەڵک پشتاوپشت بۆ یەکتری دەگێڕنەوە گەر بەکۆمەڵ شەقڵێکی تایبەتی فۆلکلۆر بێت ئەوا ئەم بە کۆمەڵیە لە گۆرانی ئیشکردندا زۆرباش دیارە، بە تایبەتی لە فۆلکلۆری کورد دا، تا ئێستا جۆرە گۆرانیەک کە مابێت و لەکاتی ئیشکردندا باوبێت گۆرانی دروێنەکردن بووە، دروێنەی

[2] داستانی زەمبیل فرۆش، بەچەندین شێواز گێڕدراوەتەوە، گوایە دەروێشێکی دەستپاک کە زەمبیل دەفرۆشێت، ڕۆژێک چاوی بەژنی پاشای شارەکەیان دەکەوێت و ئەویندار دەبێت، زەمبیل فرۆش داوای ژنی پادشا ڕەتدەکاتەوە چونکە ژن و مناڵی هەیە و پیاوێکی لەخودا ترسە، لەکۆتایی چیرۆکەکە زەمبیل فرۆش خۆی لەسەر قەڵای پاشاوە فڕێدەداتە خوارەوە کە تووشی خیانەت نەبێت، خودا نزای لێ قبوڵ دەکات و یارمەتی دەدات و جبرەئیل دەنێرێت کە نەهێڵێت بکەوێتە خوارەوە و بمرێت، بەهۆی ئەوەی کە ژنی پادشا ئیتر ڕێگە نادات زەمبیل فرۆش ژن و منداڵی ببینێت..
سەرچاوە: ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

بەکۆمەڵ، بەرامبەر بەمەش هەر لە مەیدانی ئیشکردن وشە و ئاواز و دەنگ و پارچەی زۆرتر لەگەڵ بزوتنەوەی بەش و ئەندامەکانی لەشدا یەکدەگرێت لەکاتی ئەو ئیشەدا کە گۆرانیەکەی پێوە دەوترێت لەکاتی هەندێک ئیشی گراندا، دەنگ و هاوارەکانی ئیشکردن یاریدەی لەش دەدەن و باری سوک دەکەن پاش گۆرانی ئیشکردن، ئەو گۆرانیانە دێن کە پەیوەندیان بە ڕەوشت و نەریتەوە هەیە بۆ ئەو بۆنانە دەوترێت، گۆرانیش هەیە لەزەمانێکی کۆنەوە پەیدابووە ، ئەمانە پەیوەندییان لەگەڵ یاریکردن و هەڵپەڕکێدا هەیە و بەو بۆنەیەوە دەوترێت کە گۆرانیەکەی لێوە پەیدابووە ( ڕەسوڵ، ١٩٧٠: ٥٩).

نموونە:

| | |
|---|---|
| شا لە تاقەتم، شا لە سەبری من | ئەگەر کێو بوایەم، ئەهاتم لە بن |
| ئەگەر کچ بیەوێ کوڕ بلاوێنێ | گۆزە هەڵدەگرێ و ئاو لە دوور دێنێ |
| خاڵێ ها وەبان لێو مەنجینەوە | هەورامان دێنێ بە خەجیجەوە |

فۆلکلۆر

| | |
|---|---|
| ماڵمان ماڵاوسێ، چیغمان دوولایی | حەیفە بۆ باڵات شەو بەتەنیایی |
| شێتان شێت ئەبن ئەچنە کەسنەزان | خۆ من شێتی تۆم سپڵەی پێ نەزان |

(زامدار، ٢٠٠٩: ٤٧).

لە گۆرانیدا ئەوین گرنگترین هۆی پاڵپێوەنەر بووە بۆ دروستکردنی ئەم هونەرە لەلایەن ئادەمیزادەوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە وادەبینین زۆربەی زۆریان لەسە ئەم بابەتە وتراون و لەسەرووی هەموو نەریتەکانی تری کۆمەڵایەتیەوە دانراون ( شارەزووری، ١٩٨٢: ٨).

| | |
|---|---|
| حەوت ساڵ دەروێش بووم دەف بە شانۆبووم | دڵەکەم تۆی بینی پەشیمانۆبووم |
| هەڵکە پاو پووز، بادەرکەوێ خاڵ | لەوە مەترسە دینت بێ بەتاڵ |
| یا چەم یا چیمەن، یا دۆڵی گەڵاڵ | دڵ گەیی بە دڵ نەیپرسی حەڵاڵ |

فۆلکلۆر

**پێنجەم: پەندی پێشینان و قسەی نەستەق**

لەنێو ئەدەبی فۆلکلۆری کوریدا ئەم زارەوەیە بەم شێوازانە بەکارهاتووە: ( پێشینان وتوویانە، پەندەکە دەڵێت، کورد واتەنی، پێشینان دەڵێن، قسەی پێشینان، زوو خەڵک دەیگوت، جاران وایان دەوت، کاتی خۆی دەیانوت.. تد) لێرەدا خاوەن پەند بەنادیاری دەمایەوە و تەنها مەبەستەکە دەگەیشتەجێ و پەندەکە تەنها مۆرکی ڕابردووی پێوەیە و هیچ بوونێکی کاتی ئێستا و داهاتوو پێوە نامێنێت ( نەجمەدین، ١٩٩٢: ٤٠). کەواتە پەندی پێشینان بریتیە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵک، ئەم پەندە هەمیشە لەلای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینە و لەکاری ڕەوشت و خووە، هەموو ڕاستییەک، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێک، چاک یان خراپ، هەموو گەیشتنە ئەنجامێک کە میللەت گەیشتبێتی، دەربارەی هەرچیەک بێت دەچێتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە، پیاوانی دنیادیدە بە پەندی پێشینان، لاوان نەوەی تازە فێری ڕەوشت و خوو دەکەن خراپە و کەموکوڕی پێ چاکدەکەن، لەکاتی ناخۆشی و ماتەمدا پەنا دەبەنەبەر ئەم پەندانە، پەندی واش هەیە لە وێنەی گاڵتەپێکردن و گاڵتەکردندا خەڵکی بۆ خەم ڕەواندنەوە دەیگێڕنەوە، پەندی پێشینان لەخۆیدا ئەنجامێکە کە ژیری گەل لەسەر بناغەی دنیادیدەی و تەجروبەیەکی دەوڵەمەند گەشتوویەتێ، پەندی پێشینان لە ناوەڕۆکدا لە قسەی نەستەقەوە نزیکە بەڵام هیچیان ناتوانن جێگەی ئەوی تر پڕبکەنەوە.

شێخ محەمەدی خاڵ لەبارەی پەندی پێشینانەوە لە سەرەتای چاپی یەکەمی کتێبەکەی (پەندی پێشینان)  دا دەڵێت: پەندی پێشینان وەک سەربازی نادیار  وایە، هەر وەک کۆمەڵە و گەل بیەوێت، کە هەر بەماڵی تێکڕایی خۆی بمێنێتەوە وایە، زۆرجار بەو پەندە، ڕەخنە دەگیرێت لە ناتەواوییەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ڕەوشت و خویی، بێ ئەوەی کە کەس بترسێت لە زۆردارێکی ستەمکار یان لە سەرۆکێکی دەوڵەتی، چونکە خاوەنی پەندەکە ون  و نادیارە، هەر لەبەرئەمەیە هەرکەسێک بیەوێت لە چ لایەکەوە بیەوێت ڕەخنە بگرێت. پەندی پێشینان زادەی سروشتی ئادەمییە لەبەرئەوە لەنێو هەموو گەلێکدا هەیە و بەهەموو زمانێک وتراوە زۆربەشیان لەیەکدەچن، لە هەموو شت کاریگەرترە لەدڵی کۆمەڵدا، چونکە هەر لە دەروونی خۆیانەوە هەڵقوڵاوە، لەسەر ڕوو و پەڕەی دڵیان هەڵکەندراوە، لەبەرئەوە خوێندەوار و لادێیی و شاریی و دانا و بۆرە پیاو، وەکویەک بەلایانەوە جوانە، هەمووان لەکاتی قسەکردندا بۆ بەهێزکردنی قسەکانیان دەڵێن: "وەک پێشینان وتوویانە" (خاڵ، ١٩٥٧: ٨).

پەندی پێشینان بێژەیەکی سوکەڵەو سانای سەرزمانە بۆ مەبەستی وریاکردنەوە و پێشبینی سەرنجدان وتێڕامان و ئاخاوتنی ناو کۆڕ و مەجلیس و پتەوکردنی گفتوگۆ و دەرخستنی شارەزایی قسەکەر لەسەر زمان و نەتەوە و کەلەپوور، قسەی نەستەق کەمتر مەبەست دەدات بەدەستەوە، واتە مانای زۆر ڕۆشن نییە و لە قسەکە خۆیدا دەرناکەوێت، جاری وایە زۆر کەس بەتەواوی لە مانای ناگەن، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، ڕستە وتەیەکی کورتە مانایەکی فرەوان و قوڵی تیایە پەندی پێشینان زۆرجار ڕاستە و ڕاست ئەنجامێک دەدات بەدەستەوە. وەک دەڵێت: (دنیا پێچی مێزەرێکە) یان (ژن لە گوند بێنە قوماشیش لە شار، گەر ئەمانەت کرد دووری لە گفتار) یان ئەم پەندانە یەکسەر مانا نادەن بەدەستەوە دەبێت لە قسەکە وردبیتەوە بگەیتە مەبەست وەک دەڵێت: ( زۆرن ئەوانەی بە بیر و بڕوان، ڕۆژییان بۆتە ئاردی نێو دڕوان) یان ( لە هەق مەترسە، ناهەق بەڕێوەیە). پەندی پێشینان و قسەی نەستەق بەزۆرتر قسەی گەلە و خاوەنەکەی دیار نییە ( ڕەسوڵ، ١٩٧٠: ٧٨).

زانایانی فۆلکلۆر خاسیەتی فۆلکلۆر دیاریدەکەن بەوەی شێوەی فێرکردن و پەند و ئامۆژگاری دادان و کورتبڕی و خەست و خۆڵی لە داڕشتندا و زاناکانی فۆلکلۆر هەریەکە و بەجۆرێک پێناسەی پەندی پێشینان دەکەن لەوانە: زانای ئەڵمانی فریدریش زایلەر لەبارەی قسەی پێشینانەوە دەڵێت: قسەی پێشینان چەند دەربڕینێکی ڕێکوپێک و پتەون، بەزۆری شێوەی فێرکردن و ئامۆژگارییان پێوەدیارە و خۆیان لە ڕووخسارێکی هونەریی تر لە ڕووخسار و شێوەی ئاخاوتنی ئاسایی دەنوێنن.

زانای ناوداری ڕووسی یوری سوکۆلۆف لەم بارەیەوە دەڵێت: قسەی پێشینان لە ڕستەی کورت و سووک و ئاسان پێکهاتوون، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکدا بەسەر زماندا دێن و بڕگە و وشەکانی جۆرە ڕێکی و چەشنە مۆسیقایەکی تایبەتییان هەیە، پەندی پێشینان کەرەستەیەکە بۆ ئامۆژگاری تاکەکانی کۆمەڵگە، لەمەشدا شاعیران و ئەدیبان لەهەموو کەس زیاتر سوودیان لێبینیوە و کردوویانەتە هەوێنی شێعر و هۆنراوەکانیان و هەروەک لەنێویاندا هەبووە هەر خۆی چەند دیوان و دانراوێکی سەربەخۆی خۆیەتی، نموونەی پیرەمێردی شاعیر جێی دەستی دیارە، هەریەکە لە شاعیرانی تر وەک، نالی و قانع و زێوەر و هەردی و ئەحمەد موختار و ئەسعەد مەحوی و مەحوی.. تد ئەوانیش بەش بەحاڵی خۆیان ئەسپی خۆیان لەم مەیدانەدا تاوداوە (عوسمان، ٢٠١٠: ٦ ). پەندی پێشینان و لێکچواندنە فۆلکلۆرییەکان خشڵی ڕازاندنەوەی زمانی کوردین. ئاوێتەی دەوڵەمەندی و جوانی و زیندوویی و پێشکەوتنی زمانەکەن و لە ناو جەرگی کۆمەڵەوە هەڵقوڵیون، سەرچاوەیەکی ڕوونی ڕۆشنبیری و پەروەردەکردنێکی باڵای کۆمەڵن، هەروەها ڕێنمایی مرۆڤی کورد دەکەن و هانی گرتنی ڕێگە و خووی جوان و بەرز و چاک

دەدەن، جاری وا هەیە ڕای خۆت بەرانبەر بە بە لێکچواندێک دەردەبڕیت تا قسەکەت بەهێزتر و خۆشتر و کاریگەرتر بێت، جوانتر و چاکتر سەرنج ڕابکێشیت و بچیتەوە دڵەوە و خۆشی بە دڵ و دەروون بدات و چاو ڕوون بکاتەوە. ( عەلی، ١٩٨٢ : ١٨ و١٩) واتای سەرەکی مەسەل یش پێکدێت لە ڕستەیەکی کورت و ڕەوان و بە ئاهەنگ، بەشێوەی تەمسیلی بۆ هێنانی بەڵگە یان ئامۆژگارییە (پارسا، ١٣٨٤: ٨).

پەندی پێشینان بەشێکە لە کولتوور و توراسی میللیمان که لە ئەزموونی تاقیکردنەوە هاتوونەتە کایەوە زۆربەیان لەلایەن خەڵکی و زانا و شارەزا ڕێکخراون و ڕەنگە هەندێکیشیان لەلایەن خەڵکی ساکاری میللەتەکەمانەوە هاتبێتە کایەوە.. هەیانە زۆر سوک و ئاسانە و بێ پێچ و پەنا و ڕەوانە، هەشیانە سەخت وقوڵ و گرانە، پێویستی بە بیرلێکردنەوە و وردبوونەوە هەیە، هەروەها دەکرێت لەیەک کاتدا چەند واتا و مەبەستێک لەخۆی دەگرێت و نابێتە خۆراکی هەموو کەسێک. پەند پوختەی ئەزموونی گەلانە و گوزارشت لەناخی ڕەوان و دەروون دەکات، نڤیشکی بیرکردنەوەیە و ئاستی هۆشیاری دەردەخات، بەکارهێنانیشی لەنێو دەقی ئەدەبیدا مانا و مەبەستی خێرا و پوخت بە دەقەکە و خوێنەرانی دەدات (عەلی، ٢٠١٢: ١٥٩). لەهەموو شاعیر و زانایانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی ئەگەر بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمە بەنرخەکانی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق جا چ بە شێعر چ بە نەسر ئەویش لە ڕۆژە دژوارەکانی ژیانیاندا بەقاچاغی ، لە خانووە تاریک و تنۆکەکاندا بەشەوی ڕەش لەبەر فتیلە و تەنانەت لەبەر ڕووناکایی جگەرەکانیان نووسیویانەتەوە و ڕایانگرتووە و لەهەر سوچ و جێگایەک هەر پەندێکی تازەشیان گوێ لێبووبێت لەگەڵ پەندەکانی تر ڕێکی خستووە و بۆی زیادکردووە، ئەمانە ڕێنپیشاندەری ئێمەن و شارستانیەت و فامی ئێمە بەو قاتابخانە پڕبایەخانە دەناسرێن، هەمبانە بۆرینەی مامۆستای هێژا و بلیمەتی کورد مامۆستا هەژار موکریانی و و فەرهەنگی مامۆستای خاڵ و بەرهەمی گیوی موکریانی و کوردستانی، زەکی بەگ و حوزنی، هەزاران گەوهەری پڕ لە هونەری کوردەواری (برشان، ١٣٨٥: ٥). ئاشکرایە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردەواری بەشێکی زۆری لە ئیدیۆم پێکهاتوون، کە لە ئیدیۆمیشدا وشەیەک یسن وشەیەک یان ڕستەیەک دوو مانا یەکێکیان مانای ڕاستەقینەی خۆی و ئەوی تریان مانای مەجازی، واتە ئیدیۆم دەبەخشێت.

زمانی کوردیش لە ئیدیۆم زۆر دەوڵەمەندە چونکە لەڕووی سروشتییەوە کوردستان وڵاتێکی جوانە و پڕدار و بار و چیا و هەڵدێرە ئەمەش بەشێک لە ئیدیۆمی دروستکردووە، میللەتەکەمان ئاژەڵی بەکارهێناوە بۆ ئیدیۆم، وەک ڕێوی واتە مرۆڤی فێڵباز، یان مەڕ نیشانەی مرۆڤی فەقیرە. ئەندامی لەشی مرۆڤی زۆرتر بەکارهێناوە، دەڵێت دەست کورت: فەقیرونەدار، چاوقایم: ئازا، دڵ

تەنگ: زیزبوو، گیا و گوڵ و شینایی وەک تەڕەماش: بێ نرخ، گوڵەبەڕۆژە: هەڵپەرست تد.. هەرشتێک بایەخی هەبووبێت لە ئیدیۆم بەکارهاتوو (کانەبی شەریف، ٢٠٠٥: ٦).

گەلی کورد لە بواریە پەندی پێشینانەوە گەلێک دەوڵەمەندە و لەم بارەیەوە ویژەیەکی بەرزی هەیە ئەم پەندانە زۆرن بەڵام بەداخەوە هەموویان کۆنەکراونەتەوە ئەوانەی کە لەم دواییەدا خەریکی کۆکردنەوەی پەندی پێشینان بوون، بریتیبوون لەم کەسانە (مامۆستا سمایل حەقی شاوەیسی کە نزیکەی ٦١٣ پەندی کۆکردووەتەوە، لە ساڵی ١٩٣٣ ی ز لە چاپی داون) و (مامۆستا مەعروف جیاوک کە نزیکەی هەزار پەندی گرد کردووەتەوە و بەناوی هەزار بێژ و پەند لە ساڵی ١٩٣٨ ی ز بەچاپی گەیاندوون) و ( مامۆستا و شاعیری گەورە پیرەمێرد ٦٤٤٨ پەندی کۆکردووەتەوە، هەریەکە بەهۆنراوەیی لە دوو ڕۆژنامەی (ژین) و (ژیان) دا بڵاوکردووەتەوە). (مامۆستا مەردووخ نزیکەی هەزار پەندی کۆکردووەتەوە و لەبەرگی دووەمی فەرهەنگە کوردییەکەی لە ساڵی ١٩٤٢ ی ز لە چاپیداوە، لە گۆڤاری (گەلاوێژ) و ( دەنگی گێتی تازە) و (دیاری کوردستان) و ( دیاری لاوانیش) نزیکەی چوار سەد پەندێک لە چاپدراوە). ئەوەندە هەیە ئەمانە لەیەکیان وەرگرتووە. ئەم پەندانە نموونەیەکی بەرزن بۆ بناغەی بەهێز و پتەوی ویژەی کوردی. (سەفی زادە، ٢٠٠٨: ٣٦). خولاسە پەندی پێشینان، پەندی هەزاران ساڵ لەمەوپێشە، کە لەکاتی تایبەتیدا هەڵقوڵاوە لە دڵی هەندێک هەڵکەوتووی بلیمەتەوە بۆ سەردەم و زمان و قەڵەمی، لەوێشەوە بڵاوبووەتەوە بەجیهانی ئەو گەلەدا، بەجۆرێک کە هەموو پەندێکی ڕۆژی هەزاران جار لە هەزار لاوە دەخوێندرێتەوە.

هەندێک لە پەندەکانی پیرەمێرد:

جاران کە نایان ئەهێشت بخوێنین، ئازابین ڕەگی یەکتر دەربێنین
چونکە خوێندەوار لێک ئەداتەوە، ئاشووب ناخاتە ناو وڵاتەوە

(ساڵحی، ١٣٩٣: ٥٧٧).

**پیرەمێرد و دیدی بۆ فۆلکلۆر:**

پیرەمێرد ناوی تەواوی تۆفیق کوڕی مەحموود ئاغای کوڕی هەمزە ئاغای مەسرەفە، لەساڵی ١٨٦٧ لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سولەیمانی هاتۆتە دونیا، لەساڵی ١٩٥٠ کۆچی دوایی کردووە. شاعیرێکی گرنگی قۆناغی وەرچەرخانە لە ئەدەبی کوردی، کەسێک بوو هەمیشە پێیەکی لەنێو فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی و سەرزاری و پێیەکی تریشی لە ئاسمانی بەرزی شێعری هونەری جوانی کوردی بووە ( عەبدوڵڵا، ٢٠١٤: ب١ ل٣٢).

پەندەکانی بەشێوەی هۆنراوەن و گەلێک باسوخواسی دنیا و زوڵم زۆرداری ڕژێم و بێبەشی میللەتی کوردی بەیان کردووە، زۆریش لەنێو باری کۆمەڵایەتی و ژیاری کورد دواوە، پەندەکانی بەسەرزاری زۆر خەڵکەوە ماونەتەوە و چێژ و سودیان لێبینیوە ( خاڵ، ٢٠١١: ١٨٩).

تایبەتمەندیەکی تری پەندی پێشینان ئەوەیە کە بەشی هەرەزۆری نەخوێندەواریش لێی حاڵی دەبن و بەکاری دەهێنن، پەندی پێشیانیش هەڵگری فرەبابەتی بووە کاتی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەندین کار و سەختی ژیان و بۆنە و ئاهەنگ و ڕێوڕەسمی کلتوری، داهاتنی پەندی پێشینان لە وەختی خۆیدا سەرچاوەکەی ئەوە بووە، کە کابرایەک کارەساتێکی دیوە، قسەیەکی بەپێی ئەو کارەساتە کردووە، قسەکەی دەماودەم چووەتەوە و بووە بەپەندی پێشینان، لەپاش ئەوە هەر شتێکی تر ڕوویدابێت کە لەگەڵ سەرچاوەی پەندەکەدا تۆزێک ئاشنایەتییان هەبێت خێرا  ئەو پەندەی بۆ ئەوترێت، لەنێو کورددا قسەکەر پەندی پێشینان بەکاردێت بۆ پشتیوانی قسەکەی، هەموو نەتەوەیەک فەرهەنگ و کەلتوری تایبەتی بەخۆی هەیە، فەرهەنگ و کەلەپووری هەر نەتەوەیەک لەچەند یەکەیەکی تایبەت کە هەندێک لەو یەکانە لەمێژووی ئەو نەتەوەیەدا ڕەگی داکوتاوە، تا سەردەمانی ئێستاش پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایی مرۆیی نەیتوانیوە لەو فەرهەنگ و کەلتوورەی جیا بکاتەوە، بەڕادەیەک بووە بە بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی تاک و کۆمەڵ کە ڕۆشنبرییەکی سەردەمی دروست کردووە. دیاریترین پێکهاتەی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری هەر نەتەوەیەک پەندی پێشینانە کە هەندێکجار ئەو پەندانە لە قسەی سەرکردەیەکی سیاسی، یان کەسایەتییەکی فیکری و ڕۆشنبیری یان شاعیرێکی ناوداری  ئەو نەتەوەیە. پەندی پێشینانی کوردیش بەڕادەیەک بەناو ڕۆشنبیری کوردیدا شۆڕبووەتەوە کە کەم کەس هەیە لەنێو کورددا هەیە پەندێکی پێشینان نەزانێت و لە باوباپیر و خزمانیەوە نەیبیستبێت.

**تایبەتمەندییەکانی ئەدەبیاتی زارەکی:**

١-ئەدەبی فۆلکلۆر خاوەنەکەی دیار نییە، کە تەماشای دەقەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر دەکەین خاوەنی ئەو دەقانە دیارنین و نازانین هی کێن کەی نووسراون، زۆربەی تێکستەکان بۆ سەردەمی پێش سەرهەڵدانی نووسین دەگەڕێتەوە، کە ئەوسا بەدەم و پشتاوپشت لێرە و لەوێ گێڕدراوەتەوە، و سروشتی ئەو تێکستانە وەهایە گێڕانەوەی جۆراوجۆری دەبێت، زۆربەشیان بەخێراییەکی زۆر بڵاودەبنەوە لە ئێستادا چونکە چارەسەری پێویستییەکی ڕۆژ دەکەن بۆیە ناوی خاوەنی ون دەبێت و دەبێتە موڵکی هەمووان.

٢- زمانی ئەدەبی فۆلکلۆر ڕوون و ئاشکرایە، ئەو بەرهەمانەی ئەدەبی فۆلکلۆر کە دەیانبیستین، یان دەیانخوێنینەوە دەبینین زمانێکی ڕوون و ئاشکرایان هەیە زۆر بەکەمی دەربڕینی قورسی تێدەکەوێت.

٣- شێوازی ئەدەبی فۆلکلۆر ڕوون و کاریگەرە، شێوازی دارشتنی ئەدەبی فۆلکلۆر ئەویش ئاسان و ڕوون و ئاشکرایە هەر ئەو شێوازی قسەکردنە، کە خەڵکی بەگشتی پێوەی دەدوێن، بەڵام پڕ لەشێوازی جۆراوجۆرە لەوانە شێوازەکانی (خوازە و لێکچواندن و خواستن و کینایەت و، شێوازی ناڕاستەوخۆ، هەواڵی و پرسیاری و خۆزی).

( خوازە و لێکچواندن و خواستن و کینایەت و، شێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، هەواڵی و پرسیاری و خۆزی).

٤- بەرهەمەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر لە فۆڕمی جۆراوجۆرن، وەکو: ئەفسانە، هەقایەت، پەندی پێشینان، مەتەڵ، نوکتە تد...

٥- ئەدەبی فۆلکلۆر لە ئاستی هونەری ئەدەبی نووسراو نزمترە ،لە ئاستی هونەریدا بەرهەمەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر نزمترین بەرهەمەکانی ئەدەبی نووسراو چ کلاسیک بێت یان نوێ.

٦- ئەدەبی فۆلکلۆر داهێنانە بۆ شیعری کلاسیک و نوێ، ئەگەر تەماشای تێکستەکانی ئەدەبی کۆن و نوێ بکەین، دەبینین زۆرجار ئەدەبیاتی نووسراوی هونەری لەبەشی کلاسیک و نوێیەکەشی، هاتوونە سوودیان لە تێکستە فۆلکلۆرییەکان وەرگرتووە.

٧- ئاستی بیری دەقی فۆلکلۆری بەرزە، لە ئاستی بیریدا تێکستەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر خاوەن بیری بەرزن و گرنگترین لەزۆرێک لە بەرهەمەکانی ئەدەبی مۆدێرنە، لە دەقەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری هەقایەت و پەند و نوکتە و گەلێک ئەفسانە و قسەی خۆشی سودبەخش و کاریگەر هاتوونە و بیری بەهێز پێشکەش دەکەن.

٨- هەموو ڕەگەزە ئەدەبییەکان لەنێو ئەدەبی ئەدەبی فۆلکلۆری بوونیان هەیە، هەریەکە لە دەقەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین پڕاوپڕە لە ڕەگەزەکانی ئەدەب، ئەو ڕەگەزانەی خاڵی جیاکەرەوەنە لەنێوان ئەدەب و مێژوو.. ئەدەب و واقیع.. ئەدەب و هەموو شتێکی دیکەی جیا لە ئەدەب، ڕەگەزەکانی ئەدەب بەهەموو جۆرەکانیەوە ( بیرۆکە، سۆز، خەیاڵ، وێنە، وشە و دەربڕین).

٩- دەقە فۆلكلۆرييەكان هەوێنن بۆ بەرهەمە نوێیەكان، هیچ شتێكی نوێ لە خۆییەوە دروست نابێ و هەمووی هەر لە هەناوی دەقانی دیكە بەرهەمهاتووە ئەدەبی فۆلكلۆریش بەو پایەی هەیەتی بووەتە هەوێنی زۆرێكی بەرهەمە كۆن و نوێیەكان.

١٠- ئەدەبی فۆلكلۆر لە ئاستی ئەدەبی گەورەی جیهانە، كە تەماشای قسە و تێگەشتنەكانی ئەدەبە گەورەكانی جیهانی دەكەین دەبینین گەورە و بیرمەندان هەر ئەوەیان گوتووە، كە ئەدەبی فۆلكلۆر زووتر گوتوویەتی. بۆ نموونە ئەدەبیاتی فۆلكلۆر گوتوویەتی: ئینسان دەبێت خۆی بناسێت " سوكرات "ی فەیلەسوفی یۆنانیش گوتوویەتی: خۆت خۆت بناسە. ئەدەبیاتی فۆلكلۆر گوتوویەتی: كاریتەی لەچاوی خۆی نابینێ، پوشكەی لە چاوی خەڵكی دەبینی "جبران خەلیل جبران" یش گوتوویەتی: خراپترین عەیبمان گرنگیدانمانە بە عەیبەی خەڵكی دی.

١١- دەقەكانی ئەدەبی فۆلكلۆری دەقی مرۆییینە، لە ئەزموون و بیری تێكۆشانی مرۆڤەوە، و لە سوود وەرگرتن لە ئایین و بەرهەمیان هێناوە، بەرژەوەندییەكانی مرۆڤەكان دەپارێزن، گوزارشت لە قۆناغەكانی ژیانی مرۆڤایەتی و بەها باڵاكانی ژیان و ژیاری سەركەوتوو لەخۆ دەگرن.

١٢- دەقەكانی ئەدەدبی فۆلكلۆری هەمیشە خۆیان نوێ دەكەنەوە،بەپێی شوێن و سەردەم و دەشێ بیر و ڕەگەزەكانی ناویان گۆڕانی بەسەردابێت، ئەویش چونكە ئەقڵیەتی كات و شوێنەكان لەیەكتری جیایە، هۆیەكانی گۆڕانی واقیع و قۆناغەكانی ژیان و هۆكارەكانی ژیان و پێشكەوتن و تەكنەلۆژیا و نوێبوونەوەی بیر و تێڕوانینەكان و تێكەڵاوی ژیاری، گۆڕانی تەندروستی خەڵكی كە لەكۆندا نەخۆشی كەمبووە خەڵك لاواز بووە، تا وابووە كە یەكێك نانی بخواردایە، دایكی پێیدەگوت بخۆ ڕۆڵە ڕەببی گۆشتی پێبگریت، ئەمێستا بەپێچەوانەوە.

١٣- دەقەكانی ئەدەبی فۆلكلۆری ناسنامەی نێو نەتەوەییان هەیە، واتە خاوەنی ئەو دەقە مرۆڤایەتییە بەشێوەكی گشتی، جا ئەگەرچی بەیەك شێوەش نەبن، بەڵام لەڕووی واتا و پەیامەوە زۆربەی دەقەكانی فۆلكلۆر لەلای زۆربەی نەتەوەكانەوە هەیە و پەیام دەگەیەنن هەرچەندە لە دەربڕینیشدا جیاوازبن.

دەقە نەتەوەییەكانی فۆلكلۆر گرنگە چونكە دەقی هەر نەتەوەیەك ئەقڵیەتی ئەو نەتەوەیە نیشاندەدات، بۆ نموونە: كورد دەڵێت (هەموو سمێڵ سوورێك هەمزە ئاغا نییە).

ئینگلیز دەڵێت: (هەموو زەردێک زێڕ نییە) گەر سەرنج بدەین دەقی هەر نەتەوەیەک پەیوەستە بە ناوی شوێن و ناوی ڕووبار و ناوی ئە شتانەی کە هی ژینگە و نەتەوەکەی خۆین (عەبدوڵا، ٢٠١٤: ب١ ل ٣٦- ٦٤).

هۆیەکانی هاوشێوەی دەقە فۆلکلۆرییەکانی هەر نەتەوەیەکیش و بوونی یەک ئاراستەی و مەبەستی دیار کە ڕێنوێنی کردنی مرۆڤ و گەشەسەندیەتی، یان چێژ وەرگرتن و لاسایی کردنەوەی دابونەریت و هێشتنەوەیەتی لە ئەدەبی میللەت و جیهانیاندا، هۆی ئەو هاوشێوەییەش ڕاستی ژیانی وەکویەکە، ئادەمیزاد هەمووان وەک یەک دێنە دونیاوە و وەکو یەک دەخۆن و دەخەون و زاوزێ دەکەن و جلوبەرگ دەپۆشن و دڵخۆش و دڵتەنگ و نەخۆشیش دەکەون.... تد کەواتە بەنی ئادەم لە زۆر ڕووەوە پێداویستییەکانی و بەرژەوەندییەکانی یەک دەگرێتەوە، هەربۆیە ئەدەبی فۆلکلۆریش دواجار هەموو خاوەنەکەی کە گەلە، دەکرێت وەک یەکیان لێبێت واتە دەکرێت دوو ئەدەب هاوشێوەی یەک بن چ لەبەرژەوەندیدا بێت یان ناساندنی ئەدەبەکەیان و بەبەهابوونی. ئەدەبی فۆلکلۆریش گرنگە بۆ پارێزگاریکردن لە قەوارەی مەعنەوی کۆمەڵگا و پاراستنی بیروباوەڕ و عورف عادەت و خووڕەوشتی جوانی باپیران، زۆرجاریش هەقایەتە فۆلکلۆرییەکان بۆ چێژوەرگرتن و ڕابواردنە، کە ئەمە خواستێکی زۆری پێویستی کاروباری ڕۆژانەی خەڵکی لەسەرە. سەرەڕای ئەمانە لە ئەدەبی فۆلکلۆردا دەکرێت دەق هەبێت وابکات خەڵک بەدواکەوتوویی بمێننەوە بۆ نموونە:(گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە) ئەم دەقە کە پەندێکە بەواتای ئەوەی مرۆڤ بنەچەی چۆن بوو نەوەکەشی وادەبێت، لەکاتێکدا ئەمە زۆر وانییە مرۆڤ ئاوێنەی باوباپیرانی ڕابردووی نییە هەمووکات، ئەم جۆرە دەقانە زۆر نامێننەوە. یان دەڵێت ( چوویتە شاری کوێران دەست بە چاوتەوە بگرە) مرۆڤ ناتوانێت وەکو دەوروبەرەکەی بێت و خەڵک چۆن بوو ئەویش وابێت بەپێچەوانەوە ئەو دەقانەی مانا و ئەقڵیەتی جوان پێشکەشدەکەن وادەکەن خەڵک بزانێت چۆن ڕێگەی ڕاست بگرێتەبەر و لە دونیا بگات و، هەندێک دەقیش هەیە  ئاسایی لەگەڵ کەسانێک بەهۆی پێویستی ڕۆحی و فیکریی و ژیارییەکانی کۆمەڵگا پڕدەکەنەوە بە نەمانیان بۆشایی دروست دەبێت. نموونە: (سوار تا نەگلێ نابێ بەسوار) بەمانای مرۆڤ تا تووشی شکست و دووچاری گرفت نەبێت ناتوانێت سەرکەوتووبێت.

دەقە زارەکییەکان پێچەوانەی بەرهەمە نووسراوەکان کەبەرهەمی داهێنانی فیکر و زەینی تاکێکی دیاریکراون، دانەر و نووسەرێکی دیار و تایبەتیان نییە هیچکام لە هەقایەتە زارەکییەکان کە لای خەڵکی ئێمە، تەنانەت ئەو ڕاز و سەربوردە و هەقایەتە کوردییانەش کە فۆرم قەوارە و چۆنیەتی دارشتنیان دروستە، خاوەنی دانەر و نووسەرێکی دیارنین، لە کۆتایی هەر دەقێکدا دەبێت ناوی

کۆکەرەوە، گێڕەرەوە، یان سەرچاوەی دەرهێنراو دەنوسرێت، نەک هۆنەر و نووسەرێکی دیاریکراو بۆ وێنە لەسەرەتای هەر هەقایەت و ڕاز و سەربوردەیەکی زارەکیدا چ لەکاتی گێڕانەوەدا، یان لەکاتی خوێندنەوە و نووسینیشدا ئەم ڕستە و دەستەواژانە بەکاردەهێنرێت: (دەگێڕنەوە، واهاتووە، وایان گێڕاوەتەوە، واباسە، وتوویانە، دەڵێن، وام بیستووە، دەڵێن کە، هەبوو نەبوو..تد ) زۆری و بەرفرەوانیی گێڕەرەوە و جەماوەری بوونی ئەدەبیاتی زارەکیی دۆخێکی وای خولقاندووە کە زۆرێک لەدەقەکان لێڵ و ئاڵۆز و خاوەنی چەندین گێڕانەوە بن. هیچ دەقێک لەخۆڕا نایەتە بەرهەم ئیلا ڕووداوێک، ئەفسانەیەک، شادی و خەم و سەربوردەیەکی لەپێشەوە نەبێت و بێگومان لەلایەن کەسێتیەکەوە دانراوە بەڵام هەتا ئێستا ڕوون نەبوونەتەوە کە ئەو کەسانە کێن و بێ ناونیشان ماونەتەوە لەوەها دەقێگەلێکدا بەو هۆیەی چەندین سەدە لەدوای یەک لەنێو خەڵک و لەنێوچەی جۆراوجۆر گێڕدراونەتەوە، گۆڕان و کەمی و زۆری بەرفرەوانیان تێدا بەدیهاتووە و هەم لەباری فۆڕم و ناوەڕۆکەوە دەستێوەردانی جێی سەرنجدانی تێداکراوە، دەقە زارەکییەکان لەماوەی سەدان ساڵدا سینگ بە سینگ و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوێزراونەتەوە.

لەهەر قۆناغ و سەردەمێکدا بەپێی بارودۆخ و شتەکان، بڕگە و بەشگەلێکیان لێ کەمکراوەتەوە یان پێیان زیادکراوە، ئەدەبی زارەکی بەردەوام لەحاڵی گۆڕان و فۆڕم گۆڕیندا بوون و لەگەڵ چاخەکان گونجێنراون، ئەو بەشانەی کە لەگەڵ ڕۆحی زەمانەدا هاتوونەتەوە لەبەرکراون و ماونەتەوە و ئەو بەشانەش کە نەدەگونجان و ناتەبابوون، لەنێوچوون و لەبیرکراون، گێڕانەوەی هەر دەورە و قۆناغێک دەربری ڕۆح و ماریفەت و ویژدانی گشتی هەمان چاخ و سەردەم بووە، دەکرێت ئەم بابەتە بەم چەشنە باسبکرێت کە هەقایەتخوان و گێڕەرەوەکان بەو هۆیەی کە هەقایەت، بەیت و ڕازی سەربوردە و ئەفسانەی زۆریان لە زەین ڕاگرتووە، زۆرجار لەبیریان چووەتەوە، تێکەڵیان کردوون یان بەپێی بارودۆخی تایبەت و لەکاتی گێڕانەوەی هەقایەتەکاندا بڕگەگەلێکیان پێ زیاد کردوون، یان لێیان پەڕاندوون کە بەپێی تێگەیشتنی خۆیان وایان پێ باش بووە کە لەگەڵ زەمانە و ئەو دۆخەدا دەگونجێت (فەلاح، ٢٠٢٠: ٤٥٨). توێژینەوەی ئێستای وێژە و ئەدەبی پێشکەوتووی جیهان، سەلماندوویەتی کە لەڕێبازی پڕ هەڵسوکەوتی ناسین و توێژینەوەی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵایەتی هەر نەتەوەیەک، ئەدەبی فۆلکلۆر وەک ناسنامەی ئەم نەتەوەیە دەورێکی کاریگەری هەیە، لە بەجێگەیاندنی ئەم مەبەستەدا.

**جۆری گواستنەوە و هۆیەکانی جیاواز گێڕانەوە:**

پێچەوانەی ئەدەبی نووسراو، بیچم و فۆڕمی ئەدەبیاتی زارەکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە ڕێگای زارییەوە بەو چەشنەی کە باوە، واتە سینگ بە سینگ ئەنجام دەدرێت، چ ئەفسانە، چ هەقایەت، پەند، مەتەڵ یان چیرۆکی درێژبێت، فۆلکلۆرناسان و شارەزایانی ئەدەبی زارەکی لەو باوەڕەدان هۆی جیاوازی لە گواستنەوەی هەر هەقایەت و دەقێکدا هەر هەقایەتخوان و بەیتبێژێک بەپێی مەیل و سەلیقەی خۆی و بەو چەشنەی کە لە مامۆستاکەیەوە فێربووە، هەندێک بڕگە و دەستەواژەی لێ کەم یان زیاد کردووە بۆ ڕازاندنەوەی ڕەوتی داستانەکە دەستی داوەتە گێڕانەوە یان نووسینەوەی دەقێکی تازە، کەوایە دەق لەنەوەیەکی دیکەدا هەندێک ئاڵوگۆڕی بەسەردادێت و بەم بۆنەوە یەک دەق چەند گێڕانەوەی جیاواز و جیا لەیەکتری هەیە، جیاوازی گێڕانەوە لەدەقە زارەکییەکاندا بەستراوەتەوە بەچەند هۆی وەک ڕەگەز، تەمەن، کاروپیشەی گێڕەوە، بەردەنگ و گوێگران و ئەم شوێن و زەمەنەی کە دەقەکەی تێدا دەگێڕدرێتەوە هەرکام لەو هۆیانە کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر هەر گێڕانەوەیەک دادەنێت، بۆ وێنە لەو مەجلیس و دیوەخانانەی کە منداڵ و مێرد منالّی تێدابووبێت، گێڕەرەوە لە بەکارهێنانی و وشەگەلی پەتی لەنێو دەقەکە خۆدەبوێرێت هەقایەتی دلّداری (ئیرۆتیک) ەکان لەلایەن پیاوانەوە بۆ بەردەنگی پیاو و لەلایەن ژنانەوە بۆ بەردەنگانی ژن دەگێڕدرێتەوە.

تەمەنی هەقایەتخوان و گێڕەرەوە، لەڕەوتی گێڕانەوەدا کاریگەری بەرچاوی لەسەر بەردەنگ و جێگیربوونی لەنێو کۆمەڵدا دەبێت، بۆ وێنە ئەگەر هەقایەتێک تەنانەت لەنێویەک بنەماڵەدا کە سێ نەوەی تێدایە، واتە باپیر کە هەشتا ساڵیەتی و کوڕەکەی کە زیاتر لەپەنجا ساڵە و نەتیجەی ئەو دوو کەسەش کە زیاتر تەمەنی سی ساڵە بەجیا بگێڕدرێتەوە، بەپێی ئەزموون دەردەکەوێت کە جیاوازی لە گێڕانەوەی هەرسێکیاندا هەیە و ئەوەی باپیر لەهەموویان ڕەسەنتر و جێگیرترە، چونکە لێکدانەوەکان، وەسفەکان، ئەو وشە و دەستەواژانەی کە هەرکام لەو گێڕەوانە کە هەرکامەیان سەر بە نەوەیەکی کۆمەڵن، پێکەوە جیاوازترە تەکنیک و شارەزایی و چۆنیەتی گێڕانەوەی بەیت، هەقایەت و ڕاز و سەربوردەکان، لەحن و سۆز و ئاواز و سیما و ڕووخسار و ئەو حەرەکەتانە و تەنانەت گۆڕینی دەنگ بۆ هەر کاراکتەرێکی داستانەکە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بەردەنگ و گواستنەوەی دەقەکان هەیە، ئەمانە ئەو هونەرانەن کە هەقایەتخوان دەبێت ڕەچاوی بکەن ( فەلاح، ٢٠٢٠: ٤٦٠).

یەکێکی تر لەهۆیەکانی گێڕانەوەی جاران، باوەشی داپیرە و باپیرەیە کە ڕەنگە زۆربەمان لەقۆناغی منداڵیدا، ناز و چاودێری داپیرە و باپیرەمان بەرکەوتبێت و هەقایەتی خۆش و سەیروسەمەریان بۆ گێڕاوینەتەوە بەتایبەتیش پێش ئەوەی ئەم هەموو دەزگای ڕاگەیاندنە پێشکەوتووانە و ئەم هەموو یارییەی منداڵان بەشێوەیەکی بەرچاو لەنێو منداڵاندا بڵاوببێتەوە

سەرەڕای ئەمەش، خێزانی سەردەمانی پێشوو، زیاتر لەنێوچەیەک دەژیان بەڵام خێزانی سەردەمی ئێستا زۆربەیان هەر زوو لێکجوودا دەبنەوە و بەم هۆیەشەوە منداڵان لەباوەشی باپیرە و داپیرە بەدوور دەکەونەوە (عەلی، ٢٠١٢: ٩٢).

**سەرچاوە و هەوێنی دەقە زارەکی و فۆلکلۆرییەکان**

ئەدەب وەک ژانرێکی جێگیری کۆمەڵایەتی هیچکاتێک لەسنور و ناوچەیەکی دیاریکراودا قەتیس نەماوە سنورە دەستکردەکان و بیاڤە جوگرافیاییە جیاجیاکان نەیانتوانیوە پێش بە پەرەسەندنی بگرن، بەتایبەت لەکاتی کار و بازاڕ و سەفەردا لەگەڵ خۆی گێڕاویە و بەکاری هێناوە و هاوکات دابونەریتی فۆلکلۆری ناوچەیەکی تریش فێربووە، لەڕابردوودا وەکو ئەمڕۆ وڵات و ناوچەکان سنور بەندی نەکرابوون و هەرپێ جیا جیا نەبووە و دیاردەیەک بەناو کۆچ و ڕەوەند و فەرهەنگ و ژیانی لادێ و هاتووچۆ بۆ ناوچەی جیاجیا بۆتەهۆی بەربڵاوی ئەدەبی زارەکی و گواستنەوەی بۆ ناوچەیەکی بەربڵاوتر، هەربۆیە دەزانین جوگرافیا نەیتوانیوە پێش بە پەرەسەندنی ئەدەبی فۆلکلۆر بگرێت. بۆ نموونە: هەقایەت، ئەفسانە، پەند، مەتەڵ، هەقایەت ڕاز و مەسەڵی وا هەیە نە تەنیا لەنێو یەک و نەتەوەی هاوبەش و لەنێوچە و شارە جیاوازەکانی وەک یەکن، تەنانەت لەنێو نەتەوەکانی دیکەش بەهەندێک جیاوازەوە هەمان ئەو دەقانە هەن، کەوایە ناوچەیەکی تایبەتی جوگرافیایی بەتەنیا ناتوانێت سەرچاوە و هەوێنی ئەدەبی زارەکی بێت، فۆلکلۆرناسان لەو باوەڕەدان سەرچاوەی ئەفسانە و هەقایەتەکان و ئەدەبیاتی زارەکی لە بیاڤی جوگرافیایی و شارستانیەتێک دایە، یان هەندێکجار لەنێو سنوری نەتەوەیی یەک وڵاتدان (فەلاح، ٢٠٢٠: ٤٦١).

نەخشی بێژەران و ئەفسانە بەپێی تێگەشتن و زەوق و بڕستی خۆیان هەقایەتەکان دەگێڕنەوە، جارجارەش هەندێک وشە و ڕستەی لێ زیاد دەکەن یان بەشێکی لێ کەمدەکەن، هەربۆیە ڕاوێژ و گفتوگۆی هەر پێوەرێک شێوە و شێوەزاری خۆی هەیە و تا ڕادەیەک جیاوازییان پێکەوە هەیە (سەلیمی، ٢٠١٣: ٤٧).

**لەبارەی ئەدەبیاتی میللییەوە**

ئەدەبیاتی میللی ئەو ئەدەبەیە، کە بەشێوەیەکی ئاسان ئامادەکراو لە تێگەشتنی زۆرینەی خەڵکی نزیکە، سەرزاری بێ یان نووسراو، خاوەنەکەی و ڕۆژگارەکەی دیارە بە فۆڕمی جۆراوجۆر گوزارشت لە پێویستییکانی کۆمەڵگا دەکات و فۆڕمەکانیشی بریتیین لە ( شێعر و بەیت و چیرۆک و وتار و پەند و قسەی نەستەق و نوکتە و قسەی خۆش) جیاوازیشی لە ئەدەبییاتی فۆلکلۆر ئەوەیە کە ئەم  ئەدەبەیان خاوەنی دیارە و ئەدەبی فۆلکلۆر خاوەنەکەی دیار نییە، هەروەها

ئەدەبیاتی میللی لەیەکەم ڕۆژی داهێنانەوە  فۆرمەکانی لەلایەن خاوەنەکانیەوە نووسراون، بەڵام فۆرمەکانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر هیچیان نەنووسراون، نوسرابێتیش نە نووسینە کۆنەکە ماوە  نە ناوی خاوەنەکەشی دیارە، لەگەڵ ئەوەشدا  تێکستەکانی ئەدەبیاتی میللی ڕۆژگاریان دیارە و بەڵام ئەدەبیاتی فۆلکلۆر بەپێچەوانەوە دیار نییە کەی وتراوە یان ڕووداوەکە ڕوویداوە، جیا لەوانەی ڕووداوی مێژووییان تێدایە و بەزۆری بابەتەکانی ئەدەبیاتی میللی بەزۆری ناوچەیین بەڵام بابەتەکانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر بەزۆری گشتین. ڕووی لێکچوونیشیان لەنیوان هەردوو ئەدەبەکەدا بریتییە لەوەی هەردووکیان بەزمانی ڕوون و ئاشکرا پێشکەش دەکرێن و هەردووکیان باس و بابەتی جۆراوجۆریان هەیە و  گێڕانەوەکانیان لەتێگەشتنی خەڵک نزیکە، سەرەڕای ئەمانە هەندێکجار تێکەڵاوی ناروونی لەنێوان هەردوو ئەدەبەکەدا دروست دەبێت کە گرفت لە جیاکردنەوەی دەقێک دروست دەکات کە سەر بەکام جۆرە لەم ئەم دوو ئەدەبە (عەبدوڵڵا، ٢٠١٤: ب ١ ل ٩٣).

 ئەدەبی میللی وەکو هەموو قوتابخانە ئەدەبییەکانی تر قوتابخانەیەکی ئەدەبی سەربەخۆیە و ئاسۆیەکی بەرین و فرەوانی هەیە و گەلێک لایەنی هەمە چەشنەی ژیان دەگرێتەوە، دەتوانین بڵێین تۆمارگایەکە کارەسات و ڕووداوی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسی تۆمار دەکات و بەشێوازێکی وا دەردەبڕێت، کە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەردڵ و دەروونی مرۆڤەوە. ئەو هۆیانەی پارێزگاری بڵاوبوونەوە و بەردەوام بوونی ئەدەبی میللی دەکەن ئەمانەن:

١-بەزمانێکی ساکار و سادە و تەڕو پاراو دەنووسرێت، کە زمانی گشت کۆمەڵە و بەجۆرێک ئەوەی نیمچە خوێندەواری هەبێت لێی تێدەگات و دەچێتە نێویەوە.

٢- زمانی تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵە، کار لەدەروونی کۆمەڵ دەکات، ئاوێنەی دیوی ناوەوەی کۆمەڵە، خووڕەوشتی کۆمەڵ، ئازایەتی و قارەمانێتی کۆمەڵ، خۆش و ناخۆشی کۆمەڵ، ئێش و ئازار و نەهامەتی و ناسۆری چینی بەش خوراو دەخاتەڕوو کە لەلایەن چینی سەروو دەچەوسێندرێنەوە.

٣- بە دیالێکتی جۆربەجۆر دەنوسرێت.

٤- خۆی نابەستێتەوە بە هونەری ڕەوانێژی و دەستوری زمان و یاسای کێشی عەرووزەوە، هەڵبەت ئەمە لە شێعرا زیاترە ( مەعروف، ٢٠٠٣: ١٤).

**مەلامەشهوور و هەیاس و بەهلوولە شێت**

**وەکو سێ کەسایەتی دیاری ئەدەبیاتی میللی و سەرزاری کوردی**

**یەکەم: مەلامەشهورە:** کەسایەتییەکی قسەخۆش و هەڵوێست سەیرە، لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری میللەتاندا ئەو ناوە بە فۆرمی لەیەک جیا لەلای زۆربەی نەتەوەکان هەیە بۆ نموونە: لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەو کەسایەتییە بە (مەلامەشهورە) ناسراوە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا بە بە (جوحا) ناسراوە، خۆی ناوی (ئەبولغوسن دوجەین ئەلفەزاری) یە.. کە هاوچەرخی دەوڵەتی ئەمەوی بووە و کۆنەکانی عەرەبان دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو کەسایەتییە.

_لای بولغارییەکان ( غابرۆفۆ)یە و زۆریان خۆشدەوێت.

_ ئەرمینییەکان (ئەرتین)ە بە خاوەنی زمانی زاڵ دەناسرێت.

_ یوغسلافییەکان ( ئارۆ)یە وەکو کەسێکی گێلی خاوەن هەڵوێست و قسەی خۆشی دەناسن.

بەڵام لە ئەدەبیاتی تورکیدا جوحا ناوی (شێخ نەسرەدین خواجەی ڕۆمی یە.. کە لەشاری (قۆنییە) داو لەهاوچەرخی فەرمانڕەوای مەغۆلی بۆ وڵاتی ئەنادۆڵ ژیاوە. زۆربەی نوکتەو قسە خۆشە کۆنەکانیش نەک هەر لە ئەدەبی ئەدەبی ئەو نەتەوانە بەڵکو لە ئەدەبی جیهانیش هەر بۆ ئەو کەسایەتییە دەگەڕێنرێتەوە، مێژوونووسان و هەقایەتخوانەکان لەبارەی کەسایەتی جوحاوە لەسەر تەنیا وەسفێک بۆ ئەو کەسایەتییە ڕێک نینە، بۆ نموونە: هەندێک پێیان وایە: جوحا بووە، یانیش گێل بووە هەندێکی دیکەش گووتویانە: پیاوێک بووە زۆر ئاقڵ بووە، ئەقڵ و وشیارییەکی گەورەی هەبووە، بەڵام کە خۆی وەکو شێت، یان گێل پیشان دەدات، بۆ ئەوەیە بە ئازادییەکی تەواوە ڕەخنە لە سیاسەتمەداران و فەرمانڕەوایان بگرێت ( عەبدوڵڵا، ٢٠١٤: ب١ ل٢٤٣).

**شێعرەکەی میر**

میری شارەکە وای دادەنا کە شاعیرە، ڕۆژێکیان شێعرێکی نووسی، بۆ خواجە نەسرەدینی خوێندەوە و پێیگوت: شێعرەکەم چۆنە؟! ئایا زۆر بەلاغی نییە؟! خواجە وەڵامی دایەوە: کورە ناوەڵلا بۆنی ڕەوانبێژی چییە لێی نابێ!!

میر بەو تورە بوو، خواجەی گرت و ناردی مانگەک لەنێو تەویلە بەندی کرد، پاشی ئەو مانگە خواجەی بەرداو شێعرێکی دیکەی نووسی، ئەوجارەش بۆ خواجەی خوێندەوە، وەکو تەواو بوو، خواجە یەکسەر هەڵساو ویستی بچێتەدەر.

میر پرسی: ئەوە بۆ کوێ خواجە؟!

خواجە گوتی: دەچمەوە تەویلەی گەورەم!! (عەبدوڵڵا، ٢٠١٤: ب١ ل ٢٤٥).

## دووەم: سوڵتان مەحموودی غەزنەوی و هەیاس

### هەیاس

هەیاس ناوێکە دیار نییە لە کامە سەرچاوە هاتووە، بەڵام لەدیار نییە لەکامە سەرچاوە هاتووە، بەڵام لەم دوو ڕایانە دەرناچێ:

١-دەبێ لەیەکێ لەو ناوە فارسییانە وەرگیرابێ، (ئیباز)، یان (ئیباس)، کە بەواتای ئەو کەسەی خێری بۆ دەبێ، دێت.

٢- یانیش لە ناوی (ئەیاس) ی عەرەبییەوە هاتووە، کە بەواتای سروەی بەیان، یان شەونم و دڵۆپە خوناوەکانی سەر گەڵای ڕووەکی بەیانیان دێت.

لەزمانی کوردیدا ئەو فۆڕمە فارسی و عەرەبیانە هەر یەکیان بێ، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووەتە (هەیاس). هەیاس ئەو کارەکتەرە ئاقڵ و دانایەیە، کە لە هەقایەتەکاندا وەکو ڕاوێژکارێکی پایەبەرزی سوڵتان، لەگەڵ مەحموودی غەزنەوی بەدیار دەکەوێت (عەبدوڵا، ٢٠١٤: ب١ ل٢٤٩٩).

سوڵتان مەحموود کە بە غەزنەوی ناسراوە، خەڵکی شاری غەزنەی ئەفغانستانە، کە سەر بەدەوڵەتی سامانی بووە دواتریش هەر بووەتە والی وڵاتی خوراسان و سوڵتانی وڵات. سوڵتان مەحموود پیاوێکی ڕاستگۆ و دەستپاک بووە و لەفەرمانڕەوایەتیدا گەلێک کاری گرنگ و بەجێی بۆ گەلەکەی کردووە و لە نۆسەدساڵی ڕابردوو ژیاوە. پەیوەندی هەیاس و سوڵتان مەحموودیش گوایە هەیاس کابرایەکی بەژن و باڵای لاواز و جوان بووە، ڕەنگ و ڕووخساری ئەسمەر بووە و لە ئادابی خزمەتکردن زۆر شارەزا بووە لەوبارەیەوە لەسەردەمەی خۆیدا تاک بووە، سەرچاوە مێژووییەکانیش لەبارەی سوڵتان مەحموود و هەیاس ەوە زۆریان نووسیوە و کە وایشی لێهاتووە بووەتە ئەدەبیاتێکی سەرزاری خەڵک و لای کوردیش چەندین بەسەرهات و هەقایەتی لەبارەوە چێنراوە (عەبدوڵڵا، ٢٠١٤: ب١ ل ٢٥٦). داستانی گیسکەکەی هەیاس و دووان لە بەسەرهات و سەرگوزەشتەی سوڵتان مەحموود و هەیاسی خاس، سەجادی مەزن لە ڕشتەی مرواریدا باسی لێوە کردوون و بەناوبانگن لەسەرزاری خەڵک ماوەتەوە و وەکو پەند و ئامۆژگاری دەماودەم گێڕدراوەتەوە و زۆرجارانیش لەکاتی تەنگانە و ناخۆشیدا گوتوویانە خودا لە سوڵتان مەحموود گەورەتر.

**سێیەم: بەهلولە شێت**

بەهلول ناوی ئەبو وەهیب بەهلول کوڕی عەمرونی سیرڤی کوفییە لەسەردەمی خەلیفەی عەباسی هارونی ڕەشیدی دا بەر ڕەحمەتی خودا بکەوێت لە کوفەی عێراق لەدایک بووە. لای کورد و عەرەب و خەڵکانی تر زۆر بەناوبانگە و تا ئێستاش قسەکانی لەسەر زاران دەگێڕدرێتەوە، بەهلول بەڕواڵەت خۆی وەک شێت نیشانداوە بەڵام لەڕاستیدا شێت نەبووە، بەڵکو پیاوێکی زۆر عاقڵ و زانا بووە، خەلیفە هاروونی ڕەشید کە خەلیفەیەکی سەردەمی ئەوکاتە بووە، لەبەر زیرەکیەکەی بەگرنگی زانیوە بیکاتە قازی، بەڵام بەهلول لەترسی ئەوەی نەتوانێت موسڵمانانە کاروباری قەزا بەڕێوە ببات و دادگەری بچەسپێنێت، بۆیە لەدڵی خۆیدا ئەو داوایەی خەلیفەی ڕۆتکردۆتەوە، بەڵام چۆن تێیبگەیەنێت؟! هەرچەندەی گوت بۆ ئەوکارە ناشێم، خەلیفە بڕوای پێنەکرد، بۆیە بەهلول دوای دوو سێ ڕۆژ دارێکی درێژی هێنا و خستییە نێو لاقەکانی و بەشی پێشەوەی دارەکەی بەدەستی خۆی گرت، هاتە نێو خەڵکی بازاڕی و بە خەڵکەکەی گوت: لەپێش ئەسپەکەم لاچن، نەبادا قەمپاڵێکتان لێبد. خەڵک بەم کارەی پێکەنین و بەشێتیان ناوبرد، بەڵام خەلیفە هاروون درکی پێکرد کە بە ئەنقەست وایکردووە تا داواکارییەکەی ڕەتبکاتەوە.

بەمجۆرە چەندین بەسەرهاتی لەگەڵ خەلیفە هاروون و خەڵک هەیە و پیاوێکی قسەخۆش بووە و هەمیشە ویستوویەتی بە بەڵگەی ئەقڵی و نەقلی بەرانبەرەکانی بگرێت و دەرسی گرنگیان بدات بۆ ئەوەی خەڵک بێنە سەرخۆ و ڕێگەی ڕاست بەرنەدەن لای خەڵک کەسایەتییەکی خۆشەویستی هەبووە، هەروەک کەسایەتییەکی سەرزاری ئەدەبیش ئەگەر هەرشتێکی نوێ دروستبکرێ و پاڵەوانەکەی بکرێتە بەهلول و بگوترێت بەهلول وای گوت و وای کرد، ئەوا هەقایەتەکەی بەهێزتر وەردەگیرێت لەوەی هەقایەتخوان خۆی کەسایەتییەک بخاتە بەرگوێیان و هەقایەتەکەی پێ تەواو بکات. ساڵی لەدایکبوونی دیار نییە و گوایە لەساڵی ١٩٧ ی هیجری بەرانبەر بە ساڵی ٨١٠ی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح (درود و سڵاوی خوای لەسەربێت) کۆچی دوایی کردووە. لە پارچەیەکی شێعریدا گوتوویەتی:

ئەی ئەو کەسەی بەدوای خۆشیەکانی دونیا کەوتووە و لەبەر لەزەتەکانی دونیا و جوانیەکانی
شەوان خەو ناچێتە چاوی خۆت بەشتێکەوە خەریک کردووە کە دەستی پێی ناگات
سبەینێ کە بە خودا گەیشتییەوە چی وەڵام دەدەیەوە؟!

(عەبدوڵڵا، ٢٠١٤: ب١ ل٢٦٥).

**بەسەرهاتێکی باڵوڵی دانا و هاروون**

ڕۆژێک هاروون بە باڵوڵی گووت: گەورەترین نیعمەتی خودا چییە؟

وتی: گەورەترین نیعمەتی خودا عەقڵە.

لە غەیبەوە باس لەوە دەکەن کە خودا ئەگەر شتێک لە مەخلوقی خۆی بسێنێتەوە یەکەم شت عەقڵە و عەقڵیش یەکێکە لە ڕسقەکان بەس بەداخەوە کە خودای گەورە عەقڵی لە من وەرگرتووەتەوە. ( حافز هەورامی، ٢٠١٤: ٢٣٩) .

## پاری دووەم/ گاڵتەوگەپ

گاڵتەوگەپ یان قسەی خۆش بەشێکە لە ئەدەبی فۆلکلۆر، بەشێکی بەنرخی سامانی نەتەوەیی و ئەدەبی سەرزاری خەڵکە و یەکێکە لەو جۆرە ئەدەبانەی کە شەقڵی شوێن و کات و سەردەم و سەدەی خۆی پێوەیە و دەبێتە ئاوێنەی تایبەتی گەلێک لە ڕووداوەکانی کاتی خۆی. قسەی خۆشی کوردی تا ئێستە وەک هەموو بەشێکی فۆلکلۆر دەماودەم و پشتاوپشت یەک بۆ یەکی گێڕاوەتەوە، بەو پێیە لە گێڕانەوە و زۆر مانەوەدا بەپێی کات و شوێن و دیالێکتی ئەو کەسەی ئەیگێڕێتەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. قسەی چیرۆک ئەدیبێکی هاوعەسر ئەگێڕێتەوە کەوا سەردەمێکی ژیانی خۆی لەگەڵ دەستە ئەدیبێکدا بردەسەر ڕۆژی چەند سەعاتێکیان بە قسەی ئەوتۆ و باسی واوە دەبردەسەر کە پێی پێکەنین و پێی ڕابوێرن، ئەو ئەدیبە دەڵێت: هەرچەندە ڕۆژی چەند سەعاتێک پڕ بەدڵ هێندە پێی دەکەنین کە تەواو بپچڕێین، بەڵام وامان دەزانی کە کاتی خۆمان بە پڕوپووچ و قسەی بێ مانا و بێ ئامانجەوە دەبەینەسەر کاتی زێرینمان لەدەست خۆمان دەدەین، بەڵام ئێستا کە لەوان دابڕاوم و دوور کەوتوومەتەوە و هەندێکیان وان لەژێر گڵدا، ئێستا هەست دەکەم کە ئەوکاتە زێرینەمان بەفیڕۆ نەڕۆیشتبوو هیچ لە هەناسەدان و خواردن و خواردنەوەی جیا ناکەمەوە ژیانی ئادەمیزاد بەبێ پێکەنین بەفیڕۆ دەڕوات و تارمایی ڕەشی و نائومێدی بەسەرخۆیدا دەدات وای لێدەکات کە ئاسۆی فرەوانی ژیان نەبینێت گێڕانەوەیەکی کورتە بەڵام بەجۆرێکی گاڵتەئامێز داڕێژراوە و گیانی کراوە بە بەردا ( ڕەسوڵ، ١٩٧٠: ١١٩).

گاڵتەوگەپ گێڕانەوەی بابەتێکی پێکەنینی و تەنزە، بەشێوەی چیرۆکێکی کورت. چیرۆکەکە دەشێت ڕووی دابێت و دەشێت ئەفرێنراو بێت. ئەم گێڕانەوەیە ڕێی تێدەچێت سەربەخۆ لێی بڕوانرێت، لەگەڵیشیدا دەکرێت وەک مۆتیڤێک بچێتە ناو هەقایەتی گەورەوە. لە ئەدەبی کوردیدا، گاڵتەوگەپ، قسەی خۆشیشی پێ دەگوترێت:" قسەی خۆش" چیرۆکێکی کورتە، بەڵام بەجۆرێکی گاڵتەئامێز داڕێژراوە و گیانی پێکەنینی بە بەردا کراوە (ڕەسوڵ، ٢٠١٠: ١٣٢).

ئەم مۆدێلەی گێڕانەوە بە گێڕانەوەی تەنزئامێزیش دەناسرێت. بەو مانایەی لە زمانی کوردیدا هەردوو وشەی تەنز و ساتیر خوازراوە بۆ ئەو جۆرە لە ئەدەب کە زمانێکی بە پلاری هەیە و لایەنە نەشیاوە ئاکارییەکانی کۆمەڵ وبەشێوەی پێکەنین وگاڵتەجاڕی، تەوس، پلار، توانجیش بەکاردێت. ئەم جۆرەی گێڕانەوە لەسەر شانی کەسێتییە. ئەمانەش کۆمەڵێک پێشنموونەی نێو هەقایەتی ڕۆژهەلاتن، زۆر ڕووداو دەدرێنە پاڵ ئەمانە، چ لە هەقایەتی پەندئامێزدا، لەگێڕانەوەی تەنزئامێز، بۆ نموونە: هاروونە ڕەشید، تەیموری لەنگ، سوڵتان مەحموود، باڵوڵ، جوحا، مەلای مەشهورە، خدری زیندە، مەلا ئەبوبەکر، تەڵحەک... وەکو کەسێتی باویش بەزۆری ژنان و پیاوانی ئاینی، کەسانی هەژار، گوندەکی و کەسانی گەمژەن (کەسنەزانی، ٢٠٢٢: ١٠٨). هەر جۆرە قسەوباسێک کە ببێتە هۆی پێکەنین و یان وەک جۆرێک لە ئیدیۆم خواستن کە لە زمانی کوردیدا لەم چەشنە زۆرە، خەڵکە ڕەشۆکەکە زیاتر ئیدیۆم و قسە نەستەقەکان بەکاردێنن، بەجۆرێک بڕێکجار دەبێت بۆ لێکۆڵینەوە بگەڕێینەوە سەر زمان و شێوازی ژیانی ئەوان، لەنێو خەڵکدا نوکتە بەکاردێت بۆ ئەم مۆدێلە گێڕانەوەییە تەنزاوییە، چونکە لایان وابووە نوکتە، کۆتایی قسەبڕە بە بەرامبەر و ئیتر قسەی تیا نییە ئەو مەسەلەیەی لەسەری دواون؛ کەواتە گاڵتەوگەپ بریتییە لە بەشێک لە ئەدەبی فۆلکلۆر کە خزمەتی خەڵک دەکات چونکە ژیانی پڕ لەپێکەنین وێنەی ڕاستەقینەی ژیانی بەختیارە لەو ئەو بەرهەمی شاعیرانی جیهاندا زۆرجار پێکەنین دەکرێت بە نیشانەی بەختیاری، ژیانی پر لە پێکەنین نەکری بە ئامانجی کەسانیک کە هەوڵی شادی گاڵتەوگەپ کۆمەڵە ڕووداو و سەربردەی ژیانی ئاسایی میللەتە و سەرتاسەری قسەی نەستەقی خۆش و خەمڕەوێنن کە بەردەوام لەگەشەو گۆڕاندایە و بەپێی بارودۆخی سەردەم، مەینەتی مرۆڤ زیاتر دەبێت و زیاتر پێویستی بە گاڵتەوگەپ دەبێت بۆ بەڕێکردنی ژیانی.

.

ئەوبەرهەمانەی تا ئێستا کۆکراونەتەوە لەسەر گاڵتەوگەپ زۆر کەمن ئەوانیش: (گاڵتەوگەپ) پیرەمێرد و (خەرمان لۆغە) محەمەد شڵماشی، عەزیزی مەلا ڕەش بەرهەمێکی کۆکراوەی بە ناوی (واریقاتی ژیان) کە ئەمانە ڕووداو و سەربردەیەکی زۆر بەنرخی میللەت و سەرتاسەری قسەی نەستەق و خۆش و خەمڕەوێنن، زۆربەی هەرە زۆریان فۆلکلۆرن و هەندێکیشیان ڕوودای ڕاستەقینەن. کۆکردنەوەی بەسەرهات و قسەی خۆشی پیاوانی قسەخۆشی ڕابردوو، هەقایەت، مەتەڵۆک، تەنانەت قسەی قۆڕیش هەر خۆی گەنجینەیەکی گەورەیە، وشە کۆنەکان، دابونەریتەکان و دەیان و سەدان شتی دیکەی وا پێویستی بە کۆکردنەوەیە بۆ مەزنی ئەدەبەکەمان گرنگ و پڕ بایەخە (احمدی، ١٣٨٧: ٣).هەموو ئەو هەقایەتانەی نووسراون و هاتوونەتە بوون، هەقایەتخوان هەمیشە هەوڵی داوە لەڕێگەیەوە ئامۆژیاری ئامادەبووان و گوێگرانی پێبکات و لەهەمانکاتیشدا زانیاریان بەدەست بخات و وایان لێبکات ئەگەر ڕۆژێک بیانەوێت لێکۆڵین و بەدواداچوونی بۆ بکەن (جندی، ٢٠٠٦: ٩).

هەرکات ئێمەومانانیش گوێمان لە هەقایەتەکان دەگرت لە گەورەکانمانەوە، هەمیشە فزوڵ بووین بەوەی بزانین ئاخۆ لەکوێی ئەم گەردوونەدا ئەم هەقایەتانە ڕوویداوە، دواتر زانیمان کە دەکرێت هەر ڕووینەدابێت و پڕاوپڕی خەیاڵی و ئەفسانە بن، بەڵام هەمیشە چێژی لێبینراوە سروشتی مرۆڤ وەهایە هەمیشە خۆی دەخاتە نێو هەقایەتەکانەوە تا زیاتر خۆی لە دونیادا ببینێتەوە و هەستبزوێن بێت بەژیانی خۆیەوە. لەنێو خەڵکدا گاڵتەوگەپ، بە نوکتە ناوی دەرکردووە، ئەدەبی نوکتەو گاڵتەوگەپ ئەدەبێکی خۆش و بەچێژ و گرنگ و زیندوویی ژیانی ئادەمیزادن، پێکهاتووە لە کۆمەڵێک هەقایەتی کورت و شێوازێکی کۆمیدیان هەیە مەبەستیانە ڕاستییەکی خراپ لە ڕووێک لە ڕووەکانەوە زەقتر بکەنەوە، بەزۆربەی لایەنەکانی ژیاندا شۆڕبووەتەوە، لەڕووی زمانیەوە نوکتە بەواتای ئەو مەسەلە وردە دێت، کە لە گۆشە نیگایەکی ورد و فیکرێکی قووڵ و ئامانجیکی دیاریکراوەوە دروست دەکرێت ( عەبدوڵڵا، ٢٠١٤: ب٢ ١٩٧).

سولی دەڵێت (نوکتە هۆکارێکە خەباتی کۆمەڵایەتییە، سەبارەت بە هەژار و چەوساوەکان بەگشتی و ژن و منداڵ و زەحمەتکێشانن بەشێوەیەکی تایبەتی، ئامرازێکە بۆ دەرخستنەوەی پێگە و تایبەتی خۆیان ( محەمەد، ٢٠٠٨: ٢١٢).

**تایبەتمەندییەکانی گاڵتەوگەپ و قسەی خۆش:**

١-قسەی خۆش و پەندئامێز هۆیەکە بۆ فێربوونی حیکمەت و دانایی لەوانەی پێش خۆمانەوە، بەوپێیەی بتوانین ئەزموون لەوانەی پێش خۆمانەوە وەربگرین و ئەو هەڵانەی ئەوان پێیدا تێپەڕیوون دووبارەی نەکەینەوە.

٢- گاڵتەوگەپ هۆیەکە بۆ چێژبەخشین بەگوێگر یان وەرگر، هەمیشە مرۆڤ بەقسەی خۆش و پێکەنیناوی چێژوەرگر دەبێت و ئارەزوو دەکات زیاتر ببیستێت لەهاوشێوەی ئەو قسە خۆشانە.

٣- زۆرجار کەسێک دڵتەنگە و خەفەتبار بووە بەشتێک یان ڕووداوێکی ژیانی، قسەی خۆش وایلێدەکات ئەو ئازارەی بیربچێتەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت.

٤- قسەی خۆشی وا هەیە، بەرانبەر دەشکێنێت و چێژبەخشە بۆ ئەوانی تر.

٥- قسەی خۆش هەیە، گوزارشت دەکات لە هەژاری و نەداری.

٦- زۆرجاران قسەی خۆش و گاڵتەکردن ڕەخنە و توانج دەگرێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئادەمیزاد.

٧- زۆرجار قسەی خۆش وادەکات کە مرۆڤ بکەوێتە سەر ڕێی ڕاست و بەخۆیدا بچێتەوە.

٨- قسەی خۆش بابەتێکە دەکرێت مامۆستایەک لە قوتابخانە، مەلایەک لەسەر مینبەرەکەیەوە، پزیشکێی لە کاتی دیتنی نەخۆشەکەی، فرۆشیارێ بەدەم فرۆشتنی شتومەکەکانیەوە، قسەی خۆش بکەن تا زیاتر بەرانبەر ڕابکێشن و چێژ بدەن بە کاروپیشەکانیان.

## پاری سێیەم/ ڕشتەی مرواری

ڕشتەی مرواری لە نووسینی (مامۆستا عەلائەددین سەجادی ) [3] پێکهاتووە لە هەشت بەرگ لە نێوان سالآنی (١٩٥٣-١٩٨٢) دەرچووە. ڕشتەی مرواری کۆمەڵە ئەدەبێکی هەرە بەنرخە لە فەلسەفە و بیروباوەڕی کوردی، لە قسەی خۆش ونەستەق و لە دەماخ چاخکەرانەی کە ئاسۆی خەیاڵێکی کوردییەوە گزنگیان داوە. بیری کوردی قاپی دڵی خۆی کردۆتەوە؛ بۆنی عەبیری، تێکەڵاویان بای شەماڵی ژیری کردووە و وەکو ڕووناکی بەری بەیان بڵاوی دەکاتەوە بەسەر دڵی خوێنەرەکانیدا ( سەجادی، ١٩٥٣: ٣). بەشەکانی ڕشتەی مرواری بریتین لە (قسەی نەستەق، تاقگەی ئێلاخ، گەنجی درەخشان، شەکراوی دەماخ، هەندێک لە داستانی ژن، وەڵامی بێ وەڵام، لە باخێک گوڵێک، لە وڵاتی کوردەواری ئەم شتانە لەم شوێنانە تاقانەن، ئەم شتانەی لەم شوێنانە بەناوبانگ، هەر شتە لە شوێنێک، قسەی بەتوێکڵ، هەندێک لە قارەمانیی ژن، قسەی تەنک، تاقیکراوەکانی کوردی، کورد ئەڵێ، لافاوی سولەیمانی، کارەسات لە مێژوو، دیسان هەر بۆ ئەوە کە مێژوو شت ون نەکات، زۆر دوور، لەقسەکانی شێخ حسێنی قەرەداخی، بردمانەوە یان نە ؟ و پەندی پیران، تاقیکراوەکانی کوردی، خاسیەتی ڕێوی و گورگ، ڕووداوەکانی ڕابردوو، هەندێک لە داستانی ژن، لە فێڵی دەرۆزە، پیری و جوانی، بۆ مێژوو، شێخی بورهان، بۆ قازییەکان مەتەڵۆکێک، ئامۆژگارییەکانی ڕەحمەتی، فەرهەنگی تەمەڵ، کێشەی ڕژدی، داستان).

مامۆستا جەمال بابان لە وتارێکدا دەربارەی ڕشتەی مرواری و مامۆستا عەلائەددین سەجادی دەڵێت ( بێگومان ئەدەب ئاوێنەی ژیانە و بەرزی و نزمی ئەدەب لە هەموو شوێن و سەردەمێکدا و لە ناو گشت نەتەوەیەکدا، پلەی پێشکەوتنی نەتەوە ودواکەوتنی پیشاندەدات. کورد خۆی لەخۆیدا بەگوێرەی خود و هەڵکەوتی وڵاتەکەی و بەهۆی مێشک و ڕوونی و لایەنی نەفسی یەوە، قەومێکی گاڵتەچی و کەیفچیە سەرەڕای ئەوەش زۆربەیان قسەخۆش و قسەنەستەقن و ساکارانە قسەی وا ئەکەن هەر زۆر خۆش و پڕمانان.. ئەندامەکانی لەش دوای ئیشوکار پێویستیان بە حەسانەوەیە هەیە، مێشکیش پێویستی بە زاخاودان و خاوبوونەوە و پشوو هەیە، کە ئەویش هەر بەهۆی قسەی خۆشمان فرەیە و قسە خۆشیشمان زۆرە، بەڵام عەیبە عەیبە نەیهێشتووە ئەم بابەتە پێشکەش بکەین و بیکەین بە کتێب.. بە پێچەوانەی نەتەوە پێشکەوتووەکانی جیهانەوە هەرچیەکیان وتووە نوسیویانە...

[3] عەلائەددین سەجادی لەساڵی ١٩٠٧ز لەشاری سنە لەدایکبووە، مامۆستا عەلائەددین لەساڵی ١٩٣٨ دا مۆڵەتی مەلایەتی لای شێخ بابەعلی تەکیەیی وەرگرتووە ساڵێک دوای ئەوە چووەتە مەیدانی ڕۆژنامەنوسی و هەر لەو ساڵەدا بووەتە بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری گەلاوێژ و دواتر لەساڵی ١٩٤٨ دا گۆڤاری (نزار) ی دەرکردووە. مامۆستا عەلائەددین لەساڵی ١٩٥٨ بووەتە ناوبرا لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی زانکۆی بەغداد تا ساڵی ١٩٧٤ و پاشان بووەتە بەڕێوەبەری ئەوقافی ناوچەی کوردستان بۆ ماوەی سێ ساڵ و تا سێ ساڵ دوای ئەوە خانەنشینکراوە و لەساڵی ١٩٨٤ لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە و هەرلەوێش بەخاکسپێردراوە.. بەرهەمەکانی: (مێژووی ئەدەبی کوردی، ناوی کوردی، گەشتێک لە کوردستانا، شۆڕشەکانی کورد، هەمیشە بەهار، دەستووری فەرهەنگی زمانی کوردی، ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی نرخ شناسی، دووچامەکەی نالی و سالم، کوردەواری، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، خۆشخوانی..دوو نامیلکە لە یادی پیرەمێرد و یادی کۆچی دوایی محەمەد ئەمین زەکی... )

بەڵام مامۆستا عەلائەددین سەجادی نەیهێشت ئەم گەنجینەی ئەدەبەمان بفەوتێ و بە ڕشتەی مرواری ئەم کەلێنەی پڕکردەوە، لەگەڵ ئەوەی کە مەلا پیاوێکی ئایینی بوو، هیچ سڵێکی لە توانج و تانە و تەشەر و ڕەخنەی نالەبار نەکردەوە وەک خۆی دەڵیت: زۆرکەس کەوتنە تەقە ودەستیانکرد بە ڕەخنەگرتن ، بەڵام دواتر ئەوانەی لەسەرەتاوە زۆر ڕەخنەیان لێدەگرت، ئەوانە زیاتر بە ئارەزوو بوون بۆ خوێندنەوەی و دەرچوونی بەرگی تری. (4).

سەجادی مەزن دەڵێت: بە بیرەوەری خۆم حەزم بە قسەی خۆش بووە لە بیستنی قسەیەکی خۆش وەکو هەستم بەدەنگێکی نهێنی خۆشکردبێت وابووم، لەبەرئەوەە خۆم لە خۆمەوە ئەگەڕام بە شوێن ئەو قسە و سەرگوزەشتە کوردییانەدا کە لەنێو کورددا باوبوون، بێ ئەوەی بە شتێکیان بزانم گەلێکیان لە سنگمدا مانەوە، دیسان هەر تێریشم نەدەخوارد ئەمویست زیاتر بێت، لەپاشاندا دەمبینی کەسانی تریش هەن وەک من حەزیان بە قسە و سەربردەی خۆشن و شوێنی دەکەون، بۆم دەرکەوت کە ئەمانە ئەو ئەدەبەن لەگەڵ سروشتی ئادەمیزادا تێکەڵبوون. وەک دەزانین خەسڵەتێکی دیکەی ئەدەبیاتی زارەکی، زمانی بەکارهێنراوە لە ڕشتەی مرواریدا، ئەو زمانەی بەکارهاتووە زمانی ڕۆژانە و ئاسایی خەڵکە، هەمان ئەو زمان زیندووەی کە خەڵک لەنێو بازاڕ و شار و لەنێو گوند لەکاتی کار و تێکۆشاندا وەکو ئامرازی پەیوندی لەگەڵ بەرامبەر بەکاریان هێناوە، دەوق و ڕستەکانی سادە و کورتن و بێ گرێ و گۆڵن بەدوور لە زەین و هزری مرۆڤ نییە لەو ئاستەدایە کە خەڵکی ئاسایی لەکاتی قسە و ئاخاوتندا بەشێوەی کینایە و مەتەڵ و تەتەڵەی زمان بەکاریدەهێنن. دکتۆر مارف خەزنەداریش سەبارەت بە ڕشتەی مرواری دەڵێت: یەکێکە لە کارە گەورەکانی سەجادی بریتییە لە ڕشتەی مرواری، کە پێکهاتووە لە قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و ئامۆژگاری بەشێوەی ساتیر و کۆمیدی بەهەوایەکی ڕۆمانتیکییانە نووسراوەتەوە، سەجادی ئەم قسە و بەسەرهاتانەی لەخەڵک بیستووە و خاوەنەکانیان بەزمانێکی میللیی سەرزار وەکو بەرهەمێکی فۆلکلۆری بۆیان گێڕاوەتەوە، ئەو بەشێوازێکی ئەدەبی و زمانێکی بەرز تۆماری کردوون، بەرهەمێکە شانازی ئەدەبی کوردە، خەزنەدار، عەلائەددین سەجادی بەرز دەنرخێنێت و دەڵێت: خوێندەوارێکی بەدیمەنی کورد بوو لەسەدەی بیستەمدا، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و کاریگەری زانستی بوو، لەزۆربەی مەیدانەکانی ئەدەبی و زانستی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی بەرهەمی بەکەڵکی هەیە، باڵادەست بوو لە نووسینی وتار و هەقایەت و یادداشت و بابەتەکانی دیکەی پەخشان، نووسینی بەگشتی زاخاوی مێشک و خۆراکی گیان و ئارامی دڵ و دەروون بوو خوێنەر و خوێندەوارانی سەردەمی خۆی و لە پاشاندا بۆ نەوەکانی دواڕۆژ (خەزنەدار، ٢٠٠٦: ٦٠).

4 بۆ دیتنی سەرجەم ئەو وتارانەی لە چلەی خوالێخۆشبوو خوێندرانەوە، لەلایەن ئەدەب دۆستان و زانایانی کورد، بڕوانە یادی سەجادی/ دلێر عەلائەددین سەجادی_ چاپخانەی ئیشبیلییە لە بەغداد ١٩٨٧.

سەجادی زۆرجار و لە نووسینی جیاوازی خۆیدا، گرنگیی زمان و خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی بۆ مانەوە و گەشەکردن و بەهێزبوونی نەتەوەی کورد و جەخت دەکات، ئەم جەختکردنە، دیارە بەرهەمی بیرکردنەوە و ئەزموونێکی قووڵ و درێژخایەنە و ساڵانێکی دووروودرێژ بووەتە دروشمێک و نیشانەیەک بۆ نووسیەنەکانی، سەجادی هەبوونی کورد وەک نەتەوەیەک بە هەبوونی زمانی کوردییەوە، لەو پێشەکییەدا کە لە ٢٥ ی ١ی ١٩٥١ دا بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی نووسیوە، باسی ئەزموون و گومانێکی خۆی دەگێڕێتەوە، چۆن ناچاری کردووە هەبوونی خۆی و ناسنامەی خۆی بخاتە ژێر نەشتەری کۆمەڵێک پرسیاری فەلسەفی و فەرهەنگی، لەو زەریای خەیاڵەدا کەوتمە سەر ئەوە کە میللەت مادام میللەت بوو، بێگومان دەبێت زمان و ئەدەبییات و تاریخی ببێت، ئەگەر نەیبێت بەهیچ ناژمێردرێت و هیچ نییە، ئەم بڕوا پتەوە بە زمان و فەرهەنگ و مێژوو دەبێتە بنەڕەتی ئەو فەلسەفەیەی هەموو ژیان و کارەکانی سەجادی ڕەنگڕێژ دەکات، دێڕێک دواتر دەنووسێت: بەڵگەی قەومی کە زمانە من هەمە، من لە نەتەوەی قەومێکم کە لە بەرەبەیانی تاریخەوە بەم زمانە کە من قسەی پێدەکەم و پێی دەنووسم، قسە دەکەن.

سەجادی لەسەرەتای بەرگی یەکەم و دووەمدا کە لەساڵی ١٩٥٧ چاپکراون، تیۆرییەکەی خۆی پەرە پێدەدات و قسەی دڵی خۆی دەدرکێنێت و خوێنەر تێدەگەیەنێت کە مەبەستی سەرەکیی ئەو، زمانە، زمانی کوردی، لای وایە کە زمان نەبوو قەومییەت نییە، کوردیش تا ئێستا بۆیە ماوەتەوە چونکە زمانی هەبووە، ئەگەر زمانەکەی نەبێت، مەفهومی کورد لە فەرهەنگدا نامێنێت، پێیشی وایە دەبێت زمان پێی بنوسرێت و بخوێنرێت، دەبێت بخرێتە سەرکاغەز و زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی زمانی کوردی لەسەر کاغەز چ کارێکی گەورە دەکاتە سەر مانەوەی قەومییەتی نەتەوەی کورد، هیچ ئامانجێکم نییە تەنیا پاراستنی زمانی کوردی نەبێت، ئەویش بۆ پاراستنی قەومییەتی کورد لەو تەنگ و چەڵەمانەی کە گەمارۆی داون. سەجادی پڕ بەدڵ دەڵێت: زمانی خۆت بپارێزە و بە زمانی خۆت بخوێنەرەوە، ئیتر خەمی هیچت نەبێت. ئاماژەش بەوەدەکات کە بۆ دانان و ڕێکخستنی ئەم کتێبە گەلێک شوێن گەڕاوم و هەڵسوکەوتم لەگەڵ گەلێک کەسی سادە و بەرزا کرد، لەبەری ئەم فرمانەم ئەوەم دەستکەوت کە کۆمەڵە ئەدەبێکی لە وشەی کوردیی پەتیم بۆ هاتە ئەنجام، لەمەوە ئەگەر کتێبێکی وەها نەبووایە ئەو وشانە نەئەچوونە ناو خەزنەی سامانی مانەوەی زمانی کوردی، سەجادی نووسەر ئەم جۆرە باوەڕانەی لە بەرگەکانی تری ڕشتەی مرواری و لە زۆربەی نووسینەکانی تریشدیدا چەند جارە جەخت دەکاتەوە (سەجادی، ٢٠١٢: ٦٠).

لەسەرەتای بەرگی سێیەمیشدا دەنووسێت: تکا دەکەم لەو کەسانە کە تینووی ئەدەبی کوردین، چی ئەزانن یان چییان بیستووە لە نوکتە و قسەی خۆشی کوردی، لە ناردنەکەی دریغی نەکەن و بۆمی بنێرن، لەوان ناردن و لە من بڵاوکردنەوە، ئومێد دەکەم لەم ڕووەوە بەهۆی هەموو لایەکەوە ئەدەبی کوردی بگاتە ئاسمانی بەرزی و لەچاڵی بێنەوایی بێتەدەرەوە، لە کردنی ئەم ئیشانە و نووسین و چاپکردنی ئەمانە دوو خزمەتی گەورە بە کوردی دەکرێت: یەکەمیان ئەم جۆرە شتانە لەزەتی دەماخە و دەماخ و گیان پێی خۆشە، بەو هۆیەوە دەخوێدرێتەوە؛ زیاد لە شتانی تر لەمەوە کوردی خوێندن بڵاودەبێتەوە، تەنانەت ئەو کەسانەش کە نازانن بخوێننەوە خۆشیی کتێبەکە ناچاریان دەکات بە خوێندنەوە و ئەمە بوو بە قوتابخانەیەکی گەورە؛ دووەم: خزمەتێکە بۆ ئەدەبی کوردی بە زمانی کوردی، کە لای ڕۆژگار دەیهێڵێتەوە، ئەم دوو شتە ئێمە ناچاردەکات بەوەی کە بەهەر شێوەیەک بێت، پێوییستە خەریک بین و نەیەڵین ئەم خزمەتەمان لەدەست بچێت و هەرکەس هەرشتێکی لایە بەگوێرەی توانا کۆشش بکات بۆ زیندووبوونەوەی (سەجادی، ٢٠١٠: ب٣ ل ٢٨٤).

لەبەرگی چوارەم و پێنجەم و شەشەمدا سەجادی لەو بارەوە دەدوێت و دەڵێت: بردمانەوە یان نە؟ مەبەستی لەوەیە ئەوانەی وا لەسەرەتاوە کەوتنە تەقەکردن لێی و لایان وابوو کە نرخاندنی بۆ ناکات بێزارییان دەردەبڕی پێیانوابوو کە نابێت ئەم جۆرە شتانە بکەونە سەر کاغەز بەڵام ئەوەتا ئەوانیش گەڕانەوە بۆ بناغە بنەڕەتیەکە و بۆ ئەوەی کە ئێمەش نەتەوەیەکین و هەموو جۆرە ئەدەب و فۆلکلۆرێکمان هەیە، ئەو ئەدەب و فۆلکۆلۆرە کە ئەگەر خۆشمان بڕۆین، ئەو هەر دەمێنێتەوە، بەمجۆرە مانەوەی ئەوانە مانەوەی خۆمانە. ئەدەب هەر ئەوە نییە کە نووسراوە و هۆنراوەیەک بێت کەوتبێتە ژێر پەردەی مانایەکی ڕەقەوە؛ بەڵکو بەشێکی زۆر لە ئەدەب، ئەو ئەدەبە فۆلکلۆریانەن کە بەزمانێکی سادە و ساویلکە وتراون و دەوترێن، ئەمانە بەتەواوی زمانەکە دەردەبڕن و پتەوی دەکەن، ئەگەر ئەو زمانە ئاشکرا و بێ پەردەیە نەیەتە مەیدانەوە، جەوهەری ڕاستەقینەی ئەو زمانە ناکەوێتە ڕوو و دەرناکەوێت. ڕشتەی مرواریش چەند بەرێکی بەکەڵکی هەیە، کە هەم ئەدەبە و هەمیش ئەدەب نەتەوەیە و ڕێبازێکە بۆ خوێندنەوەی کوردی، زۆر شت هەیە ڕێبازە بەڵام ئەمە وا لە مرۆڤ دەکات پێوە بچێت و بیخوێنێتەوە بێ ئەوەی بێتاقەت بێت، چونکە زاخاوێکە بۆ مێشک، وەکو لەش پێویستیە بە حەسانەوە، فیکر و مێشکیش ئەو پێویستیەی هەیە، حەسانەوەی فیکر ئەوەیە کە خۆشییەکی بگاتێ و بەبێ ئەوەی کە لەشەکە بۆی بکەوێتە زەحمەتەوە.

لەبەرگەکانی حەوتەم و هەشتەمدا سەجادی باس لەوە دەکات، هەندێک شت لەنێو ڕشتەی مرواریدا دێت، ڕەخنەگر لە ئەدەب، ئەو ناوانە دەکات بە گوڵدەستەی دەستی بۆ ڕەخنەگرتن. دیسان من ئەمەش هەر قبوڵ ناکەم؛ چونکە من چۆنم بیستووە و چۆن بۆیان گێڕاومەتەوە، یان بۆیان ناردووم و بەناوی کێوە ناردوویانە بەو تەرحە بڵاوی دەکەمەوە؛ دەست لە ئەمانەت نادەم، لەگەڵ ئەوەشدا من بەلامەوە وایە ئەو ناوانە ئەو جۆرە قسەیان کردووە یان نوواندووە، بەلای من و بەلای هەموو ئەدەب پەروەرێکەوە بلیمەتی ئەوانە دەردەخات نەوەک پایە کەمکردنەوەیان. هەموو ئەدەبێک لە هەموو سەردەمێکدا و لەنێو هەموو نەتەوەیەکدا چۆنیەتی پایەی ئەو نەتەوەیە دەردەخات، هەندێک لەو ئەدەبە سەلیقەی تاکەتاکەی نەتەوە پیشاندەدات، هەندێکی گوزارشت لە ڕابواردنی هەموو نەتەوەکە دەداتەوە، بەهەردوو لایەنەوە پایەی زیرەکی و زەوقی گشت نەتەوەکە پیشان دەدەن، نەتەوەکانی تر مایەیان زۆربووە و بۆ دروستکردنی ئەدەبەکەیان، ئەو مایەیە کە ئەوان بوویانە کوردەکە نەیبووە، لەگەڵ ئەوەشدا زەوقەی تاکەتاکەی یان هەموویان لەجموجۆڵدا لە دروستکردنی ئەدەبەکەیاندا لامواپە کەمتر نەبووە لەوان، بۆیە دەڵێم چونکە نەتەوەکانی تر نیوەی سەرچاوەی ئەدەبەیەکەیان لە حوکمەوە هەستاوە، کورد ئەو حوکمەی نەبووە، کەچی سەلیقە و زەوقی خۆی هەر بە زگماکی کۆگایەکی زێڕینی ئەدەبی دروستکردووە، بە ئەندازەی توانا کەوتمە سەر کۆکردنەوەی ئەوانە و لە توێی دوو بەرگی ڕشتەی مرواریدا خستمنە بەردەستی تۆ؛ ئیتر تۆش کەیفی خۆتە. من بە تۆ و تۆ بە خودا، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئێستا کە بخوێنێتەوە دەڵێت: پەککو لەوی حەلامەتەی، ئەمانە کوو لە ڕێ کەتینە (سەجادی، ١٩٨٢). ئەم تیۆریەی سەجادی و ئەوانەی وەک ئەم بیرەکەنەوە ڕاستتییەکی وەهای پیشانداوە بۆ دامەزراندنی نەتەوە پێویستیەکی بە بنکە و بنەڕەتێکی پتەو هەیە و زمان فەرهەنگیش بەشێکی یەکجار گرنگی پێکهاتنی ئەو بنەڕەتەن.

# بەشی دووەم

# لەبارەی گێڕانەوە و گێڕانەوەناسییەوە

**بەشی دووەم/ لەبارەی گێڕانەوە و گێڕانەوەناسییەوە**

گێڕانەوە بەیەکێک لە گرنگترین بنەماکانی بینای هونەری تێکستی هەر چیرۆکێک دادەنرێت و مەرجی سەرکەوتنی هەر کارێکی ئەدەبیش تا ڕادەیەکی گەورە دەبەسترێتەوە بەجۆری ئەو ڕێگایەی کە کەرەستەکەی پێ ڕێک دەخرێت و دەگێڕدرێتەوە، لەپاڵ دیاریکردنی گرنگی گێڕانەوە، ڕەخنەگران هەوڵی ئەوەیانداوە ئەرک و سروشتی گێڕانەوە دیاری بکەن لەچییەتی بگەن بۆ ئەوەی بتوانن لە ئاست و جۆرەکانی بکۆڵنەوە، تۆدۆرۆڤ لەم بارەیەوە دەڵێت: (گێڕانەوە تەنها گوتنێکە) گوتنێکی ڕاستەقینە کە پەیوەندی گێڕەرەوە و وەرگر دەردەخات و ئاستیان دیاری دەکات، بەجۆرێک دەتوانین بڵێین لە نێوان گێڕەرەوە و وەرگردا دوو ئاست دەردەکەوێت: یەکێکیان ئاستی ناردنەکەیە کە تایبەتە بە چیرۆکگێڕەوە، ئەوی تریشیان ئاستی وەرگرتنە کە تایبەتە بە گوێگر یان خوێنەر؛ لەبەرئەوە بەپێی ئەم بۆچوونە گێڕانەوە لەم پەیوەندییە سادە و مانا تەسکە دەردەچێت و مانایەکی فرەوانتر وەردەگرێت دەبێتە ئامرازێک بۆ چنینی پەیوەندی نێوان ئەو بنەما هونەریانەی تێکستی هەقایەتەکەی لەسەر دروست دەبێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گێڕانەوە دەبێتە بناغەی بونیادنانی تێکستی هەقایەتەکە و بەبێ ئەم دروست نابێت، نەک هەرئەمە بەڵکو جاری وایە ئەو مانایە ئەوەندە فرەوان دەبێت و پەلوپۆی لێدەبێتەوە دەگاتە ئەو ڕادەیەی هەموو ئەو شتانە بگرێتەوە کە پەیوەندی بە گێڕانەوە هەبێت، ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە گێڕانەوە وەک یەکێک لەبنەما هونەریەکان گرنگترین دەگێڕێت لەپێناو تێکستی هەقایەتدا (سابیر، ٢٠٠١: ٢١٢).

ئەم زاراوەیە هەر بەو ئاسانییە پەیدا نەبووە لەنێوان ئەدەب و ڕۆماندا بەڵکو ڕەگوڕیشەیەکی کۆنی هەیە، هەر بۆ نموونە کاتێک ڕووداوێک ڕوودەدات چەندین کەس ئامادەن لە بینینی ڕووداوەکەدا، بەڵان هەریەکە و بەشێوازێک بەپێی کاریگەری ڕووداوەکە لەسەرخۆی ڕووداوەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. زۆربەی ڕەخنەگران پەیدابوونی ئەم زاراوەییە بۆ ڕەخنەگر (تزفیستان تۆدۆرۆف) دەگەڕێتەوە کە لەساڵی ١٩٦٩ دا بۆ ناونانی زانستێک کە گێڕانەوەناسی بوو، ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لە کتێبی دەستوری ڕێزمانی ( دیکامیرۆنا تزفیستانی تۆدۆرۆف) دا لەساڵی ١٩٦٩ دا بەکارهاتووە، هاوکات بەیتێکی تری لە ڕەخنەگران ئەم زانستە بۆ کتێبە بەناوبانگەکەی (ڤلادیمێر پرۆپ) بەناوی مۆرفۆلۆجیای هەقایەت لە ساڵی ١٩٢٨ دا دەگەڕێننەوە هەرکامیان بێت گرنگ نییە ئەم زاراوە بەواتای خوێندنەوەی هەقایەت بەکاردەهێنرێت، هەروەها ڕایەکی دیکە هەیە کە دەڵێت: گێڕانەوە بریتییە لە خستنەڕووی ڕووداوێکی بەدوایەکداهاتوو کە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە یان خەیاڵی کەبەهۆی زمانەوە خراوەتەڕوو یان بەشێوازێک نووسراوەتەوە لە چوارچێوەی کاتێکی دیاریکراودا. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین گێڕانەوە لەهەموو بابەتێکدا زیندووە چونکە گێڕانەوە لەگەڵ ڕەوتی ژیاندا دەڕوات بەبەردەوامی کە ژیانیش

بەردەوام پڕ ڕووداو و کارەساتە. ڕیشەی ئەم گێڕانەوەیە بۆ سەردەمی ( ئەفلاتوون و ئەرستۆ) دەگەڕێتەوە، بەڵام سەرهەڵدانی گێڕانەوە دەبێت زۆر لەم مێژووە کۆنتربێت، لەگەڵ پێکەوە هەبوونی مرۆڤ لەسەرگۆی زەوی لەسەردەمی شارستانییەتە کۆنەکانەوە گێڕانەوەش هەبووە، کاتێک لەڕاو و شکار گەڕاونەتەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکان دەستیان کردووە بە وێنەکێشانی ئەو ئاژەڵ و گیانلەبەرانەی، کەلێیان ترساون یان هۆگریان نەبوون یان لێیان مردوون لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان، جگە لەوێنە کێشانی کەرەسەی ڕاو و نێچیرەکان زۆرجار لە (فیلمە) بەڵگەنامەییەکاندا بینراوە مرۆڤ ڕووی لەوحە هونەرییەکانی بەشکردووە و هەربەشێکی بەوشەیەکی هەڵکەندراو بەیارمەتی ڕۆخە تیژ و لارەکەی ڕووەکەی پڕەدەکردەوە، مرۆڤ هەر لەسەرەتای ژیانەوە ویستوویەتی ئەوەی دەیبینی یان دەیبستێت بیگەیەنێت بە بەرامبەرەکەی، کەواتە گێڕانەوە تاکو ئەم کاتە مێژوویەکی کۆنی هەیە بەڵام قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە (ساڵح، ٢٠٢٢: ٥).

مەبەست لە چەمکی گێڕانەوە لەڕووی هونەرییەوە بەواتای ئەو کاتانە دێت کە بەشێوەیەکی هونەری باس لە گێڕانەوە کراوە، کە لە ڕووی تیۆرییەوە بەگرنگترین لایەنی پێکهاتەی دەق دادەنرێت و پەیوەندی لەگەڵ زمان لەلایەک و کات لەلایەکی دیکەوە هەیەتی، لەگەڵ یەکتری گوتاری دەق بەرهەم دەهێنن. گێڕانەوە وەکو پڕۆسەی گوزارشتکردن و درکاندن بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤی پێکهێناوە، هەروەها بنەمایەکی سەرەکییە لە بونیادنانی دەقدا ئەم تەکنیکە لە ئەفسانە و هەقایەتی میللییەوە سەریهەڵداوە و وردە وردە بەرەو پێشچووە، تاکو ئەم شێوە هونەرییەی ئێستای لەنێو ژانرە ئەدەبییەکاندا وەرگرتووە واتە گێڕانەوە لەگەڵ مێژووی مرۆڤ دەست پێدەکات و لە هیچ شوێنێک بێ گێڕانەوە بەدیناکرێت، بێ ئاوڕدانەوە لە جیاوازی نێوان ئەدەبی باش و ئەدەبی خراپ، هەروەها گێڕانەوە بابەتێکی نێونەتەوەیی و ئەوپەڕی مێژوویی و ئەوپەڕی کەلتوورییە. گێڕانەوە وەک ژیان وایە هەمیشە هەیە. گێڕانەوە لەڕووی درکاندنەوە شتێکی گشتی و جۆراوجۆرە، لەڕووی هونەریشەوە گێڕانەوە ئەو ڕەگەیە لە چوارچێوەیدا هەقایەت دەگێڕینەوە و دەکرێت هەقایەت بە چەند ڕێگایەک بگێڕینەوە، هەر لەبەرئەوەشە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە گێڕانەوەیی دەبەسترێت لەجیاکردنەوەی جۆرەکانی گێڕانەوەدا، چۆنیەتی گێڕانەوە هەقایەتیش لەزەتێکە لە کتێبی نووسراودا نییە کە بەسەرهاتێک دەگێڕینەوە دەتوانین بەو پێیەی خۆت دەستکاری هەموو شتەکانی بکەیت، بەبێ ئەوەی ئاسەواری تاوانێک بەجێبهێڵین، کەسیش ناتوانێت ئەوە بسەلمێنێت بە بەڵگەوە کە تۆ دەستکاری ئەم هەقایەتەت کردووە، ئەم لەزەتە کاری هەقایەتخوانە، کەواتە گێڕانەوە لەڕووی درکاندنەوە شتێکی گشتی و جۆراوجۆرە لەڕووی هونەریشەوە ئەو ڕێگەیەیە لە چوارچێوەی چیرۆک دەگێڕێتەوە و دەکرێت چیرۆک بەچەند ڕێگایەک بگێڕدرێتەوە ( خاڵەدێوە، ٢٠١٠: ١٤٩).

پۆل ڕیکۆر سەبارەت بە فەلسەفەی گێڕانەوە دەڵێت: گریمانەی من لەنێوان کرداری گێڕانەوەی هەقایەت و سروشتی تاکەکەسی بۆ ئەزموونی مرۆڤ لە فۆرمێکی ڕۆشنبیریدا خۆی دەنوێنێت لێرەدا کات بۆ مرۆڤ دەگۆڕێت بە گێڕانەوە گوزارشت لەخۆی دەکات، کەواتە گێڕانەوە دەبێتە پێش مەرجێک بەهەموو واتایەک بۆ بوون. گێڕانەوە لەگەڵ ئەم تیۆرزانە هەوڵێکە بۆ سەلماندنی خود، لەنێو ئەزموونێکی کاتیدا خود لەڕێگەی کردەوەی گێڕانەوەوە بەشێوەی جۆراوجۆر ناسنامەی خۆی دیاریدەکات و دەیسەلمێنێت، بۆ نموونە لەدەقە گێڕانەوەکانی هەقایەت، داستان و ئەفسانەدا گێڕانەوە گوزراشتە لەخود لەنێو کاتدا، ئەزموونکردنی گێڕانەوە گوزارشتە لە بوون و چالاکییەکانی خود، هەربۆیەش گوتاری گێڕانەوە فۆڕم و پێکهاتەی جیهانێکی خەیاڵکراوە گوزارشتە لەوبەشەی ڕابردووی خۆی، تێگەیشتنی ئێستایانە بۆ ڕابردوو بەمەش گێڕانەوە مێژووی خود و جیهان دەگرێتەوە، کە تێیدا کردار و دابونەریت و ئاکاریان دەخرێتەڕوو ( مەنتک، ٢٠٢١: ٦٧).

هەقایەت و گێڕانەوە لەخەڵکەوە بۆ خەڵکە بۆ کەسانی ناو کۆمەڵ دەگێڕدرێتەوە، تا هەم وەک تۆمار نەوە دوای نەوە بۆ کۆمەڵگا بگێڕدرێتەوە وەک چۆن مرۆڤی سەرەتایی لە سەرەتاکانی ژیاندا توانیویەتی بەهۆی دروستکردنی ئەفسانە و خورافەوە تەماشای دەوروبەر و ئاسمان بکات و تەفسیری گەردوونی پێبکات و لە دیاردەکانی بکۆڵێتەوە و بەهۆی گێڕانەوەوە گوزارشت بکات لە سەرجەم ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی بەمجۆرە گێڕانەوە خۆی دەخاتە ناو هەموو دەوروبەر و ئەوەی تێیدا دەژیت، بۆیە گێڕانە وە و هەقایەتی سەرەتایی دەماودەم بووە و مرۆڤ توانیویەتی پەیام و هەواڵ و ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی لەشێوەی خورافە و هەقایەت و مەتەڵ و دوایش لەسەدەکانی تردا بەشێوەی شێعر و داستانی قارەمانێتی و دڵداری و ئەدەبی سوارچاکی گوزارشت لە ڕووداو و سەربردەکانی سەردەمی خۆی بکات، دواتریش لەسەدەکانی تر چیرۆک رۆمانی ڕیالیزمی سەریهەڵدا و ئەو جۆرە ژانرانەی پێشتر هەبوو وەک جاران باویان نەما، هەقایەت وەک دیاردەیەکی مرۆڤایەتی چالاکیەک بووە و وا پێویستی کردووە کە سەریهەڵدا و پەرەبسێنێت، هەر لەبوونی مرۆڤەوە لەسەر ڕووی زەوی کە لەبارەی خۆی و بوونیەوە لەبارەی بنەچە و ئاواتە خۆش و ناخۆشەکانی و لەبارەی خەونەکانیەوە هەقایەتی داناوە، مرۆڤ بەهۆی هێماکانەوە تەماشای دەوروبەری خۆی کردووە و لەم گەردوونە دواوە و قسەی لەبارەوە کردووە و پەیوەندی خۆی بەهەموو هۆکارەکانی مانەوە گرێداوە بۆیە سەرکێشییەکانی خۆی بە زمان و ئاماژە و هێماکاری و ڕەنگ و ڕووناکی و پێکەنین و گریان و خەیاڵ و هاوارکردن و بێدەنگی تد... گێڕاوەتەوە.

بەمجۆرە گێڕانەوە خۆی دەخاتە نێو هەموو دەوروبەر و ئەوەی تێیدا دەژیت، ئەگەر لەژیانیشدا چەندین بەشی هەقایەتی سەرنجڕاکێش هەبێت ئەویش گەنج و ئازارەکانیەتی گێڕانەوەی لەمیانەی ئەفسانە و خورافە و خەیاڵبازی تەنەفرپوە باڵدارە سەرسوڕهێنەرەکان بووە، هەروەها بەهۆی هەواڵ و ڕۆژان و تراژیدیا و دراما و کۆمیدیا و نواندن و تابلۆی هونەری و نەخشاندنی شووشەی ڕەنگاوڕەنگ و بنەما و جۆرەکانی گاڵتەجاڕی و دیالۆگ بووە، بۆیە لەسەرەتاوە گێڕانەوە هەبووە، گێڕانەوە وەسفی بەسەرهاتێک نەبووە تا کاتی پێ بەسەربەرن بەڵکو گێڕانەوە چرایەکی داگیرساو بووە کە هەقایەتخوان بەڕووناکیەکەوە تاریکی سەرسوڕمانی ڕۆشن کردووەتەوە هۆکارێکی پتەو بووە بۆ پشکنینی و سوودبەخش بووە بۆ وەڵامدانەوەی پێویست لەبارەی ئەو پرسیارە ئاڵۆزانەوە کە هەمیشە مرۆڤ بەدوای ڕاستییەکاندا گەڕاوە کە ئامانجەکان بەدیار دەخات و هۆکارەکان دەستنیشاندەکات و مەبەستەکان دەخاتەڕوو، کە ئێمە کێین؟ بنەچەمان چییە؟ ئاواتەکانمان چین؟ ڕاستەقینەی گیانی ئێمە چییە...؟ هەربەوەشەوە هەقایەت دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ زانین و ڕێگایەکیش بۆ ناسینی لایەنی دەروونی و ژانی خەڵک و دونیا، گێڕانەوەش خۆی دەخاتە پاڵ خاکەڕاییترین کەس و مەزنترینیان لە مردن و ژیانیاندا، ئەگەر هەقایەت وەک دیاردەیەکی مرۆڤایەتی چالاکییەک بێت پێویستی هێنابێتە ئاراوە و هەر لەتەمەنی منداڵی مرۆڤەوە پەرەیسەندبێت هەروەها دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە هەرلەوکاتەوە هەبووە کە کۆمەڵگە مرۆییە سەرەتاییەکان هەبوونە، تا پێویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان و لەوانە جوانکاریش لەم کاتانەدا بهێنێتەدی و تا ئێستاکەش هەر دەیهێنێتەدی ( ڕەشید، ٢٠٢١: ١٥٩).

هەقایەت و داستان و ئەفسانەی فۆلکلۆریی هەرچەندە کۆن بن و لە سنوری زانین و بیروڕای ئەم سەردەمەدا نەبن هەر زیندوون و هەتا گەل مابێت ئەوانیش لەدڵ و مێشکدا دەژین و نەوەی ئێستا و داهاتوو لە دەسەڵات و زانینی ئەوەی ڕابردووی کۆن ئاگادار دەکەن، بۆیە فۆلکلۆر بنچینەی زانینی ئەدەبی هەموو چەرخێکە و هەرواش دەمێنێتەوە( تەقی، ٢٠٠٦: ٥).

## زاراوەی گێڕانەوەناسی

ئەم زاراوەیە بەتایبەت گرنگی بەتوێژینەوەی دەقی گێڕانەوەیی دەدات هەوڵدەدات تایبەتمەندی هونەری و دەلالیەکەی ئاشکرا بکات، هەندێکجار لە دیوێکی خودییەوە لەدەقی گێڕانەوەیان دەکۆڵێتەوە، دەقی گێڕانەوەی ئایدۆلۆژیای خۆی بەسەر توێژینەوە لەدەقەکە ناسەپێنێت بەڵکو لەڕووی نووسینی پرۆسێسەری ڕەخنەوە، دەوترێت ڕەخنەی گێڕانەوەیی لەخەمی ئەوەدایە لەڕێی بیرکردنەوەی تیۆری تازەوە کۆمەکی گێڕانەوەناسی بکات، ئەمەش دەبێتە هەوڵێک بۆ ئەوەی توخم و ڕەگەزەکانی گێڕانەوە بەوردی کاریان لەبارەوە بکرێت، هاوکات بازنەی ئیشکردنی ڕەخنەگری دەقی گێڕانەوەیش فرەوانتر بێت کەواتە ئیشکردنەکە بۆ گێڕانەوەناسی

پرۆسێسەرێکپی تەواوکاریانە، چونکە هەردوو لایان پەنا بۆ ئەوی دیکە دەبات کەواتە گێڕانەوەناسی زۆر پێویستی بە ڕەخنەی گێڕانەوە هەیە بەهۆی هەموو ئەو تیۆری و میتۆدانەی لەبارەی گێڕانەوە ئیشیانکردووە، زانستێک دێتەکایەوە کە دواتر بەگێڕانەوەناسی دەناسرێت، بەمەش کاتێک لە مێژووی توێژینەوە (ڕەخنە) لە گێڕانەوە لە ئەورووپا دەڕوانێت، دەکەوینەبەر کێشەی زاراوە و چەمکی زۆر بۆ نموونە، گێڕانەوەگەری سیمۆلۆژیایی گێڕانەوە زانستی دەقی گێڕانەوەیی، هەموو ئەم زاراوانە نیشانەی ئەوەن مێژووی ڕەخنەی گێڕانەوەیی مێژووییەکی دووررودرێژە ناچارین، بۆ ئەوەی بزانین ڕەخنەی گێڕانەوەیی چۆن هاتووە؟

هەندیک لە بۆچوونی تیۆرزانەکان لە بواری گێڕانەوەیی دەهێنینەوە:

گێڕانەوە لەبنەڕەتدا زاراوەیەکی ڕەخنەییە لە ڕەخنەی نوێدا، واتە ( گواستنەوەی ڕووداوێکە لە شێوە ڕاستییەکەیەوە بۆ شێوە زمانییەکەی) کەواتە کاتێک ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەخەینە سەر کاغەز ئەوا دەبێت خەیاڵی نووسەر ڕۆڵ لە گواستنەوەی ڕووداوەکە لە ڕاستییەوە بۆ شێوەی دەقێکی ئەدەبی ببینێت. یەکێک لەپێناسە وردەکان بۆ گێڕانەوە پێناسەکەی ( ڕۆلان بارت)ە، کە دەڵێت: ( گێڕانەوە وەک ژیان وایە، زانستێکە لەمێژوو و ڕۆشنبیرییەوە پێشکەوتووە) لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، پێناسەکردنی چەندە فرەوانە، گێڕانەوەش دیاریکردنی وەک چەمک هێندە فرەوان دەبێت چونکە پەیوەندی بەخودی مرۆڤەوە هەیە و کەرەسەیەکە لە کەرەسەکانی مرۆڤ بۆ گوزارشتکردن بە بڕوای فۆرمالیستەکان، گێڕانەوە بۆ هەقایەتێک بگێرینەوە بەهۆی وەگێڕ و گوێگرەوە، گێڕانەوە لێرەوە دەبێتە فۆرم، واتە ئەو فۆرمەی ناوەڕۆکەکەی پێ دەگێڕێتەوە کەواتە پێناسەکە هەمان پێناسەی فۆرمالیستەکان بۆ ئەم چەمکە بەدیوێکی تردا گێڕانەوە سەرلەنوێ باسکردنەوەی ژیانە، کە بنەماکانی ژیانی تێدایە لە کارەکتەر ، ڕووداو، کات و شوێن، لەوێدا ململانێی هەیە، دایەلۆگی هەیە، فرەی لە زمان و ئایدۆلۆژیاشدا هەیە.توێژینەوە و ڕەخنەی گێڕانەوە سەرەتا لەسەر دەستی فۆرمالیستە ڕووسەکان و پاشان بونیادگەرەکان دەستی پێکرد، سەرەتا توێژینەوەکان لەڕووی تیۆریەوە بوون و پاشان بەرەبەرە لایەنی پراکتیکی گرتەوە، توێژینەوەکان سەرەتا لەبارەی فۆرمە سەرەتاییەکانی گێڕانەوەی خورافی هەقایەتی میللی و ئەفسانەکان بوون، ئەمەش ڕێخۆشکەربوو بۆ ڕەخنەی گێڕانەوە، پاش فرەوانبوونی سنوری توێژینەوەی گێڕانەوە، توێژینەوەی گێڕانەوە لە ڕاڤەکردنی بونیادی ناوەوەی گێڕانەوە گوازراوەیە بوو بە ڕاڤەکردنی بونیادی دەرەوە، بە تایبەت گوتاری گێڕانەوە.

توێژینەوە لە بونیادی ناوەوەی دەق بە میتۆدی بونیادگەری هەیە، هەربۆیەش توێژینەوەی گێڕانەوە لەبارەی کەرەسە و ماددەی گێڕانەوە کاردەکات، بۆ ئەمەش بنەمایەکی زانستی نەک ڕەخنەیی و هونەری دەگرێتەبەر کاتێک زانست بۆ گێڕانەوە دێتەبوون، دوو ئاڕاستە لە

توێژینەوەی گێڕانەوەی پەیدا دەبێت، ئاڕاستەی یەکەم گێڕانەوەناسییە و ئاڕاستەی دووەم گێڕانەوەگەری، شێوازی ئیشپێکردنی ئاڕاستەی یەکەم ناوەڕۆکییە، دێت توێژینەوە لە هەقایەتەکە و ناوەڕۆکی هەقایەتەکە دەکات، دووەمیان فۆڕمیە، توێژینەوە لە هەقایەتەکە وەک فۆڕمێکی هەقایەت بەرامبەر فۆرمەکانی تری ئەدەب. ئاڕاستەی گێڕانەوە وەکو گوتارێک و فۆڕمێکی گوازارشتکردن دەبینین. لەنێودارترین توێژەرانی ئەم ئاڕاستەیە ( جیرار جینێت و تۆدۆرف)ن ئاڕاستەی دووەم گێڕانەوە هەقایەتێک یان زنجیرەیەک ناوەڕۆکی گێڕانەوەی دەبینن، ناودارترین توێژەری ئەم ئاڕاستەیە (گریماس) بە بڕوای (ییف ڕۆتەر) لە توێژینەوەی گێڕانەوەدا دوو بنەڕەتی سەرەکی هەیە، یەکەمیان پێداگرییە لەسەر دەق، بەوەی ماددەیەکی دەربڕدراوی سەربەخۆیە بەتایبەت لە پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە، دووەمیان جیاوازی میتۆدی لەنێوان ئاستەکانی ڕاڤەکردنی ناوەوەی دەق، کەواتە توێژینەوەی گێڕانەوە هەردوو ئاستی ناوەڕۆک و فۆڕمی دەقی گێڕانەوەیی دەگرێتەوە ( مەنتک، ٢٠٢١: ١٩٠).

**پێناسەکانی گێڕانەوە:**

سەبارەت بە پێناسەی گێڕانەوە چەندین پێناسەی جۆراجۆر بۆ گێڕانەوە کراوە، کە وەکو پرۆسەیەکی ئاخاوتن ڕوویەکی فرەوانی لە ژیانی مرۆڤدا داگیرکردووە چونکە هەر لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ و لەهەموو کۆمەڵگاکاندا دەرکەوتووە، شتێکی گشتی و جۆراوجۆرە هەموو ئەو ڕەگەزە ئەدەبیانەی کە پشت بەڕەگەزی گێڕانەوە دەبەسێت وەکو ئەفسانەی پڕوپووچ و هەقایەتی میللی و هەقایەتی هونەری تد... لە گێڕانەوە پەیدابوونە و شێوەی خۆیان وەرگرتووە، هەر مرۆڤێکیش لە گێڕانەوەدا شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە.

(جەمال میر سادقی) لەپێناسەی گێڕانەوەدا دەڵێت: گێڕانەوە بریتییە لەجۆرێک بەیانکردن لەگەڵ کرداردا، کە ڕێڕەوی ڕووداوەکانی ژیان لەگەڵ کاتدا لە هەقایەت و جوڵەدایە و دەبێت جۆش و خرۆشی لەگەڵیاندا هەبێت، گێڕانەوە ئەو پرسیارە وەڵام دەداتەوە کە ئایا لەنێو هەقایەتەکەدا چی ڕوودەدات و دەیگێڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا فۆڕمالیستەکان وایدەبینن، کە گێڕانەوە بریتییە لە گەیاندنی هەقایەتێک بۆ گوێگر یان خوێنەر بە میانگیری و ناوەندگیری هەقایەتی تر و گێڕەرەوەیە لەنێوان کەمایەتییەکانی ناو هەقایەتەکە بۆ وەرگر (ڕۆلان بارت) ئاماژە بەوە دەکات کە دەکرێت ئەم گێڕانەوەیە لە ڕێگەی زارەوە یان لەڕێگەی نووسینەوە یان لەڕێگەی وێنەیەکی جێگیر و جوڵاو دەبێت.

(دکتۆر عیزەددین ئیسماعیل) لە پێناسەی گێڕانەوەدا دەڵێت: گێڕانەوە بریتییە لە گواستنەوەی ڕووداو لە وێنەی ڕاستییەوە بۆ وێنەی زمانەوانی، لێرەدا ئاماژە دەکات بە ڕووداوە ڕاستەقینەکانی کە بەزمان دەگێڕدرێتەوە بەڵام (مەحموود هیلال) بەم شێوەیە پێناسەی

گێڕانەوەی کردووە کە دەڵێت: گێڕانەوە بریتییە لەو دەستەواژەییەی کە ڕووداوێک یان چەند ڕووداوێک یان هەواڵێک یان زیاتر دەگرێتەوە، لە ڕاستییەوە وەرگیرابێت یان دەرهاویشتەی خەیاڵ بن، مەبەستی ئەوەیە ڕووداوێکی خەیاڵی یان ڕاستی دەگێردرێنەوە. بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد گێڕانەوە بەدوو واتا خراوەتەڕوو: یەکەم کردەیەک یان پرۆسەیەکی پێوتن (گێڕانەوەیی) هەقایەتەکانە بەتایبەتی لە ڕۆمان و فیلم و شانۆگەرییەکان. دووەمیان: دەکرێت بلێین وەسفکردن ڕووداوێکە لەڕێگەی قسەکردنەوە لە ڕۆمان و فیلم و شانۆگەرییەکان بەم شێوەیە گێڕانەوە کردەیەکە لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدرێت.

(جان لۆفیف) دەڵێت: سەبارەت بە پێناسەی گێڕانەوە دەڵێت: هەر پەیڤێک کە جیهانێک دەگەڕێنێتەوە بۆ هزر کە لەهەردوو ڕەهەندی جیهانی ماددی و مەعنەوییەوە بە جیهانێکی ڕاستی وەرگیرابێت و دەکەوێتە شوێن و کاتێکی دیاریکراوەوە و زۆربەی کاتیش بە هەڵگەڕاوەیی لەڕێگەی گۆشەنیگای کارەکتەرێک یان زیاتر پێشکەشدەکرێت ( ساڵح، ٢٠٢٢: ٨).

گێڕانەوە پێویستی بە گێڕەرەوە هەیە، چونکە ئەو کەسەی کە بە کاری گێڕانەوە هەڵدەستێت پێیدەوترێت گێڕەرەوە، گێڕەرەوەش بریتییە لەوکەسەی کە هەقایەتێک دەگێڕێتەوە یان هەواڵی لەسەردەدات ئەگەر ڕاستی بێت یان خەیاڵی بێت مەرج نییە ناوێکی دیاریکراوی هەبێت، وەرگر لەڕێگەی دەنگ و زمانەوە ڕووداوەکان وەردەگرێت، کەواتە زمان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە گێڕانەوەدا و بەردەوام کاریگەری خۆی دروست دەکات لە هەموو هەلومەرج و بارودۆخەکاندا. گێڕانەوە لە هونەرە سەرەکییەکانی ئەدەب، کە لە هەموو پلەکانی ئەدەبدا سەروەرە هەروەها شێوازی گێڕانەوەی ئێستاتیکا و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەم گێڕانەوەش لە هەقایەتدا بێت یان لەڕۆمان، یان لەژیانی ڕۆژانەدا بێت لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کاتێک باسی گێڕانەوە دەکەین، وشەی گێڕانەوە پەیوەندی بە فرمانی یان کرداری (گێڕەرەوە) هەیە.

ئەو ڕووداوانەی کە ڕۆژانە بەسەر ئێمەدا دێت یاخود کەسانی دیکە کەم تا زۆر کاریگەری جێدەهێڵێت لەسەرمان بۆیە دەکەوێتە گێڕانەوەی ڕووداوەکە لەبەرامبەردا گوێگر ئامادەیی هەیە بەم پێیە ئێمە گێڕەرەوەی ژیانین. بونیادی توخمەکانی گێڕانەوە، لەڕشتەی مرواری دا کە لەڕەگەزە سەرەکییەکانی گێڕانەوە پێکدێت بریتین: لە بابەت، ڕووداو، کەسێتی، کات و شوێن، گرێچن، پەسن و گفتوگۆ. بە ڕۆحیەتی تەنزی و بەجۆرێک کە هەریەک لە ڕەگەزەکان بە بەرگی گاڵتەئامێزییەوە کاردەکەن بۆ پێکهێنانی گێڕانەوەیەکی ئامانجدار، گێڕانەوە یەکێکە لە هونەرە سەرەکییەکانی ئەدەب، کە لەهەموو پلەکانی ئەدەبدا سەروەرە، هەروەها شێوازی گێڕانەوە ئێستاتیکا و تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەر لەوکاتەوەی مامۆستایەک لە قوتابخانە وانە دەڵێتەوە، هاوڕێیانی قوتابخانە، هاوڕێیانی سەرنشین لە شەمەندەفەرێک، ئاژانسێکی هەواڵ، پەیامنێری

تەلەفزیۆنێک، هەرکەسێک کە بیەوێت شتێک بگێڕێتەوە، چ ئەو ڕووداوانەی کە دێنە ڕێگەی یان بەسەرمان دێن، بۆیە گێڕانەوەی ڕووداوەکە یان باسە و مەبەستەکە کاردانەوەی دەبێت لەسەر گوێگر یان وەرگر، جگە لەوەی گێڕانەوە دەبێتە سیحرێک بۆ پەلکێشکردنی خوێنەر بەدوای ئەو بابەتەی دەیخاتەڕوو. مرۆڤ هەر لەسەرەتای خەلقبوونیەوە جۆرە زمانێکی ئاخاوتنی هەبووە بۆ ئەوەی لەگەڵ کەسانی دەوروبەری خۆی گفتوگۆ بکات و، ئەوەی چاویشی پێکەوتووە و پێی سەرسام بووە یان حەزی لێیبووە یان لێی ترساوە تا بەهۆیەوە بیگێڕێتەوە و باسی بکات، هونەری گێڕانەوە تایبەتە بە مرۆڤ و بە ئامرازی یەکەم دەژمێردرێت لە هەقایەتدا ( موفتی، ٢٠١٢: ١٠).

**توخمەکانی گێڕانەوە لە ڕشتەی مرواریدا:**

**١-بابەت:** کاتێک یەکێک گوێبیستی هەقایەتێک دەبیت، ئەگەر لەبارەی هەقایەتەکەوە لێی بپرسین ڕەنگە لێی بپرسین هەقایەتەکە لەسەر چی بووە و بۆیە هەموو هەقایەتێک بەدەوری بابەتێکدا دەخولێتەوە، دانەرەکەی تیایدا مەبەستی دەرخستنی ئامانجێکە، تێیدا هەقایەتنووس دەیەوێت لە کارێکی هونەری جواندا بیخاتەڕوو و هەوێنی بابەتەکە لەگەڵ ڕەگەز و پایەکانی هەقایەتدا پێکەوە دەقێکی هونەری ڕەنگینیان لێ دروست بکات (سەبری، ٢٠١٠: ٨٣). ناوەڕۆکی بابەتەکان دەرخەری پەیامێکن، لەپشت هەقایەتەوە پەیامێک هەیە بۆ گەیاندن بەگوێی خوێنەر یان گوێگر، جا پەیامەکە چ نەسیحەت بێت یان پەند و وانەیەک یانیش بۆ پێکەنین، یان تەنها گێڕانەوەیەک بۆ مێژوو؛ دەکرێت ئەمانە پێکەوە لە هەقایەتێکدا بێن، چونکە هەریەک لە توخمەکان گرێدراوی یەکن و پێکەوە هەقایەتەکە دەچنن.

{ژنێکی مەنمی کوڕێک و برایەک و و مێردێکی ئەبێ؛ هەرسێکیان لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە ئەگیرێن و فەرمانی خنکاندیان ئەدرێ. ژنەکە لەبەر (دارقەواخ) کەدا کە بۆ ئەوانن هەڵخرابوو ئەوەستێت و بێ هۆش ئەکەوێ. حاکم ئەنێرێ ئەیهێنن، ئەڵێ: ژنەکە یەکێ لەم سێ کەسەت پێ ئەبەخشم، جا بۆ خۆت یەکێکیان هەڵبژێرە. ژنە خێرا ئەڵێ: (براکەم) حاکم ئەڵێ بۆچ براکەتت هەڵبژارد؟ کوڕ بەو خۆشەویستیە و مێرد بەو نازدارییە گوێت نەدانێ ئەویش ئەڵێ: ( جەنابی حاکم، سبەینێ ئەچم مێردێکی تر ئەکەم، ئەوە مێردەکەم. کوڕێکیشم ئەبێ ئەوەش کوڕەکەم؛ بەڵام تازە باوک و دایکم بۆ زیندوو نابنەوە و برایەکی ترم بۆ بهێنن. حاکم کە گوێی لەم وەڵامە ئەبێ، هەرسێکیانی پێ ئەبەخشێ} (سەجادی، ب١ ل ٨). بابەت لێرەدا گرتن و سزادانە، لەپڕ قسەیەک بابەتەکە دەگۆڕێت بە لێخۆشبوون، لەپاڵ ئەوەشدا هەڵبژاردنی ژنەکە، بۆ براکەی کە ئەمە وانەیەکی جوانە و باس لەوەدەکات، دەکرێت برا لە هەموو ئەوانە گرنگتر بێت لە پشت خوشکەکەی بێت، بەجێگەی کوڕ و مێردەکەی کە ئەگەری دووبارەبوونەوەیان هەیە، بەڵام براکەی دووبارە نابێتەوە.

{پیاوێک گێڕایەوە وتی: چوومە حوجرەی مەلایەک کە بە منالآنی ئەخوێند، سەیرمکرد هەر خۆیەتی. وتم: ئەفەندی ئەوە کوا منالّەکان؟ وتی: وان لە کۆلآنا یاری ئەکەن. وتم: حەز ئەکەم چاوم پێیان بکەوێ. وتی فلآنی ناوێرم لەگەڵت بێم پیشانت بدەم، خۆت بچۆ ئەوا لەو کۆلآنەن چاوت پێیان بکەوێ، بەلآم سەرت ڕووت کە نەوەک لە دوورەوە بە منت بزانن، دێن بە پەنجە و فیکە چاوت کوێر ئەکەن} (سەجادی، ب٣ ل١٣١). ناوەڕۆکی ئەم بەسەرهاتە، پێماندەڵێت: کە منالّەکان لەودەمەدا ڕقیان لە دەرس و حوجرە و خوێندن و مامۆستاکەشیان بووە، بەجۆرێک کە یەکێکیشیان ببینیایە لە شێوەی مامۆستاکەیاندا داخی خۆیانیان پێ دەڕشت، ئەوەندە بەزۆر دەرس و دەوریان پێ خوێندراوە و بەوجۆرە بێزاری و دڵپڕی خۆیانیان دەربڕیوە، زیاتر بەهۆی ئەوە بووە کە وانەکانیان بە زمانی عەرەبی بووە و ئەمانیش هیچی وایان لێ نەپێکاوە و بولبول ئاسا لەبەریانکردووە و وتوویانەتەوە بێ ئەوەی حاڵی ببن باسی چی دەکات و دەربارەی چییە!.

یەکێکی تر لەبابەتەکان تاقیکراوەکانی کوردیە، لەم بەشەدا سەجادی مەزن، ئەو بیروباوەڕە فەلسەفیانەی خەڵک بە تێپەڕبوون بەسەر ژیانی خۆیاندا دەماودەم هێشتوویانەتەوە و گەشتووەتە سەجادی و بەناوی گەلەوە باسیان لێوە دەکات، کەهەمووی تایبەتە بە ژیانی کوردەواری و کاروپیشە و بۆنە و ڕێوڕەسمە کۆمەلآیەتیەکان، کە هەریەک لەمانە، بەچەندین نەوە بیستوویانە و ئامانج لێی وریابوونەوە و نەسیحەت کردنی ئەوانەی دوای خۆیانە.

لەبەرگی سێیەم و چوارەم و پێنجەمدا لەبەشی تاقیکراوەکانی کوردیدا بە ئەڵێن دەستپێدەکات:

_ ئەڵێن پیاو بە شەو گوێ بخاتە سەر ئەرزەکە و هەستی خۆی بۆ ڕاگرێ تا حەوت فرسەخ چ دەنگ و سەنگێک هەبێ گوێی لێ ئەبێ (سەجادی. ب٣. ل٢٥١). دیارە ئەمە تاقیکراوەتەوە و شتێکیان گوێ لێبووە بۆیە دەماودەم هاتووە.

_ ئەڵێن لە ڕۆژی هەتاو و خۆشی زستانا، ئەگەر چۆلەکە دەستی کرد بە مەلەکردن و باڵە فڕکێ ئەوە باران ئەبارێ (سەجادی، ب٣ ل٢٥٢). بەهەمان شێوەش ئێستا کاتێک چۆلەکە باڵەفڕکێ دەکات بەتەمەنەکان وای دادەنێن کە باران دەبارێت.

_ ئەڵێن پیاوی پشتمل پان، بێ ئەقڵە (سەجادی. ب٣. ل٢٥٢). زۆرجار گوێم لێبووە نەنکم کە ڕقی لەیەکێک بووبێت و هاتبێت بە باسیدا گوتوویەتی ئەو کەرە پشتمل پانی بێ ئەقڵە، ئاوا و ئاوایە.

_ ئەڵێن ئینسانی پارەدار کڵاوی چڵکنە (سەجادی، ب٣ ل٢٥٤). بیستوومە ئەوانەی دەوڵەمەند و خواپێدراون، زۆر گوێ نادەنە پاکوخاوێنی، گوایە لەبەر تەماح کاتی ئەوەیان نییە.

ـ ئەڵێن پیاوی بێ ژن لە گوێ ئاگردانا کە دووکەڵی بۆ چوو، ئەوە ژنی جوانی ئەبێ (سەجادی، ب٣ ل٢٥٥). بیروباوەڕێکی تر هەیە، گوایە ئافرەتیش دووکەڵ بۆی بچێت، ئەوە خەسووی خۆشی دەوێت.

ـ ئەڵێن لەنێو کوردانا وڵاغی خۆشەویست مووروووی شینی لە مل ئەکەن، لەبەرچاوەزار (سەجادی، ب٣ ل٢٥٥). لەنێو کوردانا مووروووی شین بۆماڵیش هەڵدەواسرێت هەر لەبەر چاوەزار، هەتا بازن و دەستبەندیان لە مووروووی شین دەکردە دەست و قاچی منداڵ، لەبەر چاوپیسی خەڵکانی دەوربەریان.

ـ ئەڵێن برنج کە ئەیکوڵێنن بۆ پڵاو ئەو ئاوەی کە دایئەهێڵن منداڵێ کە کۆکەی هەبێ ئەو ئاوەی بدەنێ کۆکەکەی نەرم ئەبێ و چاک ئەبێتەوە ( سەجادی، ب٤ ل ٤٦٢).

ـ ئەڵێن ئەگەر بتەوێ جوانی و زمان شیرینی ژن تاقی بکەیتەوە لەو وەختەدا کە بەیانیان لەخەو هەڵئەسێ سەیری بکە ئەگەر جوان بێ دەرئەکەوێ، ئەگەر زمان شیرینیش بێ هەر دەرئەکەوێ (سەجادی، ب٤ ل٤٦٣). تێڕوانینی کۆن بۆ ژن هەرچییان وتبێت، تا ڕادەیەک، ڕاست بووە و دەتوانرێت کەڵکی لێوەربگیرێت و لەم دەمەشدا تاقی بکرێتەوە.

ـ ئەڵێن سەری زل و گوێی بچووک نیشانەی ژیری و زیرەکییە. سەری بچووک و گوێی زلیش نیشانەی بێ ئەقڵی و نەزانینە (سەجادی، ب٥ ل٥٧٧). زوو دەیانوت بەیەکێ، ئەو گوێ زلە کەرێکە بۆ خۆی هیچ نازانێ بێ عەقڵی وا.

ـ ئەڵێن کە یەکێ سەیری ئەو کەسە بکات کە هەڵواسراوە واتە دراوەتە دار، کەم فیکر ئەبێ! ( سەجادی، ب٥ ل ٥٧٨). بەهۆی ترسان و خۆف دروستکردن ئەمەیان وا لێکداوەتەوە.

ـ ئەڵێن نە پیاوی پیر بنێرە بۆ کەر کڕین، نە پیاوی برسی بنێرە بۆ نان کڕین، نە پیاوی گەنج بنێرە بۆ ژن خواستن ( سەجادی، ب٥ ل٥٧٩). قسەکە ئەوەیە پیاوی پیر گوێ بەوە نادات کەرەکە چۆنە؟ باشە یان خراپە دەیکڕێت، هەرئەوەندەی ئیشی پێی بڕوات. پیاوە برسیەکەش بەلایەوە گرنگ نییە نانەکە سوتاوە یا جوان نەبرژاوە، خەیاڵی لای ئەوەیە کە زوو نانەکە بکڕێت و خۆی تێر بکات. پیاوە گەنجەکەش هەڵپە هەڵپی ژنییەتی و باش لە دونیا حاڵی نەبووە، هەرکەس ببینێت پەسەندی دەکات. ئەمە بۆ چەندین بابەتی تر بەکاربێت ببێتە وانە بۆ کایەکانی تری ژیانی مرۆڤ، کە لەهیچ شتێکدا وا نەزانێت کە تەنها دەبێت ئیش بەڕێبکات و پەلەی بێ لەوەی بۆ ساتێک دڵخۆش بێت یانیش ڕاکە ڕاکی دونیا بیری بباتەوە کە چۆن بڕیارت بدات لەبارەی هەڵبژاردنی ژیانیەوە؛ بەمجۆرە بابەت خۆی دەئاخنێتە نێو سەربووردەکانی دواتری دنیا.

بابەت کرۆکی گەیاندنی ئەو مەبەستەیە کە قسەکەر دەیەوێت، گوێی وەرگر یان خوێنەری پێ پڕبکات.{ ئینگلیز تازە هاتبوونە عێراقەوە، زابتێکی گەورەی ئینگلیز لە فەقێ جنە لە دیواخانی حەسەن بەگی حسەین بەگدا دائەنیشێ و دەست ئەکا بە قسەکردن و بەشان و باڵی چاکی خۆیانا دێت. مەحمودی نادریش لە دیواخانەکە ئەبێ. ئینگلیزەکە هەمووجار ڕوو ئەکاتە مەحمودی نادر و ئەڵێ ئەمەتان بۆ ئەکەین و ئەوەتان بۆ ئەکەین. کە ئەو لە قسەکانی ئەبێتەوە، مەحمودی نادریش لەسەرخۆ پێی ئەڵێ: ئینگلیز بەگ! ئێمە دابەستە خزمەت ئەکەین و پاشان سەری ئەبڕین! ئەڵێ کابرای ئینگلیز ئیتر نقەی لە دەم بڕا!} (سەجادی، ب٣ ل٢٢٣). لەنێو کورداندا ئەوەنە پەند و قسەی بەجێ و دەم داخەر زۆرە، کە دەتتوانی بەیەک قسە، بدەی لەقسەی بەرامبەر و نقەی لێببڕی، دیارە ئەو دەمەش زۆر پڕبوون لە ئینگلیزی داگیرکەر و بەو قسەیە بێدەنگیان کردووە، کەواتە شێوازی وەڵامدانەوە خۆی بۆخۆی بابەتێکە.

{شێخ محەمەدە شێتە هەبوو بۆ حەج ئەچوو. ژنێکی هەبوو گوڵباخ ی ناوبوو، گوڵباخ پێی وت: زوو وەرەوە، ئاگات لە دوای خۆت بێ، شێخ محەمەدیش پێی وت: من ئاگام لە دوای خۆم ئەبێ، تۆیش ئاگات لە بەری خۆت بێ}( سەجادی، ب٧ ل٧٠٩). سەرنج بدەین چەند بەڕێکی پیاوەکە قسەکەی پێکاوە و وەڵامی ژنەکەی دەداتەوە، کە ئەم ئاگای لەخۆی دەبێت، بەس تۆیش ئاگات لە وانێکەکەت بێ، کەس نەیەت بەلایدا و ئابڕوومان بچێت، کەواتە بابەت هەمیشە لە دەوری گەیاندنی شتێکدا دەسوڕێتەوە هەتا خوێنەر و وەرگر فێربکات بەوەی کە دەیەوێت، ئەمەش دەورێکی پڕبایەخ دەبینێت لە ناوەڕۆکی هەقایەت و سەرگوزەشتەکاندا.

**٢-ڕووداو:** ئەو توخمەیە کە پرۆسەی گێڕانەوەی لەسەر بونیاد دەنرێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی کارەکتەرەکان لە چوارچێوەی کات و شوێنێکی دیاریکراودا ئەم ڕووبەڕوو بوونەوانەش لەڕێگەی هۆ و هۆکارە و لە بەدواهاتنێکی ڕێکوپێکدا یاخود بەشێوەیەکی تێکشکێنراو و بەبێ ڕەچاوکردنی هۆ و هۆکار دەخرێتەڕوو. ژیانیش پڕ لەڕووداوی جۆراوجۆر ڕووداوەکانیش لەڕووی چەندێتی و چۆنیەتی هەروەها لە بەهاداری و بێ بەهایی، خۆشی و ناخۆشی و ناوبانگی و جێگەی باس و خواس و یان قێزەونی ناوبانگی دەکردووە بەهاو گرنگی ڕووداو لە هەقایەتدا بەگوێرەی ناوبانگی قێزەونی یاخود سادەیی و ئاڵۆزی ڕووداوەکە نییە، بەڵکو بەگوێرەی چۆنێتی مامەڵە کردن و بەکارهێنانی هونەریانەی ڕووداوەکە و بەستنەوەی بە توخمە پێکهێنەرەکانی دیکەوەیە.

یەکەمین کەسێک کە لە ڕووی هونەرییەوە لە ڕووداو دوابێت "ئەرستۆیە " لای ئەرستۆ: ڕووداو لاساییکردنەوەی کردارە، پێویستە ڕووداو، یەک ڕووداوی تەواوبێت( واتە سەرەتا- ناوەراست و کۆتایی هەبێت) بەشەکانی پێکەوە نووسرابن، کە بەلابردنی یان گواستنەوەی هەربەشێک

کارەکە بشێوێت، چونکە ئەوەی دەکرێت زیاد بکرێت بەبێ ئامانجێکی دیاریکراو نابێتە بەشێک لە گشت؛ ئەمەش دڵنیاکردنەوەی ئەرستۆیە کە ڕووداو بونیادی ڕۆحی دەقە و لە خستنەڕووی مەبەستەکانیدا پشت بە لاساییکردنەوە دەبەستێت.

"جیراڵد برۆنس " یش لەخستنەڕووی ڕووداو و ڕۆڵی لە بونیاتناندا، هەمان تێڕوانینی هەیە و دەڵێت: ڕووداو زنجیرە بەسەرهاتێکی پێکەوە بەستراوی واتادارە کە لە چوارچێوەی ڕێچکە کردارێکدا لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەوە بەدوای یەکدا دێن، بەقسەی ئەرستۆش ڕووداو بریتییە لە گۆڕانی بێبەختی بۆ بەختیاری و بە پێچەوانەوە. هەروەها ( دکتۆرعیزەددین ئیسماعیل) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕووداو توخمێکی سەرەکی بونیادی هەقایەتە و دەڵێت: ڕووداو کۆمەڵە بەسەرهاتێکی بەش بەشی پێکەوە بەستراوە کە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕێکخراون، پێویستە لەهەموو هەقایەتێکدا بەگوێرەی سیستەمێکی دیاریکراو شتەکان ڕوودەن بە گوێرەی ئەو سیستەمەش چوارچێوەیەک لەوی تر جیادەبێتەوە. (دەیڤید ورد) یش دەڵێت: جگە لەو بنەمایانەی جەخت لەسەر پرۆسەی گێڕانەوە دەکات، ڕووداویش شتێکی سەرپێیی نییە، بەڵکو زیاترە لەوەی تەنیا شتێک بیت و ڕوودات، چونکە بەشداری پرۆسەی گێڕانەوە دەکات (مستەفا، ٢٠٠٨: ٦).

ڕووداوەکانی ڕشتەی مرواری پڕن لە بەسەرهاتی هەمەجۆر و فرە لایەن هەر لە هەقایەتەکانی بەرگوێ ئاگردانی کوردییەوە هەتا لافاوەکەی سلێمانییەوە هەتا دەرد و پەتاو نەخۆشییەکان و کاتی ڕوودانیان، ڕووداوەکانی نێو هەقایەتەیەکان بەچەندین جۆر لواون، هەیانە بۆ چێژو خۆشیی ناو کۆڕ و کۆمەڵە بۆ {ساڵێک لەو وڵاتە شەهید باوی پەیداکردبوو، هەرکەس کە ئەمرد ئەیانوت شەهیدە، شێخ محەمەدی شێخ جەلال گێڕایەوە وتی: مەلا حەسەنی دەرەویانی هەبوو، ئەیوت: جەحەنم لەبەر شەهید ناشکوری نەبێ بەر کەس ناکەوێ}(ب ٦ ل ٦٤١). ڕووداوەکان لە ڕشتەدا دەکرێت پەیوەست نەبن بەکاتێکی دیاریکراو واتە کاتێک بەسەرهاتێک دەگێڕدرێتەوە سەرەتاکەی بەمجۆرە دەستپێدەکات:(لە سەرەتای ساڵی...، لەشەڕی هەزاروسێسەد و...، ساڵێک بومەلەرزەیەک لە...، ساڵێک لالەسەرحەدی ڕوغزایی...، هەتا ساڵانی ١٩٢٥، لەقسەی گوێ ئاگردانی کوردییەوە دەڵێت، ساڵێک خێڵ دەگاتە دەشتی شلێر، ساڵێک شتێک هەبوو پێیان دەوت، لەم ساڵانەدا لەبناری کۆیە) لێرەدا کە دەڵێت لەم ساڵانەی دواییدا لە بناری کۆیە، دەتوانین دەستنیشانی کاتەکە بکەین بەوەی کە ئەم بەسەرهاتە لەبەرگی دووەمی کتێبەکەدایە و بەرگی دووەمیش لە ساڵی ١٩٥٧ دەرچووە، یان ئەو ڕووداوانەی پەیوەستن بە مێژووەوە کە دیار و تەواوکارن لەوێدا کە دەڵێت: ئەمیر تەیموری گورگانی (٧٧١- ١٠٧) هیجری، لێرەشدا ڕووداو پەیوەیستە بەکاتەوە و دیاریکراوە.

بەشێکی زۆری ڕووداوەکان ڕەخنەی تەنزاوین و لە ناشرینییەکانی کۆمەڵ دەدوێت بە چەندین شێواز ئاماژە شلوشێواوییەکانی ژیان و میللەتی کوردی بەیان کردووە لە نموونەی: بەشێک تریشی نیشانەی فێڵبازی و قسەزانی خەڵکە ڕەشۆکەکەیە کە خۆیان بەقسەی زل پەڕاندووەتەوە. {سواڵکەرێک چووە لای کابرایەک وتی: پوولێکم بەرێ بۆ خوا. وتی: چی چی؟ وتی: پوولێکم بەرێ بۆ خوا. وتی: کەواتە تۆ بڕۆ من خۆم چاوم پێ ئەکەوێ}(سەجادی، ب ١ ل ١١٤). یان {لەو کوردەوارییە شێخێک ئەچێتە دیواخانی ئاغایەک، سەیر ئەکا هیچیان بۆ نەکردووە. شێخە توڕە ئەبێ ئەڵێ: بۆ چ نان و تفاقتان ڕێک نەخستووە؟ ئاغاش دەست ئەکا بە لەخۆبوردنەوە و ئەڵێ: یا شێخ! قوربان! لێمان ببورە فریا نەکەوت، وا بزانە تەکیەکەی خۆتانە!} (سەجادی، ب١ ل ١١٥). واباوبووە هەمیشە جەنابی شێخ بڕواتە هەر شوێنێک لەگەڵ داروودەستەکەی، ئیتر ئەو شوێنە لەهەرچییەک ئاژەڵ و مەڕوماڵات و کەرێ و دۆ و ماستی ئەو ماڵە یان ئەو شوێنەی بۆی دەچوو، لەخزمەت ئەودا بن، لەمەیشدا ئاغاکە زیرەک بووە بەوەی کە زانیویەتی تەکیەی شێخ و فەقێیان هەمیشە چاوەڕێی دەستی گەورە ئاغ و خەڵکن نانیان بدات وای پێگووتووە و دەمکوتی توڕەبوونەکەی شێخی کردووە. هەروەها لەبارێکی تردا {کابرایەکی ئەو خۆشناوەتییە بارێ گۆزە و دیزە بارئەکا و ئەیهێنێ بۆ هەولێر. لە قەراغ شار کابرایەکی باجگری تووش ئەبێ و دارێک بە هەموو هێزی خۆی ئەدا بە لای بارەکەدا، نیوەی ئەشکێنێ و ئەڵێ: ئەم بارەت چییە؟ کابرای خۆشناویش ئەڵێ: ئەگەر دارێکی تری پیا بکێشی هیچ} (سەجادی، ب٥ ل٤٩٧).

لەباسێکی تردا دواکەوتوویی و نەزانینی خەڵکەکە نیشاندەدات {چەند کەس پێکەوە دانیشتبوون قسەیان لەشەو- هەستانەوە ئەکرد، مەبەستیان لەشەو هەستان، شەونوێژکردن بوو. کابرایەکیان لەگەڵ بوو زۆر بەدڵ گوێی بۆ ڕائەگرتن، لێیان پرسی: کاکە تۆیش بەخێر بەشەو هەڵئەستیتەوە؟ وتی: بەڵێ. وتیان چی ئەکەی؟ وتی: میز ئەکەم و ئەچم ئەخەوم}(سەجادی، ب٢ ١٢٩ل). هەروەها لە ڕووداو و لافاوەکەی شاری سلێمانیدا کە ڕووداوێکی مێژوویە سەجادی هەر لە دەستپێکی ڕۆژەکەوە و لە گەڕەکەکانی مەڵکەندی و تا ئەسحابەسپی و قەیسەرییەکانی نەقیب بەرەو ئەزمەڕ و تا دوایی لە تانجەرۆ و عەربەت دەستە دەستە خەڵک بۆ ناشتنی لاشەی قوربانیان لە گردی سەیوان کۆبوونەتەوە، پاشان سەجادی باسی ئەو کارەساتانەی تر دەکات کە لەماوەی ساڵانێکدا لەشارەکە ڕوویداوە بەم جۆرە دەڵێت: (کارەسات لە مێژوو) و تێیدا باس لە نەخۆشی و پەتا و درمەکانی ساڵی حەفتاکان و ڕووخانی ئەمارەتی بابان و ساڵی گرانیەکەی ساڵی هەشتاکان پاشان ئاژاوە و پشێوی ناخۆشی و شەڕوکاولکاری و بەدیلگرتنی شێخ مەحموود و هەراوبەزمی ساڵی نەوەدەکان دەکات و باسی چەندین جەنگی تریش هەمبەر بەو بابەتە تد...

بابەتە جۆراجۆرەکانی ڕشتە خۆی لە زۆر گاڵتەئامێزاوی نێوان ژن و پیاوی کورددا دەبینێتەوە {کابرایەک هەبوو لەو سەرشیوە نەخۆشکەوت و ئامۆژگاری ژنەکەی کرد وتی: ئافرەت کە مردم مێرد بکە بە مام وسووی دراوسێمان. ئافرەتەکە وتی: بۆچی؟ وتی: ئەو بێفەڕە جارێک مانگایەکی پێفرۆشتم هەر زۆر زۆر بێفەڕ بوو؛ هیچ کەڵکی نەبوو. ئەمەوێ تۆڵەی لێ بکەمەوە!} (سەجادی، ب٤ ل ٤١٥ ).

بەدرێژایی مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیی، ئەو تێڕوانین و توێژینەوانەی لەبواری دەقە گێڕانەوەبەندەکاندا هەر لە ئەفسانە و داستان و چیرۆکە مىللییەکانی سەردەمانی پێشینەوە تا دەگاتە ژانرە نوێیەکانی چیرۆک بەفۆڕم و ناوەڕۆک و جۆرە نوێیەکانی، کۆک و هاوڕان لەسەر گرنگی و پێویستی بوونی ڕووداو  لە دەقدا وەک ڕەگەزێکی سەرەکی و پێیانوایە کە ڕووداو بڕبڕەی پشتی ڕەگەزە هونەرییەکانی تری کەسێتی، کات و شوێنەو، گرنگترین ڕەگەزە لە بنیاتی دەقە گێڕانەوە بەندەکاندا( محەمەد، ٢٠٠٩: ١٦).

{ پیاوێک هەبوو لە سولەیمانی، کە ئیشێک ئەهاتە پێشەوە ئەیوت، هەرسێ تەلاقی خۆم و عەلی عیرفانم کەوتبێ ئەم ئیشە وا نییە. پێیان ئەوت تۆ چیت داوە بەسەر عەلی عیرفانەوە؟ بۆچ ئەیخەیتە پاڵ خۆت؟ ئەویش ئەیوت: خۆم دەمێکە تەلاقم نەماوە}( سەجادی، ب٢ ل١٤٦). خۆی ئەوەندە تەلاقی خواردووە کە لەئەوەدا نەماوە تەلاقی تر بخوات، جۆرێکە لەتەنز و هەمیش بۆ پێکەنین بەسەرهاتەکە ماوەتەوە.

{ قانعی شاعیر لە سولەیمانی کردبوویان بە مامۆستای حەپسخانە کە بچێ دەرسی دین و چاکە کردن بە حەپسەکان بڵێ و فیکری خراپەکردن لەبارەی دینەوە لەسەریان لا بدا. کوڕێکی هەبوو " کوتەک " ی ناوبوو. کوتەک پێی ئەڵێ: جا بابە تۆ بەوشێوەیە وەعز و نەسیحەتمان بکەی ئیتر بەرەبەرە حەپسخانەکە چۆڵ ئەبێ و ئیتر تۆش نانت ئەبڕێ. ئەویش پێی ئەڵێ: ڕۆڵە خەمت نەبێ، وایان لێ ئەکەم هەر لەگەڵ چوونە دەرەوە، خێرا پیاوێک بکوژن و بگەڕێنەوە بۆ حەپسخانە} (سەجادی، ب٤ ل٣٨٧). دەبینین لەیەک کاتدا دەمنابت بۆ چەند ڕووداوێکی جیا جیا، لەوێدا لە هزرماندا ئەوە دەخولقێنێت کە لەوانەیە حەپسەخانەکە، سجنەکە چۆڵ ببێت و کەسی تیا نەمێنێت، لەدوایشدا ڕووبەڕووی پیاوکوشتنمان دەکاتەوە کە ڕۆڵی هەیە لەوەی حەپسخانەکە چۆڵ نەبێ و نانی قانعی شاعیریش نەبڕێت. دواجاریش دەکرێت تەنها بۆ خۆشی ئەو قسانە کرابێت و هیچ یەکێ لەو ڕووداوانە ڕووینەدابێت؛ کەواتە ڕووداو ئەمبەراوبەر دەکات لە دەقدا و بەوجۆرە بەردەوام دەبێت لە ڕۆڵگێڕانی خۆی.

٣-**کەسێتی:** پرۆسەی گێڕانەوە بەتەنها ئەنجام نادرێت بەڵکو پێویستی بە گێڕەرەوەیەک هەیە لەنێو هەقایەتەکانی ڕشتەدا گێڕانەوەکان لەسەرزاری چەندین جۆر کەسایەتین، کەسێتییەکان بەچەندین چەشنێک هەن، هەمیشە دەستەی (مەلا) کەسێتیی زانا و زیرەک ناویان دەرکردووە لەنێو کوردا لەزەمانی زوودا کە هەرچییەکیان وتبێت بەڕاست زانراوە. بەشێکی زۆری بەسەرهاتەکان بەناوی مەلاکانەوە دەست پێدەکات {مەلا ڕەسوڵی تەلانی هەبوو لە سولەیمانی ئەمناسی. کتوپڕ نەخۆش کەوت. سەرەتا بۆم ڕێ نەکەوت بچمە لای، بە ئیمرۆژ و سبەی دوامخست. لەپاشا کەوتمە تەقەوە هەر نەچووم، مەلا ڕەسوول لە نەخۆشیەکەی چاک بووەوە و هەستایەوە. ڕۆژێ چاوی پێمکەوت و گلەیی لێکردم کە لە نەخۆشیەکەیدا نەچووم بۆ لای. منیش زۆر شەرمەزاری بووم، هیچم پێنەما، وتم مەلا ڕەسوول خوا ڕووی مردن ڕەش کا وا منی شەرمەزاری لای تۆ کرد}(سەجادی، ب١ ل ٨).

کەسێتی نواندنی کەسانێکە کە لەنەوەی ئادەمیزاد کە هەمیشە بایەخێکی گەورەیان لە هەقایەتدا هەیە و یەکێکە لەڕەگەزە گرنگەکانی هەقایەت، هەتا ئەگەر گیانداریش بن، ئەم گیاندارانە هەمیشە وێنەی خەڵکانێ دەنوێنن لەباتی سیما مرۆڤایەتییەکان بەکاردێن، لەڕشتەدا چەندین بەسەرهاتی دەمئاگردان هەیە کە کەسەیاتییەکانی ناوی ئاژەڵن و لەبنەڕەتدا بۆ ئامۆژیاری مرۆڤ و گەورەکانن {ئەڵێ بە مشکیان وت تۆ جانەوەرێکیت هاوتات نییە لە ئازاییدا: جەواڵ ئەدڕی، دار کون ئەکەی، زەوی هەڵئەدڕی، ئەمانە هەموو بۆ تۆتۆزێ ڕزقی قوزەڵقورت کە بەر دەستت کەوێ. ئێستە ئەمانە هیچی مەکە، ئا ئەو پشیلەیە- کە چاوت لێیە دوو بست لێتەوە دوور نییە، بچۆ موویەک لە سمێڵی بکەرەوە، ئەمە، حەو بار گەنمە لەبری بۆ خۆت وەری بگرە و تا ماویت پێوەی ئەژیت و ئیتر بۆ کوێرەرەوەری ژیان تووشی هیچ دەردی سەرییەکی تر نابیت. مشکەکە تۆزێ ڕاما و پاشان سەری بەرز کردەوە و وتی: بەڕاستی کرێیەکە کە کرێی چاکە، بەڵام ڕێگەکە زۆر بڤەیە!} (سەجادی، ب٤ ل٣٨٩). ئەمانە هەمووی نەسیحەتن بۆ گرێی ژیانی مرۆ و پێکداچوونی ناڕەحەتی و ئاستەنگی چەنگ و چەڵەمەی ژیانی.

هەموو ئەو بەسەرهاتانەش دەرخەری ڕاستی ژیانی کوردەوارییە کە لەهەموو گوندێکدا مەلایەک هەبووە و کۆمەڵێک فەقێ و منداڵ لەدەوری دەرسی داداون و وانەی ئەدەب و ڕەوشتی فێرکردوون، خەڵکەکەش هەمیشە مەلایان بە پیاوچاکی خودا زانیوە و منداڵەکانیان ناوەتەبەر وتار و وەعزەکانی {مەلایەک وەعزی ئەدا، لە وەعزەکەدا ئەیوت ئەگەر پیاو ئەوە بکات ئەچێتە بەهەشت و ئەوە بکا ئەچێتە جەحەنم. یەکە یەکە هەموو چاکە وخراپەیەکی هەڵئەدا و زۆر پێوە خەریک بوو، دوو کابرای کورد لە وەعزەکەدا بوون یەکێکیان بەوی تریانی وت، بێ وەڕێوە، بێ وەڕێوە ئەم درێژە دەریەی نەگەرەکە، ئەگەر خاس بکەی ئەچیتە بەحەشت و ئەگەر خراو بکەی ئەچیتە جەحەنم}(سەجادی، ب١ ل ١٣).کاتێک بێتاقەت بوون لە وەعزەکە بەم قسە نەستەقە خۆیان

پەڕاندووەتەوە و بۆی دەرچوون کەسایەتییش هەبووە دیار بووە و چەندجارێک بەناوییەوە بەسەرهات گێڕدراوەتەوە و چەندجارێک دووبارە بوونەتەوە، دیارە سەجادی ویستوویەتی لەم ڕێگەیەوە کەسێتییە دیارەکانیش و ئەوانەی هەمیشە لەو سەردەمەدا بەسەرهات و قسەی خۆشیان کردووە بناسێنێت لەوانە: شێخ ڕەزا، ئەحەی کڕنو، موفتی زەهاوی، فایەق بێکەس، قانعی شاعیر، مەلا سالّحی گۆزەپانکە، مەسعود محەمەد، حەمە پاشای و جاف و مەولەوی، سەعدی شیرازی، حەمەبەگی حاجی ڕەسوول بەگ، شێخ بابە عەلی سوسە، شێخ محەمەدی بەرزنجە، عەولّا پاشای بابان، مەلا سەعیدی هەورامی، ئەحەی جاو، حاجی سەعیدی مەلا حەسەنی عەلاف، حەمە چاوزاق، مەلا ئەو ڕەحمانی پێنجوێن، مەلا حەسەنی شاتری، حەمەنووری، بابەشێخ و، چەندانی تر.

{کابرایەک هەبوو ئەحەی کڕنوی ناوبوو، ئەم ئەحە کڕنووە ئیشی شایەر بوو شایی ئەگێڕا ژنێکی هەبوو باجی سەمەن ی ناوبوو، باجی سەمەنیش ئیشی ئەوەبوو مردووی ئەلاواندەوە سەردۆڵ بوو، هەر مرودێک بمردایە ئەهاتن ئەیانبرد ئەیلاواندەوە، لەگەڵ ئەوەشا دیسان ژیانیان هەر کووڕ بوو. شەوێک باجی سەمەن هەروا تۆزێ دەستی کرد بە لووت و پووت کردن لەگەڵ مێردەکەیا ئەحە پێی مردووت مرێ لوت وپووتی چی دەکەی؟ کێ وەکوو ئێمەی بۆ هاتووە؟ دونیا دوو چمکی هەیە یا خۆشیە، یان ناخۆشی؛ ئێمە هەردوو چمکەکەمان گرتووە ئەگەر ویستمان خۆشی بکەین من بەبالای تۆدا دەڵێم، ئەگەر خۆ ویستمان ناخۆشیش بکەین تۆ من بلاوێنەرەوە، ئیتر ئەمەی بۆچییە؟} (سەجادی، ب٢ ل ١٣٣).

دەکرێت بلێین هیچ شتێک نەماوە کە سەجادی مەزن لەسەری نەدوابێ پەیوەست بە چۆنیەتی ژیان و پێگەی تاکی و کۆمەڵی کوردەوە {لەو شارەزوورە باران دایکردبوو. کردبووی بە ڕەهێڵە هەر خۆشی نەئەکردەوە. کابرایەک هەبوو مارفی ناوبوو بەم بارانە زۆر تەنگاو بوو، هەر ئەیوت ئەمە چییە هەر نایوڕێتەوە؟ یەکێکی تر لەوێ بوو وتی موڵکی خۆیەتی چی لێ ئەکا لێی ئەکا. مارف وتی: برا چی موڵکی خۆیەتی. کە هاوین هات هەمووی ئەوێ وە موڵکی حامدبەگ و حەسەن بەگ، کە زستان هات ئەوێت وە ملکی خوا؟!} ( سەجادی، ب٤ ل ٣٨٣).

ئەو کەسانەی کە ناویان دەرکردووە و هەبوون لەو سەردەمەدا {حەمە چاو زاق هەبوو لە سولەیمانی لە مەیدانی ماست فرۆشەکان، پەتاتەی ئەفرۆشت. کە بۆ ئەکرد ئەیوت: ئامۆزای هێلکە پەتاتەی کوڵیو، خالۆزای چەونەر پەتاتەی کوڵیو، هێلکەی مانگا حەڵەب پەتاتەی کوڵیو، نەجیب زادەی ئەرز پەتاتەی کوڵیو، حەڵوای بێ ددان پەتاتەی کوڵیو}(سەجادی، ب٧ ل ٧١٧). بە ئێستاشەوە لەقەرەباڵغی بازاڕەکاندا گوێمان لەو جۆرە کەسانە دەبێت کە بە ئاوازێک و بەقسەی نەستەقەوە هاوار بۆ ئەو شتانە دەکەن کە دەیفرۆشن، کەوایە ئەمە نەریتی کوردە و سەجادی لەمەشدا بەدیقەت بووە کە لەکاتی ئیش و کاریشا بێت، تەنز نەک بوونی هەیە زیاتریش بەکارە.

له هەقایەتەکاندا چەند جۆرێکی کەسێتی دەبنە جێگەی گاڵتەجاڕی و لە ڕاستیدا بەشێکی بونیادی ئەم جۆرەی گێڕانەوەیە لەسەرشانی ئەم کەسێتییانەیە (کەسنەزانی و ئەمین محەمەد، ٢٠٢٢: ٧٤). {شێخ محەمەدی بەرزنجی لە مزگەوتەکەی خۆیا وەعزی دائەدا، لەوەعزەکەیا وتی کتێب ئەفەرموێ: هەرکەسە ڕۆژی عەرەفە بەڕۆژوو بێ وەکوو ئەوە وایە کە ساڵێک بەڕۆژوو بووبێ. ئەحەی جاو لە کۆڕی وەعزەکەدا بوو، دەنگی نەکرد تا ڕۆژی عەرەفە هات، ئەو ڕۆژە بەڕۆژوو بوو تا نیوەڕۆ؛ پاشان شکاندی. پێیان وت: خاڵە حەمەد ئەمە چۆن ئەبێ؟ وتی: من تا نیوەڕۆ بەڕۆژوو بووم بە شەش مانگ ئەشێ، لەوە زیاترم ناوێ}( سەجادی، ب٨ ل٧٨٨).

زۆرجار کەسێتییەکان نەناسراون دیار نین کێیە، بەم جۆرانە ناویان هاتووە {کابرایەکی کورد....، کابرایەکی لەیلاخی، کابرایەکی کورد، یەکێ لەپاشاکانی عەجەم، کابرایەکی شارەزووری، دەروێشێکی جاف، ڕۆژێک کوێخایەک، سواڵکەرێک...، جارێک ئافرەتێک، ساڵێک لە وەختی بەهارا کۆمەڵێک دانیشتبوون لە گوێ ئاگردانی کوردییەوە دەڵێن کابرایەک تد...}

نموونە بۆ کەسێتی نەناسراو و بێ ناو:

{دوو کابرای کورد لە دەشتێکا پێکەوەبوون یەکێکیان تۆزێ دوور کەوتەوە، ئەویتریان پرسی ئەوە چی ئەکەی؟ وتی وەڵڵا تۆزێ میز ئەکەم. پێی وت کوڕە وریابە ئەوی تریشت نەبێ بە ڕیشەوە، ئاو نییە!}(سەجادی، ب ٦ ل٥٧٩). یان {هەولێرییەک تووشی سولەیمانییەک ئەبێ پێی ئەڵێ: ئەوە لۆچی ئەنگۆ بە لۆچی دەرێن بۆچی؟ ئەویش ئەڵێ ئەی ئەوە بۆچی ئێوە بە بۆچی ئەڵێن لۆچی؟ (سەجادی. ب٥ ل٥٣٤). لەمەیاندا دیارە کە کەسایەتییەکان هی کام شارن ئەوەی ڕوون نییە ناو و ناسناویان نادیارە، بەوجۆرەش کەسێتی نادیار دەمێنێتەوە.

**٤-کات**: کات هەمیشە بەشدارت لە سازدانی هەقایەتدا دەکات و سەرجەم بەسەرهات و ڕووداوەکان لە خۆ دەگرێت. لە ڕشتەی مرواریدا هەیانە دیاریکراوە ناوی شوێنەکان هاتووە بەدیاریکراوی ناوی شارەکانی سلێمانی و شارەزوور و پێنجوێن زیاتر هاتووە و پاشان بەشێکی تری شارەکانی تری کوردستان کاتیش زۆرجار بەپێی ئەو ساڵەی نووسەر کە چ کارەسات و ڕووداوێک ڕووی داوە، یان نووسەر پەیوەست نەبووە بەکاتەوە زۆری بەسەرهاتەکان هی فۆلکلۆرن و کاتەکەی نەزانراوە... بەسەرهاتەکە دیار نییە کە کەی و لەکوێ ڕووی داوە، کاتیش دەکرێت بە دوو جۆرەوە: یەکەمیان- کاتی دەرەکیە تایبەتمەندیەکەی لەوەدایە کە کاتەکە تایبەتی و خودی نییە و ناتوانرێت بەهۆی شارەزاییەوە دیاریبکرێت، چەمکێکی گشتی و بابەتیە و دەتوانرێت پێکهاتەکەی و پەیوەندییە کاتیەکەی لە سروشتدا داریبکرێت، جۆری دووەمیش- کاتی ناوەکیە، بریتییە لەو ماوە چڕە کورت کراوانەی پەیوەندی بەدیوی ناوەوەی کەسەکانەوە هەیە

لەجۆری هەستپێکردنی ئەو کەسانەدا بەرجەستە دەکرێت، بۆیە هەقایەتنووس لەکاتێکدا خۆیان دوورخستەوە لەو ماوە دوورو درێژەی تەمەنی کەسەکان پێکدەهێنێت لە سوڕە سروشتییەکەی ژیاندا بە لە دایکبوون و گەشەکردن و پێگەیشتن تا مردنیان ڕوویان کردووەتە کەمکردنەوەی ئەو ماوە درێژە و چڕکردنەوە و گەمارۆدانی لە دووتوێی ئەو چەند ساتەی دەکەوتە بەر هەست و هۆشی کەسەکان کە کارێکی گەورە و کاریگەر دەگێڕن لەداهێنانی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ژیانیاندا دێت ( سابیر، ٢٠٠١: ٢٨١). بەمشێوە کات دەبێتە دەمڕاستی هەقایەت و دەکرێت بەهۆی کاتەوە، چەندین هەقایەت بگێڕینەوە بۆ سەردەمی خۆی و ئەو کاتەی کە تێیدا دەستنیشانی کاتەکەی کراوە.

کات ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بەهەمان شێوەی شوێن یاخود دەتوانین بڵێین لەگەڵ شوێن چوارچێوەیەک بۆ ڕەگەزەکانی نێو هەقایەتەکە دیاری دەکەن، هەروەها حسێن عارف دەڵێت: کات و شوێن لەهونەری هەقایەتنووسیندا، بەپێی چەند دەستورێکی تایبەتی، دەبنە چوارچێوەیەک بۆ کەسان و کارەسات و ڕووداو و بەسەرهاتەکان. (سەبری، ٢٠١٠: ١٠٩). کات سەلمێنەری مێژووی هەقایەتێک دەبێت یان دەبێتە ناو و ناونیشانێک بۆ ڕەگەزەکانی تری وەک ڕووداو و کەسێتی نێو هەقایەتەکان، کات دەرخەری بونیادی هەقایەتە لە دەور و سەردەمی خۆیدا.

{ساڵێک لە وەختی بەهارا کۆمەڵێک دانیشتبوون لە گوێ ئاوێک. یەکێکیان وتی: بەخوا بەهار خۆشە پیاوبچێ بۆ سەیران و چێشتی لەگەڵ خۆی بەرێ و یاری و گەمە بکەن. یەکێکی تریان هەڵیدایە وتی: خاڵۆ! ناشکوری نەبێ! کەیف خۆشی نەماوە. بەسەرەکەی تۆ ساڵێک ماڵمان لەم شارەزوورە بوو، ڕۆژێک کوڕەکوڕە هاوماڵ گرد بووینەوە. یەکێ ماست، یەکێ ماستاو، یەکێ دۆ، یەکێ سیرێژ، گلێرمان کردەوە، لاله فەتەم- بەرەحمەت بێ مەشکەیەکی سووری ماڵی میمکە فەرخە هەبوو، تەقەڵ برمان کرد. سواری نێرەکەرە بۆزی خۆی بوو، مەشکەی نایە بەردەمی بۆ سەراوی سوبحاناغا. کاتێ ڕوانیمان لە نیوەی ڕێگا پشکی مەشکە بەربووە، هیچ دەست نەکەوت پێی بگرێتەوە. لالەی چەمەریم ناچار کێری خۆی نایە کونەکەیەوە هەتا چووینە سەر سەدەکە. لەوێ ڕامان کرد سێ چوار تەبەقمان هاورد مەشکەمان تێ قلْپاند. ئینجا یەکێ نانی گەنم، یەکێ نانی جۆرەشی گەرمیان، یەکێ نانی زەڕات، خوانەیبڕێ! تێمان وڵی و کردمان بە زڵیاو پڵیاو هەریەکێ بەقەد مانگایەکمان خوارد. ئیتر لەو سەرەوە بەشەق لەیەک هەڵدان هاتینەوە. ئێستاکە کوانێ ئەو سەیروسەفایە؟}( سەجادی، ب٢ ل ١٦٦). لێرەدا کات ڕوون و ئاشکرایە، ساڵێک بووە لە کاتی بەهاری کوردەواریدا، لەهەمانکاتدا جۆرە تەنز و شێوە ئاخاوتنێکە کە خوێنەر بەجۆش دەکات لە خوێندنەوەی بەسەرهاتەکە.

{حوکوومەتی عێراق تازە دامەزرابوو، بڵاویان کردەوە کە (ئیمام) بۆ سەرباز ڕائەگرن. چەند مەلایەک چوونە ئیمتیحانەوە. یەکێ لە پرسیارەکان ئەوەبوو کە عێراق چەند لیوای هەیە؟ مەلایەک هێنای لە وەڵامەکەیان کەنووسی: کاک ئەحمەدی شێخ، شێخ عومەری بیارە، شێخ عەبدولقادری گەیلانی، سێخ جونەیدی بەغدادی و هتد، بەمجۆرە چواردە کەسی نووسی و وتی: ئەوەندە ئەولیای تێدایە! هەر لەو ئیمتیحانەدا یەکێکی تر لە پرسیارەکان ئەوە بوو کە ڕەوشت و کردەوەی هاروونە ڕەشید چۆن و چی بووە}(سەجادی، ب٣ ل ٢٨٣). دەتوانین لێرەدا دەستنیشانی مێژووی دامەزراندنی عێراق بکەین، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٢ و سەردەمی مەلیک فەیسەڵی یەکەم و هاروونە ڕەشید بۆ ساڵانێکی کۆنتر و ڕەمزی کردەوە و ڕەوشت بەرزی سەردەمەکەی دوای خۆی بووە.

{کەریم خانی زەند پێیان ئەوت وکیل الرعایا دادگوستەر و میللەت پەروەر بوو، لەگەڕانەکەیا بە وڵاتی کوردەواریدا بیستی پیاوێکی زۆر بەعومر لە دێیەک هەیە، لەبەر تەمەن درێژی هەر لەنێو جێگەدا بوو، کەوتووە. لەقسە و گفتوگۆدا وریا، بەڵام هێزی هەڵسوکەوتی نەمابوو. وکیل الرعایا ناردی هێنایان و ڕێزێکی زۆری لێگرت و گولێ دەنگوباسی کۆنی لێ پرسی. پاشان پێی وت: داوای چی ئەکەی بیکە. پیاوەکە وتی: تۆ ناتوانی شت بدەی بە من. وەکیل وتی: ئەمە قسەیە تۆ ئەیکەی؟ من چۆن ناتوانم شت بدەم بە تۆ؟ وتی: کە شتت لەدەست دێت جوانیم بۆ بگێڕەوە! وەکیل وتی: ئەمە لە دەست منا نییە. کابرا وتی: ئەمەت پێ نادرێ بەهەشتم بدەرێ! وتی: ئەمە تۆ داوای چی ئەکەی؟ ئەمەش لە دەست منا نییە. وتی: کەواتە بمگێڕەوە بۆ شوێنەکەی خۆم!}(سەجادی، ب٣ ل٣٢٣). کەریم خانی زەند یەکێک بووە لە حاکمانی وڵاتی ئێران لە ساڵی ١١٩٣- ١١٧٩ پیاوێکی دادوەر و لەخزمەتی خەڵکدا بووە و زۆر تێکۆشاوە بۆ خۆش گوزەرانی خەڵک و ئاوەدانیی وڵات. مادام ڕەگەزی کەسێتی دیارە، بەهۆی ئەوەوە کاتەکەشمان بۆ دەردەکەوێت هەموو ڕەگەزەکان پێکەوە گرێدراوی یەکن و دەبنە تەواوکەری یەکتر.

{ لە ساڵی ١٩٤٩دا حزبی دەستووری نوری سەعید لە عێراق دامەزرابوو. ئەم حزبە خۆشەویستی هەمووکەس نەبوو. لە کۆڕێکا دانیشتبووین باسی ئەو حزبە هاتە پێشەوە داود بەگی فەتاح بەگی جاف وتی: لە کوردا کەس بەقەدەر بەگزادەی جاف پارەی بەو حزبە نەداوە. منیش وتم: لە کوردا کەس بە قەدەر بەگزادەی جاف نەچوونەتە ناو حزبەوە}( سەجادی، ب١ ل١١١). کات ئاشکرایە و کەسێتییەکانیش ناویان هاتووە، جگە لەوەی کە وەڵامی داوەتەوە، دەکرێت نووسەر سەجادی خۆی بێت، دەشکرێت ئەو کەسە بێت کە بەسەرهاتەکەی بۆ سەجادی ناردووە، پەیامەکەشی دەمکوتکەرانەیە بۆ قسەکەر پڕە لە نەستەق.

{ کابرایەک هەبوو لەو سەرشیوە نەخۆش کەوت و ئامۆژگاری ژنەکەی کرد وتی: ئافرەت کە مردم مێرد بکە بە مام وسووی دراوسێمان. ئافرەتەکە وتی: بۆچی؟ وتی: ئەو بێفەرە جارێک مانگایەکی پێ فرۆشتم هەر زۆر زۆر بێفەڕ بوو، هیچ کەڵکی نەبوو. ئەمەویٚ تۆڵەی لێ بکەمەوە} ( سەجادی، ب٤ ل٤١٥). هیچ دیار نییە کەی ئەمە ڕوویداوە، بەڵام هەر پەیامی خۆی گەیاندووە کە جۆرێکە لە ساختەچییەتی و زۆرزانی پیاوەکە، ویستوویەتی هەم بە ژنەکەی بڵێ کە بەڵایە بەسەرییەوە هەمیشە ڕقی خۆی بەرانبەر مام وسوو دەربڕیوە.

{ پیاوێک لەو سەرە تاریکە شەو بوو، ڕێبوار بوو ڕێگاکەی لێ تێکچوو؛ سەری لێ تێکچوو پاشان مانگ هەڵات بوو بە مانگە شەو ڕێگاکەی دۆزییەوە. ئەمجا ڕووی کردە مانگەکە و وتی: نازانم چی بڵێم؟ ئەگەر ئەڵێم خوا نوورانیت کا، نورانیت. ئەگەر ئەڵێم خوا جوانت کا، جوانیت. ئەگەر ئەڵێم خوا عومرت درێژ کا، عومرت درێژە. کەواتە هەر ئەوە ئەڵێم ئەی لەدەورت گەڕێم خەپڵەی ئاسمان}( سەجادی، ب٨ ل٨٠٥). کات دیار بێت یان نا، ئامانجی خۆی دەپێکێت، لێرەدا تەنها پیاوێک دەوری هەبووە لەگەڵ مانگ و ڕێگایەکدا، مۆتیڤەکە ئەوەمان پێدەڵێت کە ڕێگاکە ونبووە و مانگ بووەتە ڕێنیشاندەریک، پاشان پیاوەکە لە پەسنی مانگەکەدا جوانی وتووە لەبارەیەوە.

٤- **شوێن**: هەموو مرۆڤ گیانلەبەرێک تەنانەت بێ گیانێکیش بەشوێنێکەوە بەستراوە و پەیوەستە پێوەی، هەقایەتیش ڕەنگدانەوەی ڕاستی و جێگەی ژیان و ڕووداوەکانی مرۆڤەکانە، شوێن لەڕشتەدا بەیە شوێنەوە نەوەستاوە سەجادی بەحوکمی ئەوەی کابرایەکی زۆر گەڕیدە و دونیادیدە بووە، ئەو بەسەرهاتانەشی کە لەلایەن ئەدەب دۆستان و خزمان و هاوڕێیانی بۆی هاتووە هەریەکە و لە گوندێک و شاروشارۆچکەیەکی کوردستانەوە بووە خاڵی نەبووە لەهیچ قەزا و ناحیەیەک لەهیچ پارچە دێیەکی کوردستان. شوێن هەمیشە کاریگەری زۆری بەسەر ڕووداوەکاندا هەبووە، وەکو سێبەرێک بووە بەسەر هەقایەت و بەسەرهاتەکان. ڕەگەزی کات لەمیانەی گێڕانەوە دەست پێدەکات، لەکاتێکدا ڕەگەزی شوێن لەمیانەی وەسفکردنەوە دەست پێدەکات، چونکە وەسفکردنی شوێن و پێکهاتەکانی بەدرێژایی وەسفی کەسەکان دادەنرێت، لەکۆندا و لە ئەدەبی میللەتانی دونیاشدا وەسف خۆی لە خۆیدا ئامانجێک بووە، بەجوانکردنی بەوشەی لەبار و سەنگین و ئەویش بەزمانی پاراو. هەرگیز مادە ناتوانێت لەدەرەوەی شوێن بوونی هەبێت، کە شێوەی بوونی مادەیە، هەرچی شتێک لە جیهاندا ڕوودەدات لە چوارچێوەی کاتدایە، کەواتە شێوەیەکە لە مادە ( ئیسماعیل، ٢٠٠٩: ١٩).

{خەڵکی مستەفای میروەیس ڕیش سپییەکی هەبوو، هۆزی شاتری بوو لە عەشرەتی جاف، قسەکانی هەموو دانسقە بوون، ئەمە یەکێکە لەو قسە بەنرخانەی کە ئەڵێ: قسە بیگێژە، بیبێژە، بیوێژە}( سەجادی. ب١. ل٦). شوێن لێرەدا بووەتە نیشانەیەک بۆ ئەوانەی خەڵکی میروەیس و

هۆزی شاتری، وەکو پەندیکی جوان ماوەتەوە و مەبەستەکەشی گەیاندووە کە نەسیحەت و پەندە و بۆ چەندین سەدە دەمێنێتەوە و کاریگەری خۆی بەجێدەهێڵێت.

شوێن لە ژیانی مرۆڤدا هەر لەسەرەتاوە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە و بەردەوامیش ڕۆڵێکی بنچینەیی هەیە، چونکە بریتییە لە تاکە ڕووپەڕێک کە باس لە ڕابردوو دەکات و شتەکانی لەبارەیەوە دەگێڕێتەوە، شوێن بەردەوام بنەما و ڕەگەزێکی سەرەکییە لە ڕەگەزەکانی بینای هونەری دەقی ئەدەبی و لە هەمانکاتیشدا شوێن گرنگی نییە، ئەگەر کاریگەریی پێکهێنانی سایکۆلۆژی کەسایەتییەکان نەبێت. (ڕەئوف، ٢٠١٢: ٣٩) نووسەری مەزن سەجادی، کە خودی خۆی کابرایەکی گەڕیدە بووە و زۆر شوێنی بەسەر کردووەتەوە، بەوجۆرەش شارەزایی زۆر پەیدا کردووە دەربارەی شار و ناچەکانی کوردستان بۆیە بەمشێوازە دەدەوێت:

{تۆ ئەزانی لە وڵاتی کوردەواری لەهەر شوێن خواردەمەنیەکی تاقانە هەیە؟ ئەگەر نەتزانیوە بیزانە کە ئەمانەن: ( تووی گەلێن، سرنچکی زەنان، گوێزی هەشەمێز، مێوژی ژاوەرۆ، باسوقی شارباژێڕ، هەناری نازەنین، سێوی سەردەشت، هەنجیری ڕێژاو و کەڵەکن، ترێی سەرنویَ و لیڤان، کاڵەکی موکریان، شوتی قەڵاچوالان، ناوکە کوولەکەی گڕگڕ، تلیاکی کولیایی، برنجی دەکە و ئاکرێ، ترشیاتی سولەیمانی، حەفتەبیجاڕ، پەشمەکی سنە، حەوینج و تووری کەرکوک، ژێرچەنەی کۆیە، یاپراخی هەولێر، پیازی قوڕوچیا، نۆکێ نیسکاویێ، کزنی لەیلاخ، هەرزنی مەریوان، ئاردە تووی هەورامان، گەنمی مایدەشت، جۆرەشی گەرمیان، بیزا و گەنمەشامی موکریان، لۆکەی شارەزوور، توتنی شاور، گەزۆی بانە، بەرووی کەلی خان، ماستی سنجاوی و نەوەرە و کۆزەڕەقە، پەنیری هەرکی و باخچە مریەم، ڕۆنی لاجان، سالمەی شنۆ، کەشک و دۆینەی جاف، دۆی ناراو، هەنگوینی شامەترینکە، پەردەپڵاوی سولەیمانی، خورمای مەندەلی، نانی لەیلاخ ترۆزی چەمیلەی دهۆک تد ...}( سەجادی، ب٢ ل ١٤١).

{لەوڵاتی کوردەواری ئەم شتانە لەم شوێنانە تاقانەن: بەزم لە کۆیە، ڕەزم لە سولەیمانی، نەزم لە سابڵاخ، ژیری لە سنە، هێڕی لە سیان، گێلی لە مایندۆڵ، وشکی لە هەولێر، ساردی لە کەرکوک، زیتی لە وان، قنجی لە بەرزان، گورجی لە دهۆک، سواری لە سور سور، چروکی لە دێ دەورە شار، شڕی لە تەکیە، قیتی سەربانان لە بەرزنجە، سمێڵ لە بۆرەکەی، پرچ لە کرپچنە، ڕیش لە شەدەڵە، کەڵەیی لە فەیلی، وردی لە سنجاوی، قسە ڕەوانی لە سابڵاخ، ئەگریجەی کاڵ لە ئامێدی، چاوی بەخومار لە سەقز، شۆخی لە فەیزوڵا بەگی، شەنگی لە ماش، دیوەخان لە بەگزادەی دێ بوکری، ناسکی لە کەس نەزانی سەرشیوی سەقز، سۆرانی لە شۆڕە سواری جاف، هەڵپەڕکێ لە بادینان، سەرووپێ لە شکاک، پشتێن لە مەنگوڕ، کراس لە بۆڵی، کڵا لە سولەیمانی، گۆرەوی میرزایی لە سنە}( سەجادی، ب ٢ ل ١٤٢).

{ئەم شتانە لەم شوێنانە بەناوبانگن: مانگای مالوان، ماکەری سابلاخ، نێرەکەری ژاوەرۆ، قاتری هەورامان، بزنی دێلێژە، گامێشی موکریان، ڕەوە ماینی جافان، مەڕی لاجان، بزنەمەرەزەی بانە، شەگەلی مەرگەوڕ، کەڵەشێری کرماشان، توتکی دێبوکری، سەگی هەوشار، ڕێویی کوێستان، گورگی هۆبەتوو، دوپشکی عەربەت،عەلەشیشی موکریان، چەقە چەقی سەگی کونەماسی، چونکە ئەرکی جرتاوا شیان لەسەرە}( سەجادی، ب٢ ل ١٤٢).

{هەرشتە لە شوێنێک: کەوچکی هەڵەدن، پەستەکی بانە، کلاشی هەورامان، گیوەی هەمەدان، شاڵی زاخۆ، شەکرشکێنی سولەیمانی، مسی زەنگان، سەبیلی سەقز، جاوی هەجیج، بەڕەی بیجاڕ، خنجەری بانە، هەسانی دەری}(سەجادی، ب٢ ل ١٤٢). هەریەک لەمانە شوێن ڕۆڵی خۆی بینیووە و وەکو  ڕەسەنایەتییەک ماوەتەوە لەنێو ئەدەبی کوردیدا؛ هەموو ئەو جیاوازی و جیاکاریانەی کراوە شوێن بووەتە  هۆی لەیەککردنەوە و ناسینەوەی کەلوپەل و خواردن و خوو و نەریتە باوەکانی شاروشارۆچکەکان.

{ دوو زەلامی مەریوانی چوون بۆ گەرمیان، بوون بە سەپان. گەرما بوو گەنمیان بە دۆوە ئەخوارد. دۆیەکە زۆر کەم بوو؛ یەکێکیان وتی: ئاخ بۆ ئاوە ساردەکە، توخوا ئێستاکە چی خۆشە؟ ئەوی تر وتی: بە من بوایە ئێستا لە کانی خەیاران بومایە و پڕ کۆشم لە نانی هەرزن بوایە، لە دەستما وردم بکردایە و بمکردایە بە قوڕگما و بە لۆچ لەو ئاوە ساردەم بکردایە بەسەریا! ئەوی تر وتی: دەک ماڵت بەقوڕ گیرێ! وەڵا هیچ شتێکت بۆ من نەهێشتەوە کە باسی بکەم!}( سەجادی، ب٣ ل٣٣١). شوێن دەرخەری چۆنیەتی ژیانکردن و هەڵسوکەوت و سروشتی خەڵکی ناوچەکەیە و دەبێتە ناونیشانێک بۆ دانیشتوانی ئەو شوێنە، هەر زۆرجار کە قسەیەکی باو و ناقۆلا دەکرێت لەسەر شوێنێک لە کۆندا، ئەوانەی تری شوێنەکە پێیان ناخۆش دەبێت و وەکو لەکە دەمێنێتەوە بەسەریانەوە، بەپێچەوانەشەوە.

{ جارێک پیاوێک لە سلێمانی ئەچێتە بەر دەرگای ماڵی شێخ بابەعەلی تەکیەیی، دەرگاکە داخراوە دەست ئەکا بە لێدانی. شێخ بابەعەلی لە ژوورەووە ئەبێ ئەڵێ: ئەوە کێیە؟ کابرا ئەڵێ: منم. ئەویش ئەڵێ: من ئەو کەسە ناناسم کە ناوی منم ە؛ بڕۆ خوات لەگەڵ!}( سەجادی، ب٦ ل٦٤٠). شێخ بابەعەلی تەکیەیی، دیارە شێخێکی بەناو و لەخواترس بووە، لەوەڵامدانەوەی ئەو پیاوەدا، مەبەستی بووە پێی بڵێ کە مرۆڤی لەخۆبایی و لوت بەرز بەوجۆرە دەدوێت و بەشان و باڵی خۆیدا هەڵدێ و بەدەنگێکی پڕفیزەوە دەڵێت منم من دەرگاکە بکەرەوە. ئەویش ڕەوشتی بەدڵ نەبووە وتوویەتی کە ناناسم بە ناوی منەوە، واتە کەسێک ناکەمە ئاشنای خۆم کە لوتبەرز و فیزن بێت و بەوشێوەیە بەڕێی دەکات، ناوەڕۆکی بەسەرهاتەکە وانەیەکی جوانی بەخشیوە دەربارەی ئەدەب و ڕەوشتی مرۆڤ، بووەتە سیمبولێکی بەرزیش بۆ تەکیەکە.

شوێنیش وەک هەر ڕەگەزێکی تری بەسەرهاتەکان بووەتە هۆی گاڵتەوپێکەنین و توانجی بەپلار { پیاوێک هەبوو قادری ناوبوو؛ ڕۆژێک ئەچێتە لای کوێخا حەوێزی شاخەسپیکە کە خزمیشی بوو ئەڵێ: کوێخا تا ئێستا ئەوەتە دوو ژنیشم هێناو کەچی هیچ منداڵێکم نابێ، نازانم جی بکەم؟ ئەویش ئەڵێ: ئەمجا بچۆ ژنێکی ئاوس بێنە!} (سەجادی، ب٦ ل٦٦٦).

**٥-گرێچن، تەون (پلۆت):** دەتوانین بڵێین گرێچن پرۆژەی ڕێکخستنی ڕووداوەکانە بەشێوەیەکی هونەری، واتە کاتێک هەقایەتنووس، باس لە ڕووداوەکان دەکات لە هەقایەتەکەیدا، دەبێت بەردەوامی و جموجۆڵیان پێبدات و بەشێوەیەکی هونەرییانە بیانچنێت، بەمەش ڕووداوەکان بەرەبەرە گەورە دەبن تاوەکو دەگەنە ترۆپک، ئەمەش پێی دەڵێن گرێچن یان پلۆت ئەمەش و خاڵە دەنوێنێ کە پلانی هەقایەتەکە لەنێویدا ڕووداو بەسەر کارەکتەرەکاندا دێت، بەهۆی ئەوانەوە ڕووداو ڕوودەدات، گرێچن بریتییە لەو دەزووەی کەوا سەرەداوی چنینی هەقایەت و بونیادیەتی، ئەمیش وا دەکات خوێنەر حەز بە خوێندنەوەی هەقایەتەکە بکات ( سەبری، ٢٠١٠: ٩٤).

{کابرایەک ئەچێتە شاری کۆیە، هەژار ئەبێ، دەست ئەکا بە توو فرۆشتن. ڕۆژێک لە کۆڵانێکدا بانگ ئەکا: های توور بە نان، بە پارە، برنج، بە ساوەر، بە ترخێنە، بە نۆک، بە نیسک، بەماش. وا ڕێئەکەوێ گەلێ لە پیاوماقووڵی شارەکە لەماڵی پیاوێکی گەورە دانیشتبوون، گوێیان لە توور فرۆشتنی کابرا ئەبێ، بانگ ئەکەنە ژوورەوە ئەیانەوێ سەربخەنە سەری، ئەپرسن: تورەکە بەچی ئەدەی؟ ئەڵێ: قوربان بەهەموو شت. بەگووی ئەدەی؟ ئەڵێ: ئەگەر بە کێری خۆم دەریبێنم بەڵێ! یەکێکیان لێی ئەپرسێ: تۆ خەڵکی کوێت و ماڵت لە کوێیە؟ ئەڵێ: سولەیمانی و ماڵیشم لە گەڕەکی هۆڵییە. ئەڵێ : ئەرێ ڕاستە ئەڵێن ژنی هۆڵی هەموو لەبەر دەرگا بەبێ سەرپۆش دائەنیشن تەشی ئەرێسن و بنێشت ئەجوون؟ هەر پیاوێ بە بەردەمیانا بڕوا تەماشای ئەکەن! کابرا ئەڵێ: بەخوا قوربان ڕاستە، زۆر بێ شەرمن؛ ئەڵێی هەموو لە ئاوی حەمامۆکیان خواردووەتەوە!(حەمامۆک: کانییەکە لە کۆیە) }(سەجادی، ب١ ل ١١٣). ڕەگەزی ڕووداوەکان پاش و پێش خراوە تا تەنزێک دروست ببێت و بشبێتە وەڵامێک بۆ گوێگر. بەتەوسێکەوە گوایە دەیانەوێت سەربخەنە سەر کابرای هەژار، بەڵام ئەویش بەزیرەکی خۆی وەڵامێکی بەجێیان دەداتەوە و ئاوی گوێیان دەدات.

سەجادی چەندین بەسەرهات و داستانی ژنانی قارەمانی داڕشتووە و کردوویەتی بەهەقایەتێک لەو هەقایەتانەی لەبەر گوێ ئاگردانی کوردیدا دەوترێن و هەمووان بە تامەزرۆیی گەیشتن بە کۆتاییەکەی چاوەڕوانی تەواوبوونی دەکەن { لەبناری کۆیە، داستانی خورشەکوێر و فاتە، گوایە خورشەکوێر لە پیاوخراپیدا وەکو گورگی هاربووە، منداڵی ناو بێشکەش لێی ترساوە، ئیشی ئەم کابرا چەتەیی بووە، دەستەیەکەی پێوە ناوە و ڕاو و ڕووت و پیاوخراپییان کردووە، فاتەش کچێکی جوانی باڵەبەرز و سوروسپی، دووچاوی گەورەی برژانگ درێژ، لووتێکی باریک بە بەینی دوو گۆنا سوورەکەی، کە باسی گۆنایان لەسێوی سەردەشت دەکرد. بەمجۆرە نووسەر زۆر

بەجوانی چنینی ڕووداوەکان ڕێدکدەخات و دواتر باسی داستانەکە دەکات هەر لەوشەوەی فاتە هەڵدەستێت بۆ نانکردن و سەیردەکات داریان نییە، دەچێت بۆ دار و لەوێوە تووشی دارودسەتەکەی خورشە دەبێت، هەرچەند لێی دەپاڕێتەوە کە ڕەحمی پێبکات سودی نییە، دواتر لاقەی فاتە دەکات، فاتەش دەبێتە داخ لەدڵیدا و بڕیار دەدات تۆڵەی خۆی بکاتەوە و هەموو شەوێک تفەنگ هەڵدەگرێت و دەچێتەوە ئەو شوێنەی کە خورشە کوێری لێ دیوە تا شەوێک دەیبینێتەوە و تۆڵەی خۆی دەکاتەوە. بەمجۆرە داستانەکەیان دەنگێکی گەورەی دایەوە، نووسەر دوابەوایی ئەوە چەندین داستان و بەسەرهات گەلی تری باسکردووە و چنینێکی جوانی بۆ ڕووداو و بەسەرهاتەکان کردووە} ( سەجادی، ب١ ل ١٦٩).

چنینی ڕووداوەکان ڕۆڵی هەیە لەوەی خوینەر کەمەندکێش بکات بۆ خوێندنەوەی بەسەرهاتەکە { دوو کابرا کورد هەبوون یەکێکیان ئازاد ی ناوبوو، یەکێکیان شێرزاد. هەردووکیان پاڵەوان و بەجەرگ بوون. بەسەپانی چوونە لای کابرایەکی تر. شەوێ ئەمان لەم دیو خەرمانەکەوە نووستبوون، کابرای خاوەن خەرمانیش لەودیوەوە ئەبێ. لەنیوەشەوا دز دێتە سەریان، کابرای خاوەن خەرمان بە ئاگا دێت و ناوێرێ دەنگ بکا دەست ئەکا بە وڕێنەکردن لەبەر خۆیەوە ئەڵێ: پارەم بوایە ژنێکم بهێنایە، دوو کوڕم ببوایە یەکێکم ناو بنایە ئازاد، یەکێکی شێرزاد. کە ئەگاتە ئازاد و شێرزادەکە، بە قایمتر ئەیڵێت. ئازاد و شێرزاد لە خەوەکە ڕائەپەڕن و دزەکان ئەگرن}(سەجادی، ب٢ ل ١٤٥) .

ڕێکخستنی ڕووداوەکان و دانانی کەسێتییەکان لەجێی خۆی دەبێتە هۆی دروستبوونی تەنز {کابرایەکی خەڵکی باوەکۆچەک ی لای هەڵەبجە کە کۆنە کۆچەر بوو، کوڕێکی چووبوو بۆ فەقێیەتی. کوڕە لەپاش ساڵێک دێتەوە بۆ ماڵی باوکی بۆ دیدەنی. دەستێ جلی جوان و پاک و پوختەی لەبەر ئەبێ، جووتێ قۆندەرەی تازەی لە پێیا ئەبێ؛ هەمووجار بە پاژنەهەڵکێش لە پێی ئەکا. فەقێ لە پاش چەند ڕۆژێک ئەگەڕێتەوە بۆ خوێندنی خۆی. خەڵک و خوا لەباوکی ئەپرسن و ئەڵێن: ئەرێ خاڵە! حەمە دیار نییە بێژی چووگەسەوە؟ ئەویش ئەڵێ: حەمەی کوڕم وە هێمە ڕازی ناوێ؛ کەوش وە چمچە هەڵئەکێشێ، کەڵکی بڕیاگە، بێژێ من فەق فەقێم} ( سەجادی، ب ٣ ل٢٧٣). ئەگەر سەجادی ئەم بەسەرهاتەی بەزمانێکی ئەکادیمی بنووسیایەتەوە، ئەوا هیچ نەئەبووە هۆی خۆشی بۆ دڵ و نەئەبووە هۆی جێگەی پێکەنین؛ بۆیە نووسینەوەی بە شێوە زارە بەکارهاتووەکە بووەتە هۆی ئەوەی کۆمیدیا بەرهەمبهێنێت.

ئامانج لە چنینی ڕووداوەکان دەبنە جێگەی سەرنجی خوێنەر یان وەرگر{ ساڵێک لە سولەیمانی ئەویسترا زمانی کوردی دابنرێ لە شوێنی ئەو وشە عەرەبییانە کە بڵاو بۆتەوە. هەندێ لە گەنجە خوێن گەرمە کوردی زانەکان لە باتی وشەی شوورتەی مروور، وشەی حەیتەی ڕەپی ماخوولان یان بۆ دانا بووا!}( سەجادی، ب٤ ل٣٨٢). سەرنجبدەین خوێنەر ئاشنا دەکات بەوەی زمانی کوردی نەشوێنرێت و کورد بزان بێت بەحاڵی زمان و نەتەوەکەی و ببنە پارێزەری ڕەسەنایەتی وشەکان؛ کەواتە چنین لەپاڵ تەنز و نەستەقیشدا دەوری هەیە لە گەیاندنی هەموو جۆرە مەبەستێکدا.

{ ژنێک هەبوو لە کەرکووک لەبەر تەکیە، میمکە حەنیفی ناوبوو، زۆر پیر و پەڕپووت بوو. بەم بەو ئەژیا لێیان ئەپرسی میمکە حەنیف عومرت؟ ئەیوت: بەقوربانتان بم، پێنج حەو ساران!} (سەجادی، ب٥ ل٤٩٦). پیرەژنی وانیشانداوە کە زۆربەیان دڵیان تەڕە و ویستوویانە وەک کچی چواردە ساڵ ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت و بەپیریان نەزانن. لەنێو کوردیشدا واباوە و پێیان دەڵێن پیرێژنە قۆڵ تڕە.

{ کابریەکی مایندۆڵی پیرە داکێکی هەبوو زۆر دەست بڵاوبوو، بەڵام کوڕە خۆی دەوڵەمەندێکی چاک بوو. دەردە دڵی بوو لە دایکەکەی ئەیوت: ئەمە ماڵی باوکمی هەموو لەنێودا. وتیان کە تۆیش بمری ماڵەکەی تۆیش بەوجۆرە لەنێو ئەدا. وتی: جا خۆ ئەو نابێ بە میراتگری من. وتیان چۆن ئەی دایکت نییە؟ وتی: نەوەڵڵا باوکم لەپێش ئەوەدا بمرێ تەڵاقی داوە } (سەجادی، ب٨ ل٧٨٦). ئەوەی وادەکات خوێنەر پەیوەست بکات بەوەی زیاتر بیەوێت بخوێنێتەوە و بەسەرهاتەکانی لەلا خۆشتربێت پلۆتە، ڕێکخستن و داڕشتنەوەی بەسەرهاتەکان بەوجۆرەی ڕوویداوە چێژێکی زیاتر دەبەخشێت بە خوێنەر یان وەرگر.

٦- **دیالۆگ، گفتوگۆ:** بریتییە لە ئاخاوتنی نێوان بریتییە لە ئاخاوتنی نێوان دوو کەس، بە واتایەکی دیکە گفتوگۆ لەو ئاخاوتنە گۆکراوە ئاڵوگۆڕکراوەیە کە لە نێوان کارەکتەرەکانی هەقایەتدا ڕوودەدات، لەگەڵ ئەمەشدا گفتوگۆ شتێکی نەویستە هیچ ئاخاوتنێک ڕوونادات ئەگەر دوو کەس ئامادە نەبن و قسە و بیروڕا نەگۆڕنەوە، هەڵبەتە ئەم دووکەسە لەیەک کاتدا هەردوو ڕۆڵی قسەکەر و گوێگر دەبینن (سەعید، ٢٠١٣: ١٨). زۆربەی بەسەرهاتەکانی ڕشتەی مرواری بریتیین لە گفتوگۆی نێوان دوو کەس یان زیاتر، چەندین جۆرە تەنز و ساتیر دروست بوون بەهۆی گفتوگۆوە.

{ جارێک کابرایەکی کورد ئەچێتە لای حەمە پاشای جاف ئەڵێ: پاشا پایز هات. ئەویش ئەڵێ بەخێربێت. ئا کوڕە بۆی بارکەن کەشک و دۆینە. کابرایەکی تر گوێی لێ ئەبێ، ئەڵێ ئەگەر من بچم بڵێم پاشا بەهار هاتم زۆرترم ئەداتێ؛ دەنگ ناکات تا بەهار دێت، هەڵئەستێ ئەچێ و ئەڵێ: پاشا بەهار هات. پاشاش ئەڵێ: ئا کوڕە تێی هەڵدەن ئەم دەویت باوکە. کابرا ئەڵێ: پاشا بۆچ تێم هەڵدەن؟ ئەی لە کاورای پایزت بۆ بۆچ هەڵنەدا؟ ئەویش ئەڵێ: پایز کەشکی تیایە، دۆینەی تیایە،

بڕوێشی تیایە، بەهار چی تیایە بۆ من؟ گیای تیایە؛ ئەویش بۆ بزن خاسە، خۆ من بزن نیم. ئینجا کابرا ئەڵێ: پاشا، پاشا تۆ سەری خۆت بێژە تۆزێکی هەر تێهەڵدەن، ئەگەر ئەو دەویت باوکە نەووایە، منیش نەئەهاتم و ئەم تێهەڵدانەم نەئەخوارد! پاشا بەقسەکەی پێئەکەنێ و بۆ ئەویش بار ئەکا }( سەجادی، ب١ ل٥٨). ئەو دیالۆگەی لەم نێوەندەدا ڕوویداوە، بەیەکجار نەبووە، بەڵکو نیوەی جێبەجێ بووە و نیوەکەی تری وەرزی بەهار بووەتە تەواوکەری دیالۆگەکە و بووەتە جێگەی گەمەوپێکەنین.

بەهای دیالۆگ لە چنینی ئەم جۆرە گێڕانەوەدا بەزۆری لە وەڵامی بێ وەڵام یان وەڵامی وەڵام بڕدایە. لە گێڕانەوەکاندا بەهۆی پرسیار و وەڵام، یان گفتوگۆی دوولایەنەوە، ڕەوتی گێڕانەوە تەنزییەکە دەڕوات بەڕێوە، بەڵام سەرەکیترین جۆری گفتوگۆ، وەڵامبڕی یان حازر جوابییە (کەسنەزانی و ئەمین محەمەد، ٢٠٢٢: ٧٧). { جارێک مەولەوی لە شاری سنە لە دیوەخانی ڕەزاخانی و والیزادە دائەنیشێت. والی لێی ئەپرسێت: مامۆستا ڕاست ئەکەن سوختە دەست بۆ ژنی مامۆستایان ئەبەن؟ ئەویش ئەڵێ: بەڵێ ڕاستە، ئەگەر ژنەکە ڕەزا بێ! والی قسەکەی پێ خۆش ئەبێ نەوازشێکی زۆری لەگەڵ ئەکا}( سەجادی، ب١ ل١٠٩). وەڵامی بێ وەڵام پڕ بەپێستی خۆی بووەتە ساتیری دەقەکە.

هەروەها گفتوگۆ خۆی لە قسەی بەتوێکڵدا دەبینێتەوە کە دەورێکی زۆری هەبووە لە بەرهەمهێنانی تەنز و گاڵتەدا { کوڕە مەلایەک هەبوو لە سولەیمانی، باوکی ئەینایە بەر هەر کار و فرمانێک سەقامگیر نەئەبوو. ڕۆژێ هەندێ لە فەقێکانی باوکی ئامۆژگاری ئەکەن و بەسەریا دێن ئەڵێن: تۆ تەماشای ئەوڕەحمانی برات کە بەو منالییە بزانە چەن زیرەک و گوێڕایەڵە. ئەویش تۆزێ ڕائەمێنێ و لە پاشا ئەڵێ: ئەم، ئەم، با ئەویش گەورە ببێ بزانن چۆن وەکوو منی لێ دێت} ( سەجادی، ب٢ ل١٤٧).

شەکراوی دەماخیش دیالۆگی تەنزاوی بەڕێوەی دەبات { کابرایەک لە نێو بازاڕدا توتەڵەسەگێک و دێڵەسەگێکی لە بەردەم خۆیا دانابوو ئەیفرۆشتن. کابرایەکی تر چوو لێی بکڕێ، کابرای خاوەن سەگ وتی: توتەڵەکە بە چوار قڕان و دێڵەکە کە بە دوو قڕان. کابرای کڕیار وتی: چۆن ئەبێ گەورەکە بە دوو قڕان، کەچی بچوکەکە بە چوار قڕان؟ کابرای خاوەن سەگ وتی: ئاخر باوکم! ئەوەیان هەر سەگە، بەڵام ئەمەیان سەگی کوڕی سەگە!}( سەجادی، ب٣ ل ٢٦٧). (هەندێکجار دیالۆگەکان لە نێوان مرۆڤ و شەیتان یان مرۆڤ و ئاژەڵدا، مەبەستیش پێی نەسیحەتکردن و توانج و ڕەخنەگرتنە لە ژیانی مرۆڤ و کردەوەکانی { لە شەیتانیان پرسی تۆ کام دەستەت زۆر خۆش ئەوێ؟ وتی دەلاڵ. وتیان بۆچی؟ وتی: چونکە من بە درۆ و دەلەسەکەیان زۆر زۆر خۆشحاڵ ئەبووم، ئەوان هاتن سوێندی درۆشیان خستەپاڵی} ( سەجادی، ب٤ ل٣٧٧).

گفتوگۆ مەرج نییە، باسێکی دووروودرێژ بێت، دەکرێت بەکەمترین دواندن تەنزێکی بەپلار دروست ببێت و گفتوگۆگە بەڕێوە ببات { جارێ کابرایەکی ئەوسەرە لە کابرایەکی پشدەری ئەپرسێ چۆنی؟ ئەویش ئەڵێ: بە کەیفی دوژمنانی!}( سەجادی، ب٤ ل ٤٣٣).

دیالۆگی واش هەیە خۆی دەبینێتەوە لە بەربەرچدانەوە بەرامبەر و خۆ بێ بەریکردن لە ژیانی خەڵکانی تر { کابرایەک هەبوو شایی ئەکرا پێیان وت: شایی و زەماوەندە. وتی بە من چی؟ وتیان: بۆ تۆیە. وتی بە تۆچی؟!}( سەجادی، ب ٥ ل٥٣٩). هەر بەیەک دێڕی دووبارە و یاریکردن بە جێناوەکان تەنز دروست بووە و گفتوگۆکە مانایەکی بەرزی بەخشیوە.

{ کابرایەکی کورد ڕۆژێک ئەبێ بە میوانی پیاوێک؛ نان دائەنێن. میوانە یەکەم پاروو هەڵئەگرێ بیبا بۆ دەمی، خانەخوێکە ئەڵێ: برا ڕاوەستە پارووەکەت موویێکی پێوەیە! کابرا ئیتر پارووەکە دائەنێ و ئەکێشێتە دواوە. خانەخوێکە ئەڵێ: ئەوە بۆچی چوویتە دواوە؟ ئەویش ئەڵێ: بەخوا برا تۆ ئەوەندە بەرچاو تەنگ بی وەها سەیری پارووی هەوەڵم بکەی من ئەم نانەم پێ ناخورێ][سەجادی. ب٨. ل٨٢٣). گفتوگۆ هەموو جۆرە تەنز و پلارێک دروست دەکات، لەهەر ڕێوشوێنکدا بێت، هیچ شتێک ناتوانێت ڕێبگرێت بە قسەی بەتوانج و بەمانا. { خواجە یاقۆ هەبوو لە سولەیمانی دوکانی هەبوو لە بازاڕ. هەمووجار نیوەڕوان کە کولێرەی ئەکڕی، ئەچوو ناوە نەبرژاوەکەی دەرئەهێنا ئەیکرد بە پێخۆری ئەویتری! لێیان ئەپرسی خواجە یاقۆ ئەوە چی ئەخۆی ئەیوت: نان و ناوەکەی!}(سەجادی. ب٨ ل٨٤٧).

٧- **پەسن، وەسف:** زاراوەیەکی عەرەبییە بەواتای بەرجەستەکردن و خستنەڕووی هەندێک لایەنی وەسفکراو دێت، کەبەهۆی لایەنی وەسفەکەوە سروشتی هەندێک لایەنی وەسفکراو بۆ خوێنەر بخرێتەڕوو، ئەرکی وەسف وێناکردنی ژیانی مرۆڤە و پانتاییەکی فرەوان لە چەندین لایەنی ژیانی مرۆڤ بەرجەستە دەکات. (سەعید. ٢٠١٤. ٨) ئەو ڕووداوانە ڕووندەکاتەوە کە خوێنەر لە هزریدا لێکی دەداتەوە، ئەدیبیش لە گێڕانەوەی هەقایەت و سەرگوزەشتەدا، تەنها لایەنی گێڕانەوەکە لەبەرچاو ناگرێت، بەڵکو وادەکات خوینەر یان گوێگر وێنایان بکات لە ڕاستیدا و کاتێک دەچێتە بیرییەوە هەمیشە ئەو پارچە وەسفیەیە لەبیری خوێنەر و گوێگردا دەمێنێتەوە. وەسفیش لە هەقایەتدا وەک ڕەگەزەکانی تر بۆ ڕازاندنەوە نییە، بەڵکو مەبەستێکی دیاریکراو دەگەیەنێت و بەشێکە لەڕووداو، پێویستە ئەو شتە وەسف کراوە لەچاوی نووسەرەکەیەوە تەماشا نەکرێت، بەڵکو لە چاوی کەسایەتییەکەوە ببینرێت ( سەبری، ٢٠١٠: ١١٣).

وەسف لەنێو کایەی ئەدەبدا لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی سەردەم و گرنگی و بایەخ پێدانی زیاتری ئەدەب وەک بەشێکی دانەبڕاو و هاوبەش لە ژیانی مرۆڤدا وەسف بنەما و پایەیەکی سەرەکی لەنێو دەقی ئەدەبیدا لە گەشەسەندن و بەرەوپێش چوون نەوەستاوە، لێکۆڵەران وەسفیان بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی بابەتی جوانکاری ڕەوانبێژی لێکداوەتەوە، هۆکارێکیشە بۆ گەیاندنی

زانیاری بەکەمترین وشە  یان کەمترین قسە و دەربڕین ئەمەش خۆی لەچوارجێوەی ئیدیۆم و خواستن دا دەبینێتەوە. وەسف بەسەرەتای گەشەکردنی بیری مرۆڤ لێکدەدرێتەوە بۆ توانای تێگەیشتن و وێناکردنی شتەکانی دەوروبەری. وەسف ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی چێژی دەقدا. (قازی، ٢٠٢١ : ١١).

{کابرایەکی زۆر ناشرین دومەڵێکی لێ هاتبوو. ڕۆژێک کابرایەکی هاوڕێی تووش بوو وتی: ئەوە بۆ چ دیار نیت؟ وتی: فڵان دومەڵێک لە شوێنی زۆر پیسم هاتووە لەبەرئەوە ناتوانم دەرکەوم وتی: فلانی ڕاست ناکەی، ئەوە ڕومەتتە هیچ دومەڵی پێوە نییە! }( سەجادی، ب١ ل ١١٩). وێناکردنی ئەو پەسنەی دراوە بۆ کابرا، دەبێتە وێنایەک بۆ خوینەر و بەمجۆرە بەسەرهاتەکە چێژی زیاتر دەبێت.

{مامەحەمە، پیاوێکی پیری شاتری بوو لە شانەدەری شارەزوور دا ئەنیشت. ڕۆژێک باسی پیاوچاکان ئەکرا، ئەویش وتی: ناشکوری نەبێ، پیاوی خاس و وەلی، کەی هەبووە، لەم ناوەدا کاک ئەحمەدی سولەیمانی و من و شێخ عومەری بیارە هەبووین؛ ئەوان ڕۆیشتن و ناشکوری نەبێ هەر من ماومەتەوە!}( سەجادی، ب٢ ل ٢٢٢) گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە وەک ئەوە وایە کە کەسێتییەکان بەرانبەرت دانیشتبێتن و لەگەڵت بن، بەجۆرێک داڕێژراوە و وەسفکراوە، خوێنەر بەردەوام دەبێت لە خوێندنەوە و دووبارە گێڕانەوەیی بەو جۆرەی نووسراوە.

وەسف ڕۆڵی هەیە لە جوانتر پیشاندانی ڕووداوەکانی ناو سەرگوزەشتە و بەسەرهاتەکان ڕشتەی مرواریش خاڵی نییە لەمە، چونکە هەگبەی کورد پڕە لە قسەی بەتوێکل و بەمانا و تەنک { کابرایەکی کورد لە دەشتێکا تووشی بەگزادەیەکی جوان و ڕاوچی ئەبێ. بازێکی بە سەر دەستەوەیە و دوو تانجی لە پێشەوە شێوەی کابرای زۆر بەلاوە جوان ئەبێ، دێتەوە لە ماڵەوە ئەیگێڕێتەوە ئەڵێ: لەو دەشتە تووشی بینایی چاوان بووم. جوبرەییلی لەسەر دەست بوو ئەنکیر و مونکیریش لە پێشەوە هەڵقون هەڵقونیان بوو!}( سەجادی، ب ٣ ل ٣٣٩٩).

لە بەرگی پێنجەمدا سەجادی بەمجۆرە پەسنی ژن دەکات دەڵێت: ژن مووی درێژە و ئەقڵی کورتە! یەکێ ژنێکی هەبوو دوژمنیکی هەیە! باوەڕت بە ژنەکەت هەبێ ئەگەر دایکت چاودێری بکا. (سەجادی. ل٥٠٧).

هەر لەبەرگی پێنجەمدا دەڵێت:{ ژنێک کچێکی هەبوو دای بە شوو. لەوکاتەدا کە گواستیانەوە دەستی کردە پینگە پینگ بەسەریا و پاش ئەوە کە بردیان بەم بەیتانە ئەیلاندەوە:

نۆ نانی خوارد وە نازەوە نۆ نانی خوارد وە پیازەوە

نۆ نان لە ساجی گەرمەوە نۆ نانی ڕەق وە بەرمەوە

نۆ نانی خوارد وە شیرەوە نۆیشی فڕان لە تیرەوە

دایکی مرێ گولوەشان وە دڵ ناشتا بردەشان! ( سەجادی، ل ٥٥١). ئەمە خۆی لە خۆیدا بەسەرهاتێکە بەهۆنراوە گوتراوە و باس لە بێبەختی کچەکەی و داماوییەکی دەکات، دایکانی کورد لە لاواندنەوەدا بەهرەیەکی باشیان هەبووە و بۆ هیچ دۆشدانەماون.

کوردەکان زۆرجار کاروپیشەکانیان بە هۆنراوە و گۆرانی بەڕێکردووە و بەوجۆرە ماندوویەتیان ڕەواندووەتەوە و بۆ ئەمەش وەسف ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە لە هۆنراوەکاندا، چونکە هەمووی پیاهەڵدانە بە شان و باڵی ئەو شتەی گۆرانیەکەی بۆ گوتراوە.

گۆرانی کۆنی شارەزوور بە باڵای نازداراندا:

ئەوا بەهارە عێل بەرەو خوارە نازدار دەستیان گرت چوون بۆ تەپاڵە

ئەو دەشتە پڕیە تەپاڵە وشکە ژێری تەپاڵە مار و دووپشکە

دەستێکی برد بۆ هەوەڵ تەپاڵە شەقەی لێ هەڵسان لەو پەنجە و خاڵە

یەک گل زیڕانی، دوو گل زیڕانی چاوی هەڵتەکان لە هاوڕێکانی

لێ گلێر بوونەوە وەک هۆری بەهەشت شەوقیان بڕیبوو لە دەر و لە دەشت

کەپرێکیان بۆ بەست بە دڵ و بە گیانی چەپ چەپ ڕەیحانە نایان لە بانی

شەش کیسە خەنە بۆ گلەبانی دوو سەلک سابوون بۆ سواغ دانی

( سەجادی، ب٦ ل ٦٠٥-٦٠٦).

هەمیشە وەسف وایکردووە مرۆڤ کارەکانی زووتر و باشتر بەڕێبکات و نانی بکەوێتە ڕۆنەوە { حەمە چاوزاق هەبوو لە سولەیمانی لە مەیدانی ماست فرۆشەکان پەتاتەی ئەفرۆشت. کە بانگی بۆ ئەکرد ئەیوت: ئامۆزای هێلکە پەتاتەی کوڵیو، خاڵۆزای چەونەر پەتاتەی کوڵیو، هیلکەی مانگا حەڵەب، پەتاتەی کوڵیو، نەجیب زادەی ئەرز پەتاتەی کوڵیو، حەڵوای بێ ددان پەتاتەی کوڵیو!} ( سەجادی، ب٧ ل ٧١٧).

عەلائەددین سەجادی لەبەرگی هەشتەمدا لە لاپەڕەی٨٠٦ - ٨٠٧ و ٨٣١ - ٨٣٢ دەڵێت: ڕەحمەتیەکە فەرهەنگێکی هەبوو، لەو فەرهەنگەیا گەلێ شتی باسکرد بوو ڕشتەی مرواری قەیدی چییە با باسی هەندێکی بکا، خۆ قوفڵی کەعبە کەچ نابێ؛ بە وشەیەکی کورت یان دێڕێکی کورت وەسفی شتەکان دەکات و زۆر بەوریاییەوە ئامانجەکەی پێکاوە و ڕێگەکەی بڕیوە نیشانی داوە کە ئەدەبی ڕاستەقینە دەبێت ئاوابێت و ورد و درشتی وەسف بکرێت هەتا تێبگەین کە هەگبەکەمان چەندە دەوڵەمەند و پڕچێژ و مایەی خۆشبەختییە بۆ خۆمان و ئەوانەی دوای خۆشمان لە هەموو کاتەکانی تری ژیانماندا ئەفەرموێ:

### فەرهەنگی تەمەڵ

پاڵەوان: ئاقڵێکە لەنێو سەرخۆشانا دابنیشێ!

ماڵ وێران: ئەو کەسەیە کە ژنی دەستەمۆی لە ماڵا هەبێ.

بازاڕی: وەستای جنێو!

سوێن: پێخۆری درۆ.

ڕاستگۆ: دوژمنی هەموو کەس!

دیق و دەرد: هاوڕێی خراپ.

زیرەکی تەواو: ئەو کەسەیە کە شێعر بنووسێتەوە و بیخوێنێتەوە و هیچی لێ تێنەگا!

چاو: دەروازەی دڵ.

ناچار: قەرزار.

هیچ: وەڵامی ئیشی خراپ.

شکات: بێزاری لە دۆستە کۆنەکان.

داخدار: باوکێ بەناوی کوڕەوە ناو دەرکا.

## بەشی دووەم/پاری دووەم: تەنز و ساتیر

تەنز لە قورئانی پیرۆزدا بەرانبەر بەوشەی ( سخرية) هاتووە ئەم وشەیەش بەچوار جۆر خودای گەورە لە قورئاندا ئاماژەی پێکردووە:

﴿ فَٱتَّخَذۡتُمُوهُمۡ سِخۡرِيًّا حَتَّىٰٓ أَنسَوۡكُمۡ ذِكۡرِي وَكُنتُم مِّنۡهُمۡ تَضۡحَكُونَ ١١٠ ﴾ سُوۡرَةُ المُؤۡمِنُونَ واتە: ئێوە گاڵتە و پێدەکردن؛ هەتا ئەوان یادی منیان لەبیری ئێوە بردەوە و ئێوە بەوان پێدەکەنین. ئێوە موسڵمانەکانتان کردە جێگای گاڵتەو سوکایەتی پێکردن. سەرقاڵ بوون بە گاڵتەو سوکایەتی کردن تا زیکری خواتان بیرچووەوە و بەردەوام بە ئیمانداران پێدەکەنین.

﴿ وَإِذَا رَأَوۡاْ ءَايَةً يَسۡتَسۡخِرُونَ ١٤ ﴾ سُوۡرَةُ الصَّافَّاتِ واتە: هەر نیشانەیەک دەبینن، دەخوازن گەمەی پێبدرێت. مەبەست لێی کافرەکانە کە کاتێک ئایەتێک یان موعجیزەیەکی پێغەمبەر (د.خ) دەبینن باوەڕی پێناکەن و گاڵتەی پێدەکەن.

﴿ أَن تَقُولَ نَفۡسٞ يَٰحَسۡرَتَىٰ عَلَىٰ مَا فَرَّطتُ فِي جَنۢبِ ٱللَّهِ وَإِن كُنتُ لَمِنَ ٱلسَّٰخِرِينَ ٥٦ ﴾ سُوۡرَةُ الزُّمَرِ واتە: نەکا ئەوسا کەسێ بڵێ: ئەی مخابن! من لە فەرمانبەری خودا درێغیم کرد، ڕەگەڵ گەپێدەران کەوتم؛ مەبەست لێی نەوەکو یەکێک لە ئێوە بڵێت ئاخ و داخ پەشیمانی بۆ ئەو هەڵەو نادروستیانەی کە کردم لە فەرمانی خودا، بێگومان لەو کەسانەش بووم کە گاڵتەیان بە بەرنامەی خودا دەکرد و ئیماندارانم بە دواکەوتوو دەزانی.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَسۡخَرۡ قَوۡمٞ مِّن قَوۡمٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُونُواْ خَيۡرٗا مِّنۡهُمۡ وَلَا نِسَآءٞ مِّن نِّسَآءٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهُنَّۖ وَلَا تَلۡمِزُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلۡأَلۡقَٰبِۖ بِئۡسَ ٱلِٱسۡمُ ٱلۡفُسُوقُ بَعۡدَ ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن لَّمۡ يَتُبۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ١١ ﴾ سُوۡرَةُ الحُجُرَاتِ واتە: ئەی گەلی خاوەن باوەڕان! هەندێکتان گاڵتە بە هەندێکتان نەکەن. لەوانەیە ئەوانەی گەپیان پێدەدەن، لەگەپ دەرەکان باشتر بن ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هیچ کەس و هیچ هۆزێک گاڵتە بە کەس و هۆزێکی تر نەکات.

**زاراوەی تەنز**

زاراوەی تەنز بە هەر کارێکی ئەدەبی یان هونەری دەوترێت کە ئامانجی گاڵتەکردن بێت، بنچینەی زاراوەکە لە وشەی"ساتیرا "ی لاتینینەوە هاتووە کە بە سەبەتەیەکی پڕ لە میوە وتراوە پێشکەش بە یەکێک لە خواوەندەکانی جوتیاران کراوە، زاراوەی ساتیر لەنێوی ساتیرەکانەوە هاتووە کە لای ڕۆمانەکان شەیتانی سروشت و هاوڕێی خواوەندی مەی بوون، نیوەی سەرەوەی جەستەیان مرۆڤ بوو، بەشی خوارەوەیان لەسەرشێوەی ئەسپ یان سابرێن بووە. داریۆس دەڵێت: تەنز بە کلیلی پێکەنین دەرگای مێشک دەکاتەوە تا هۆش بچێتە ژوورەوە. یۆڤانالیس دەڵێت: زەحمەتە لەم سەردەمەدا بژیت و تەنز نەنووسیت. کەواتە تەنز دەربڕینێکی ویژدانیی جوانە، کە ڕەنگدانەوەی مرۆڤ و ئازارەکان و هیواکانییەتی لە ناخی و ڕاستی ژیانیدا، بەمجۆرە تەنز هونەرێکە هێندە باڵایە توانەری داهێنان دەتوانێت بیخولقێنێت وشەکانی هەندێکجار هێندە بە ئازارە لە مردن ناخۆشترە (ئەحمەد، ٢٠١٥: ٥).

تەنز، وشەیەکە خۆی بنچینەکەی عەرەبییە بەڵام، عەرەب خۆی خۆی ئەم زاراوەیە بەکارناهێنێت. شاخەوان مەلا موحەمەد دەڵێت: زیاتر ئێرانییەکان بەکاری دەهێنن، عەرەب لەبری ئەوە ئەدەبی گاڵتەجاڕ (ساخر) بەکاردەهێنێت. لە ئێستای زمان و ئەدەبی کوردیدا، بۆ ئەن جۆرە ئەدەبە زاراوەی تەنز بەربڵاوترە لە زمان و ئەدەبی فارسیشدا هەمان زاراوە بەکاردەهێنن.

د. شێرکۆ عەبدوڵا دەڵێت: کورد گاڵتەوگەپ، یان ئەدەبی گاڵتەجاڕ بەکاردەهێنن، کە زۆر کتومت ئەو واتایە نابەخشێت کە وشەی تەنز دەیبەخشێت، کاتی خۆی وشەیەک هەبوو کە (تەوس) یان پێدەگوت، من پێموایە تەوس و تەنز یەک ڕیشەیان هەیە، بەڵام ئەو وشەیە خەریکە بزر دەبێت. لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا بەرانبەر بە وشەی تەوس: قسەی بەتوێکڵ و تیز و تانە دانراوە (موکریانی، ١٣٦٩: ١٧٠).

لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیشدا بۆ ئەو نووسراوانەی کە بە پەخشان دەنووسرێن و پێکەنیناوین دەستەواژەی گاڵتەوگەپ بەکارهێنراوە، بەڵام ناتوانین کتومت گاڵتەوگەپ بەرانبەر بە تەنز بەکاربهێنین، چونکە تەنز چەند تایبەتمەندییەکی جیاوازی هەیە، یەکێک لەو تایبەتمەندییانە گاڵتە و پێکەنین و بزە خستنە سەر لێوە، ئەمە جیایە لە ئەرکی ڕەخنەگرتن، گاڵتەوگەپ دەکرێت یەکێک بێت لە خاسیەتی تەنز.

چەندین پێناسە بۆ تەنز کراوە لەوانە هەندێک ڕایان وایە تەنز بریتییە لە بزە و پێکەنینێکی توانجی گاڵتەجاڕانە و کەشێکی شاراوە و پێکەنیناوییە، هەروەها تەنز ئامرازێکە بۆ پاکردنەوە و چارەسەرکردنی کەسەکان لە نارەحەتی، نووسینێکە کە وەرگر یان خوێنەر دەخاتە پێکەنین. تەنز بێجگە لە کێشانی وێنەی لایەنە دزێو و نالەبار و ناقۆلاکانی ژیان، بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە و داشۆریناوی، خراپە و عەیب و ناتەواوییەکانی کۆمەڵگە نیشاندەدات، هەروەها مەبەستیەتی کە سیفەت و تایبەتمەندییەکانی ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگا زەقتر و ڕوونتر دەردەکەون و ئەو جیاوازییە گەورەی کە لە نێوان واقیعی ژیان و ئەندێشەی ژیانێکی خۆشتردا هەیە ئاشکرا بکات. هەڵبەت لەنێوان تەنز و وەکو شێوازێکی ئەدەبی و داشۆرین جیاوازی هەیە؛ سنوری ئەم دوو ئەم ئەدەبە ڕاستە لەیەکەوە نزیکە بەڵام کەرەستە و شێواز و زمانی دەربڕینییان جیاوازە، جیاوازی ئەم دوو چەمکە ئەوەیە؛ کە داشۆرین بریتییە لە جنێودان و سوکایەتی کردن بە ئەوانی تر، بەڵام تەنز ئامانجی باڵاتری هەیە کە بریتییە لە گواستنەوەی قۆناغی ئاستی کۆمەڵگا بەرەو قۆناغێکی باشتر، تەنز نابێت ببێت بەهۆی هەڵتەکاندنی نەزم و یاسا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سوکایەتی کردن بە بەها باڵاکان و نابێت خۆی لە ئاین و بیروباوەڕە پیرۆزەکان بدات.

تەنز یان ساتیر، بریتییە لە بەهێزترین دەربڕین وەکو شێوازی ڕەخنەی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەو پێیە تەنز بەردەوام لە بەرانبەر بە دیاردە ناشرینەکانی کۆمەڵگا خاوەن هەڵوێستە و لەگەڵ ئەو خراپییانەی کە دەیانەوێت کۆمەڵگا بە چۆکدا بدەن بەربەرەکانی دەکات، پەیدابوونی ئەم جۆرە ئەدەبە لە ئەنجامی ناتەواوییەکانی سیستەمی سیاسی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت بنەماڵەیی دێتە ئاراوە. ئەدەب خۆی پەیامە و دەکرێت بە چەندین ڕێگا و شێواز دەرببڕێت، تەنزیش یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە دەکرێت مەبەستی باڵای ئەدەبی پێدەرببڕێت، هیچ کۆمەڵگایەک بێ کەموکوڕی و ناشرینی نییە و تەنز لە بنەڕەتدا هەوڵێکە تا کۆمەڵگا بەگشتی لە دیاردە دزێو و ناشرینەکان ڕزگار بکات، لە کۆمەڵگایەکدا کە پڕبێت لە دەهاویشتەی خراپ و سیستەمە سیاسیەکەی کەلێنی تێدا بێت، تەنز لە پێناو چاککردنی نارێکییەکان لەڕێگای ڕەخنەیەکی پێکەنیناوی ئامانجدار دێتە مەیدان (ڕەشید، ٢٠٢٠: ١٤٨).

قسەی خۆش و بەتام و بەچێژ بەدرێژایی مێژوو لە نێوان هەموو نەتەوەکاندا کەم و زۆر کەڵکی لێوەرگیراوە و لەنێو نەتەوەی کوردیش ئەو قسە خۆشانە وەک ئاوێنەیەکی باڵاپوان ئاوات و ئارەزووەکان، بیر و بڕواکان، خۆشی و نوخۆشییەکان، شێوەی بەڕێوەبردنی ژیان، چۆنایەتی حاڵەت و سروشت و ئاکار و ڕەفتاری مرۆڤی ئەو نەتەوەی نواندووە، قسە خۆشەکان دیارە لە چوارچێوەگەلی جۆراوجۆر داکوتراون و بەگوێرەی پەرەسەندنی شارستانییەتی و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.تەنز وشەیەکی عەرەبییە لە فەرهەنگدا بەمانای تانە و تەشەرە بەیەکێک لە شێوازەکانی دەربڕینی مەبەست دەگوترێت، کە وێژەر بەزمانێکی شیرین و بزاوی، بەمەبەستی چاکسازی، لەپەردەدا بابەتێک دەخاتە بەر ڕەخنە، ئەگەرچی زۆرجار پێکەنینی تەنز بابەتێکی تاڵەو بە واتایەکی تر، کوڵی گریانە ونووسەر یان وێژەر، بەرگی پێکەنینی بە بەردا دەکات ( قاسمی، ٢٠٠٧: ٥).

تەنز بریتییە بزە و پێکەنینی گاڵتەجاڕانە و کەشێکی شاراوە و پێکەنیناوییە هەروها ئامرازێکە بۆ پاکردنەوە و چارەسەرکردنی کەسەکان لەناڕەحەتی، ئامانجی تەنزیش تەنها خستنە پێکەنین نییە، بەڵکو هەوڵێکە تا لەڕێگەیەوە دژایەتی خراپە و کەموکورتی و شتە دزێوەکانی ناو کۆمەڵگا بکات. ( ڕەشید، ٢٠٢١: ١٤٩).

لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا کە دابونەریتی پڕ شەرم و حەیا بەسەریدا زاڵە هەڵسوکەوت لەگەڵ ناسیاو و کەسوکاریشدا شەرمی زیاترە، بۆیە خەڵک ڕووی نەهاتووە هەموو جۆرە بابەتێک باس بکەن یان ڕەخنە لە زۆر شتی تابوویی بگرن بۆیە پەنایان بردووەتە بەر پەند و مەسەلەی تەنزاوی کە ناڕاستەوخۆ مەبەستەکەیان پێ دەرکاندووە. ڕشتەی مرواری خاڵی نییە لە تەنز بەشێکی زۆری بەسەرهاتەکان پڕن لە تەنز و ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵ و دابونەریت بەشێوەیەکی نائاشکرا.

# بەشی سێیەم

# تابووشکێنی و گاڵتەجاڕی

## بەشی سێیەم/تابووشکێنی و گاڵتەجاڕی

تابوو لە بنەڕەتدا وشەیەکە تایبەت بە خەڵکانی " پۆلۆنێزی " یەوە. ڕۆمییە کۆنەکان شارەزای ئەم چەمکە بوون و دەستەواژەی " ساکر " نیشاندەدات بەم چەمکە ئاشنابوون. هەروەها یۆنانییەکان دەستەواژەی " ئاگیوس " و جولەکەکانیش دەستەواژەی " کادوش " یان لەم بوارەدا بەکارهێناوە و زۆربەی گەلانی دیکە لە ئەمریکا و ئەفریقا ( ماداگاسکار) و باکوور و ناوەندی ئاسیا دەستەواژەی لەم ڕەنگەیان هەیە. تابوو لەڕوانگەی فرۆیدەوە لەلایەکەوە بە بەواتای پیرۆز و بەختکردنە و لەلایەکی ترەوە واتایەکی مەترسیدار، ترسناک، یاساخ، گڵاو و پڕ ڕەمز و ڕازی هەیە. لە زمانی پۆلۆنێزیدا وشەی ناکۆک و دژی تابوو دەستەواژەی " نۆئا " یە، کە واتای ئاسایی و لەبەردەستی هەمووان‌دا دەدات، کەواتە تابوو بەواتای پێنەگەیشتن و لەبنەڕەتدا سنوردار و یاساخە. دەستەواژەی بەناوبانگ و ناسراوی " ترسی پیرۆز " کە باوە زیاتری خۆی هەیە هەمان واتای تابووە. سنوردار کردنەکانی تابوو شتێکی جیاوازە لە یاساخکارییە ئاکاری و ئاینزانییە ڕەهاکان. بەگوێرەی هیچکام لەفەرمودە خواوەندییەکان نییە، کە بە گشتی پاکی و خۆپاراستن بە ئەرکێکی پێویست دەژمێرێت و هۆیەکانی ئەم ئەرکە پێویستەمان بۆ دەخاتەڕوو. یاساخکارییەکانی تابوو بەگوێرەی بنەما نییە و لەسەر هۆگەلێک ڕەنەوەستاوە.(ونت) تابوو بە کۆمەڵە یاسای نەنووسراوی مرۆڤایەتی دەزانێت، بەزۆری لەسەر ئەو بۆچوونەن، کە تابوو لەجۆرە خواوەندەکان لەمێژترە و کۆنترە لەهەموو ئایینزاکان. لەلای ( نورت کۆت دەبلیو تومان) تابوو بەواتای ورد و دروستی وشەکەی بریتییە لە " پیرۆز یان ناپاک " بوونی کەسایەتییەکان و ئامراز و کەرەستەکان یان ئەو جۆرە یاساخکارییانەی کە لەم دۆخەدا سەرهەڵدەدات یانیش ئەوەتا ئاکامەکانی پیرۆزبوون و یان ناپاکی کە لە کاتی سەرکێشی کردن لەم یاساخکارییانە دێنەئاراوە.

**تابوو بەسەر چەند شێوەدا دابەشدەبێت:**

١-تابووی سروشتی یان ڕاستەوخۆ کە دەرئەنجامی هێزی سیحراوی مانایە کە پەیوەستە بە شتێکەوە یان کەسایەتییەکەوە.

٢- ئەو تابووە، کە دەگوێزرێتەوە یان ناڕاستەوخۆیە و هەر لەهەمان هێز سەرچاوە دەگرێت، بەڵام یان کەسایەتییەکە یان لەلایەن پاپای پیاوی گەورەی ئایینی دا سەپێندراوە یان سەرۆک و کەسایەتییەکانی ترەوە.

٣- تابووی ناوین یان ناوەڕاست کە لەنێوان دوو تابوویەکەی پێشوودایە و هەردوو هۆی پێشووەکەش لەخۆدەگرێت وەک دەست بەسەراگرتنی ژن لەلایەن مێردەکەیەوە. دیسانەوە وشەی تابوو سنورداره بوونی پێشگرتنی نابێت بخرێتە ڕیزی تابووەکانەوە.

**ئامانجی تابووە ڕاستەوخۆکان:**

١-بەهادار و ناوازەکان لەبەرانبەر ئەگەری هەرچەشنە لە کەدارکردن و ڕووشاندنێکدا.

٢- پارێزگاریکردن لە لاوازەکان وەک ژنان، منداڵان و خەڵکانی ئاسایی بەشێوەیەکی گشتی لە بەرانبەر ( مانا)دا ( هێزی سیحراوی) و بەتوانای پاپا و سەرۆکەکان.

٣- پارێزگاریکردن لەو کەسانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ مردووەکاندا بووە، یان لە خواردنێکی تایبەتییان خواردووە و لە ئەنجامدا کەوتوونەتە مەترسییەوە.

٤- پێشگرتن لەو تێکچوون و ناهاوسەنگییانەی کە لە کاتی پێکهێنانی هەندێک کردەوەی مەزن و لە ژیاندا دێنە پێش وەک لەدایکبوون، هاوسەرگیری، کرداری سێکسی، پێگەیین و تد...

٥- پشتیوانی کردن لە بوونەوەری مرۆیی لە بەرانبەر توڕەیی و دەسەڵاتی خوداوەندەکان و شەیتانەکاندا.

٦- یارمەتیدانی منداڵان لەکاتی لەدایکبوون و یان پاراستنی کۆرپەکان لەبەرانبەری مەترسییە گەورەکاندا، بەهۆی پەیوەست بوونیان بەدایک و باوکیانەوە تووشیان دەبێت. بۆ نموونە کاتێک دایک و باوک دەست دەدەنە هەندێک کار یان لە خواردنێک دەخۆن، لەوانەیە ئەمانە ببنە هۆی دروستبوونی هەندێک تایبەتمەندی لە منداڵاندا.

٧- پاراستنی ماڵ و کەرەستەی کار و کێڵگە لەپەلاماری دزان و دزینیان، کە ئەمانەش خاوەنیان هەیە لەسەرەتادا وێنا دەکرا سزای سەرکێشی کردن لە تابوو، دەبێت خۆبەخۆ بەگوێرەی پێویستیەکی دەروونی بێت، لەواتایەکی تردا ئەو تابووەی کە بێ ڕێزی پێدەکرا دەبوایە خۆی تۆڵەی خۆی بسەندایە، بەڵام پاش ماوەیەک کە چەمکی خواوەندەکان و شەیتانەکان دەرکەوتن و لەنێوانی ئەمان و تابووەکاندا پەیوەندی دروست بوون چاوەڕوان دەکرا ئەو چەشنە سزادانە لەلایەن خواوەندەکانەوە ئەنجام بدرێت، لەبوار و خاڵی تردا و لە ئەنجامی دوایین تەواوکارییەکانی چەمکی تابوودا کۆمەڵگا بووە بەرپرس لە سزادانی تاوانباراندا، کە تاوانەکەی هاوڕەگەزەکانی خستووەتە بەردەم مەترسی، بەمجۆرە سیستەمی سزادانی یاسایی مرۆڤایەتی لەسەرەتاییترین شێوازی لە تابووەوە دەستی پێکردووە. (فرۆید، ٢٠٠٥: ٥٧-٦١).

تیۆری زۆر دەربارەی چۆنیەتی و پاڵنەرەکانی سەرهەڵدانی تابوو و پەیوەندیی بە مەسەلە سێکسییەکانەوە هەیە، داروین لە کتێبەکەیدا " ڕەچەڵەکی مرۆڤ " وا گریمانە دەکات، باپیرە گەورەکانی مرۆڤ لەشێوەی گرووپی بچووکدا ژیاون، هەر گرووپێک لەدەوری پیاوێکی بەتەمەن کۆبوونەتەوە کە ماف و دەسەڵاتی بەسەر مێیەکانی ئەو گرووپەدا هەبووە، ئەم پیاوە نەیهێشتووە نێرەکانی تر کە تەمەنیان لەو کەمتر بووە، یان کێبڕکێکارەکانی تر کە پلەوپایەیان لەو لەخوارتر بووە، سێکس لەگەڵ مێیەکانی ئەو گرووپەدا بکەن، بەپێی وێنای داروین:

زاراوەی تابوو بۆ یەکەمجار کاپتن (جەیمس کوک) لەگەڵ هاوکارەکەیدا (ولیام ئەندرسۆن) لەساڵی ١٧٧٧ بەکارهێنا بۆ پەسەندکردنی چەند ڕەفتارێک بەرانبەر چەند شتێک کە نەدەبوو بکرێت یان ببینرێت، یاخود دەستی لێبدرێت. زانا کوک لە کتێبەکەیدا باس لە ئافرەتی تاهیتی دەکات، کە نابێت لەگەڵ پیاواندا نان بخۆن، چاوی خەڵکیان لێوە دیاربێت، ئەمەش نموونەی ڕەفتاری ناچیزەیە، کە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە یەکجار نەشیاوە یان ڕەتدەکرێتەوە. بەمجۆرە تابوو بریتییە لە قەدەغەکردن، یان دوورکەوتنەوە لەهەر کۆمەڵگایەکدا لەو بیروبۆچوون و ڕەفتارانەی، کە ببنەهۆی زەرەرگەیاندن بە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە و ئەندامانی دەخاتە نێو دوو دڵی و ڕاڕاییەوە، یان ئەندامانی تووشی شەرم لەخۆکردن دەکات. هەروەها قەدەغەکردنێکی کۆمەڵایەتی بەهێزە پەیوەست بەهەر بوارێک لە بوارەکانی چالاکی مرۆیی یان باو و ڕۆیشتووی کۆمەڵایەتی ، کە پیرۆزبێت یان قەدەغەکراو بێت لەسەر بنەمای حوکمێکی ئاکاریی و هەندێکجار بیروباوەڕی ئایینی. تابوو ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتە قەدەغەکراوانەن کە کاردەکەنە سەر ژیانی ڕۆژانە لەوانەش لەشولار و ئەو شتانەی لێوەی دەردەچن وەک ( ئارەق، پیسایی، خوێنی سوڕی مانگانەی ئافرەتان... هتد) و ئۆرگانەکان و کردەی سێکسی و میز و با و نەخۆشی و مردن و کوشتن، ناو ناتۆرە، دەستبازی، هەروەها چۆنیەتی تێڕوانین لە خەڵک و شتە پیرۆزەکان، هەندێک شت و شوێنی تایبەت، کەواتە تابوو پەیوەستە بە قەدەغەکراوەییەوە، قەدەغەکراویش پەیوەستە بە کۆمەڵەوە ( فەرەج، ٢٠١٣: ١٢٤– ١٣٢).

**سێ تابووەکە**

یەکەم تابوو لە مێژووی مرۆڤدا ئەوەیانە، کاتێک خوداوەند داوا لە ئادەم و حەوا دەکات لە بەری درەختەکەی باخی بەهەشت نەخۆن، بەڵام سەرپێچی دەکەن و لەفەرمایشتە خوداوەندانەکە دەردەچن، هەر لەو سۆنگەیەوە لە بەهەشت دەردەکرێن، نووسەرانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات بەترس و ئاگادارییەوە، وەک دەست بۆ کەڵە پشکۆ ببەن، دەستیش ببەن بۆ بابەتی سێکس، ئاین و سیاسەت دەبەن، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم بابەتانە پەنجەکانیان بسووتێنن، کێن ئەوانەی وا ئەم سێ ڕەگەزەیان بەتابوو کردووە؟ دیارە تەنیا هێزە دەست ڕۆیشتووەکانی کۆمەڵ ئەم کارەیان لەدەست دێت، هەیانە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی و سەردەمەوە بە تابووکراوە و بەسەر نووسەردا سەپاوە واتە قەدەغەکراوە، هەشیانە دەسەڵاتی  ئاین و سیاسەت پێکەوە ئەم قەدەغەیە دەسەپێنن جاری واش هەیە ڕای گشتی جەماوەر، بە هاریکاری لەگەڵ دەسەڵاتی ئایندا هەندێک بابەت قەدەغە دەکەن پرسی قەدەغەکردنیش لە دەسەڵاتێکەوە بۆ ئەوی تر یان لە وڵاتێکە بۆ ئەوی تر و لە سەردەمێکیشەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت و پرسێکی ڕێژەییە.

لە لایەکی ترەوە ئەگەر جەستە لە سەمتی گێڕانەوەی چیرۆکدا بێ بایەخ سەرنجدراو و ڕۆشنایی ئەوتۆی لەسەر نەبوو، ئەو کاتە بۆمان هەیە بپرسین جیاوازی نێوان نێرومێ لەکوێوە بەدیار بکەوێت؟ نێرومێ وەک لەهەڵکەوتی جەستەیاندا جیاوازن، لە زمانی جەستەشیاندا هەرجیاوازن، زۆرێکیش لەڕەگەزەکانی وەسف، گوتووێژ، گێڕانەوە و میتافۆڕمەکان لەدەوری جەستەی مرۆڤ ئاڵاون بەتایبەتی جەستەی مێینە، گفتوگۆ، گریان و پێکەنین، گرژبوون و ڕاسان لە جەستەوە چەخماخە دەدەن بگرە بەشێک لەوشەکانی نێو قامووسی هەر زمانێک بگرین زاراوەکەمان لەمەڕ جەستەی مرۆڤ و ئاماژە و جووڵەکانی بە جوان و ناشرینیانەوە بە قەدەغە و ڕەهایانەوە، مێینە بەهەڵکەوتەی جەستەی، بە ئاماژەی و جوڵەی بەتۆنی دەنگ و، گفتوگۆی نێرینە فریودەدەن واتە گوڵ و چاو، ڕۆڵی گرنگ دەبینێت بۆ یەکترناسین جا بۆ ئەوەی لەفریوی جەستەی کەمبکرێتەوە، کاڵای ئاودامان بپۆشێ لانیکەم لەلای خۆمان بەجۆرێک بیری لێدەکەنەوە، وا تێدەگەم زۆرجاران بەشێکی دەق بریتیبێت لەوەسفی تاکو هەرلەوێوە، چی لەناخی قارەماندا پەنگی خواردووەتەوە بکەوێتە ئەو گۆڕە ئەوەی لەبنی گۆڕەکەدایە سەرئاوبکەوێت. زۆربەی ئەندامانی جەستەی مێینە، دەبنە مایەی فریودانی نێرینە لەکاتێکدا جەستەی پیاو بەو ڕادەیە نابێتە مایەی فریودان بۆ مێینە بۆیە لەچیرۆکدا بە بەراورد لەچاو جەستەی مێینەدا کەمتر ڕۆشنایی دەخرێتەسەر، لەلای پیاوەوە زیاتر ڕۆشنایی دەخرێتەسەر جوامێری و بەخشندەیی، سوارچاکی، نێرایەتی و جووڵەی دەشێت بەگشتی بڵێین بە بەراورد لەچاو جەستەی مێینەدا، هەڵکەوتەی جەستە و بیچمی پیاو پاشایەکی

ئەوتۆ لە ڕووبەری  شیعر و چیرۆک داگیرناکات. پرسی ئیرۆتیکا بۆی هەیە بەشێک بێت لە بینای کەسێتی قارەمانی چیرۆک دەقی ئیرۆتیکیش بەزۆری کار لەسەر جەستەی مێ دەکات و جەستە بەنزم و کەم تەماشا ناکات، بەڵکو چیرۆکی ئیرۆتیکی لەسەر بناغەی پێوەندی نێوان دەق و جەستە بینای خۆی هەڵدەچنێت. جێگەی باسە پرسی ئیرۆتیکا بەتایبەتی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە بەڕاشکاوی لەلای ڕۆمانەکانی لاتینی ئەمریکادا بەرچاو دەکەوێت، ڕاستت دەوێت کارێکی زۆر ناماقوڵانەیە تۆ ڕۆمانێکی سێسەد پەڕەییت نووسیبێت و باس  لە ژیانی ژن و مێردێک بکات و جارێک لەجاران بەلای پرسی ئیرۆتیکدا باینەدابێتەوە، ڕۆمانی لەمجۆرە لانیکەم دەبێت بڵێین ناڕاستییە خۆ چیرۆکیش باس لە نهێنییەکانی ژیان بە هەموو وردەکارییەکانەوە دەکات، باس لە ژیانی نێرومێ بەو جەستە ئارەزوومەندانەوە کە هەیانە دەیکات

بەم دواییە ژمارەیەک لەژنە ڕۆماننووسەکانی عەرەب کە بەزۆر بە ئاین موسڵمانن، هیچ سڵ لە نووسینی دەقی ئیرۆسی ناکەنەوە، ئەوان بێ ئەوەی شەرم دایانبگرێت دەیوروژێنێت جێی وتنە دەقی ئیرۆسی، کە دەست لەسەر وردەکارییەکانی جەستەی مێ دادەگرێت و هەوەس و ئارەزووی نێرینە دەوروژێنێت، بەزۆری لەلایەن نووسەری مێینەوە دەنوسرێت، کە دەشێت لە زۆر لایەنەوە خوێندنەوە بۆ ئەو دەقانە بکرێت، لێرەدا جێگەی وتنە دەقی گێڕانەوە کۆنە عەرەبییەکە کە سڵی لە وروژاندنی پرسی ئیرۆتیکا و وەسفی جەستەی مێ نەکردووە لەسەر زمانی مێینەیەکی بوێری عەرەبەوە بە ئێمە گەیشتووە، کە ئەویش (شەهرەزادی هەقایەتخوان) یان هەقایەت ئەفرێنەری، هەقایەتنامەی هەزارویەک شەوەیە، کە مێژووی دەرکەوتنی بۆ چەند سەدەیەک دوای سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام دەگەڕێتەوە. بەڕای نووسەر (محەمەد فەریق حەسەن) دەڵێت: پێموایە ئەو توێژەی بەدوای دەقی ئیرۆسییەوەیە، زیاتر هەرزەکار و کەمئەزموونن، ئەو نووسەرانەیش وا سەرقاڵی نووسینی ئەم جۆرە دەقانەن بەو نیازە دەنووسن کە دەڵێت: ( سەرپێچی بکە تاکو  بناسرێیت) یان هەر بۆ ئەوەیانە کڕیار بۆ بەرهەمە بێ بازاڕەکانی خۆیان پەیدابکەن و ئەو هونەرمەند و نووسەرانەی وا هەمیشە خەریکی دەرکردنی فیلمی ڕووت و ڕۆمان و چیرۆکی ڕووت و گۆڕینی ڕەوشتن بەخۆیان زانیبێت یان نا هونەر و ئەدەبەکەیان دەچێتە خانەی کولتووری نزمەوە. جێی ئاماژەیە لە ناوەڕۆکی شیعری فۆلکلۆر و گۆرانی فۆلکلۆری کوردەواریشدا بەلێشاو گرتە و دیمەنی ئیرۆسی بەرچاو دەکەون، زۆرێک لە گۆرانیە کوردییە فۆلکلۆرییەکان پڕن لە وەسفی سینە و مەمک و خاڵ و دەم و لێوی کچان، کەچی هەم نەوەی ئێمەش و هەم  باپیران، بە ئاسایی ئەم دیاردەیەمان قبوڵکردووە، هەروەها هەقایەتی هەزارویەک شەوە کە بۆ نزیکەی هەزارساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە بە تایبەتی لە چاپە کۆنەکانیدا، ئەم پرسە وروژێنراوە و خەڵکیش بە ئاسایی وەریانگرتووە (حەسەن، ٢٠١٢: ١٩٩).

بەمجۆرە تابوو لە هەموو کایەکانی زمان و ئەدەبدا یەکدەگرنەوە، زمانەوانانیش هەریەکە و بەجۆرێک لێکدانەوە بۆ گوتنە نائاساییەکان و دەربڕاوە واتادارە تابووەکان دەکەن، ئەمیش لە ئیدیۆم و خواستن و درکەدا یەکدەگرنەوە، کە هەموو ئەو دەربڕاوانەن کە جگە لە واتا سەرەکییەکان، واتا و مەبەستی تریان لە پشتە زۆرجار ئەمانە لە شێوازی دەربڕینی ئیدیۆم دا خۆی دەبینێتەوە.

ئیدیۆم: هەندێک وشەی ئاوێتەن، لە دوو وشەی جیاواز یان زیاتر پێکهاتوون، بەهەردووکیان یان بە هەموویان یەک واتا دەبەخشن، لەم بارەیەوە هەریەکە لە ئەوڕەحمانی حاجی مارف و د. نەسرین فەخری و عەزیز گەردی پێناسەی جیاجیان هەیە بۆی. ئەوڕەحمانی حاجی مارف دەڵێت: پێکهاتنێکی تایبەتی و ئاڵۆزە، کە لەیەکگرتنی هەندێک وشەدا واتایەکی تایبەتی پەیدادەبێت، کە لەمانادا لەوشە نزیک دەبنەوە. هەروەها د، نەسرین دەڵێت: ئەوەیە کە ڕاستەوڕاست ناوی شتێک نەبەیت بەڵکو ناوی شتێکی تر ببەیت کە پەیوەندی بەمانای یەکەمەوە هەبێت. مامۆستا عەزیز گەردیش دەڵێت: ئەوەیە وشەیەک یان دەستە وشەیەک بێنی، کەواتایەکی دروستی خۆی هەبێت و هەر لەو کاتەدا، لە ڕستەکەدا مانایەکی تر بدات بەدەستەوە و مەبەست ئەم مانایەی دوایی بێت.(عەزیز، ١٩٩٩: ٤٤٩).

فەرهاد پیرباڵ لە کتێبی دار حەیزەراندا، سەبارەت بە ڕشتەی مرواری دەڵێت: ڕشتەی مرواری کتێبێکی چەند بەرگیە و مەلایەکی زانای وەک عەلائەددین سەجادی نووسیویەتی، پڕە لە هەقایەتی ئەو مەلایانەی سەدەکانی هەژدە و نۆزدە کە غەدر و ناهەقی بەرامبەر فەقێ و سوختە و موستەعید و شاگردەکانیان (واتە بەرامبەر گەنج و نەوجەوان و قوتابی) دەکەن. (ئەمە بێ ئەوەی باسی ئەو زوڵم و تەڵەکەبازیانە بکەین دەرهەق بە خەڵکی عەوام و ڕەشوورووت)، وێنەی مەلا- مامۆستا، کە ڕەمزێکی دیاری نەسلی کۆنی دەسەڵاتدارە بەپێی ئەو هەقایەتانەی ڕشتەی مرواری بریتییە لەوێنەی زاڵم، دیکتاتۆر، سەرکوتکار، کە نەک هەر ڕێگە نادات بە فەقێ و شاگرد و موستەعید و ناسکە موستەعید و سوختە ( گەنج و نەوجەوان) یاخی ببن، بەڵکو دەیان چەوسێنێتەوە، زۆرجار هەڕەشە لە کەرامەتیشیان دەکات. (پیرباڵ، ٢٠٠٦: ٢٢).

فەرهاد پیربال، لەوێدا بەجۆرێک لە ڕشتەی مرواری دەدوێت کە گوایە پڕە لە زوڵم و زۆرداری، لەڕواڵەتدا وا دەرناکەوێت، بەڵام ئەمەش لێی دواوە بەشێک لە ڕاستەقینەی هەقایەتەکانی ناو ڕشتەی مرواری، لەگەڵ ئەوەشدا باس لە ئیرۆتیکییەکان دەکات بەوەی کە لەوکاتەدا بەزۆر و بەناهەق، هەر کوڕە لاوێکیان لەلا جوان و لوسکە بوایە، هەلیان دەقۆستەوە تا لە سوچ و کەلەبەرێکدا ئیشی خۆیانی لەگەڵ بکەن و حەزە ئیرۆتیکییەکانیانیانی تێدا بەتاڵ بکەنەوە، کەواتە لەهەموو سەردەم و دەورێکدا، مرۆڤایەتی لەگەڵ ئیرۆتیک و حەزەکانی، هەوڵی بەتاڵکردنەوەی خۆیانیان داوە.

پیاوانی کوردیش کە زۆر بەجۆش و خرۆش و زەوقن بوون، مەلاکانیش لە بیچمی مامۆستادا کە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە و دەمڕاستی خەڵکوخۆ بوون، تەنانەوت ئەوانیش، هەندێکیان ئەگەر بۆیان ڕێبکەوتایە کاری خۆیان لەگەڵ تازە لاوە جوان و لەش پڕەکان دەکرد. { مەلا ئەحمەدی عەنەبی هەبوو لە سولەیمانی لێیان ئەپرسی مەلا ئەحمەد ڕاست ئەکەن ئەڵێن تۆ هەتیوبازیت؟ ئەویش ئەیوت: بەقسەی خەڵک، وا ئەڵێن!}(سەجادی، ب ٦ ل٥٨٨). مەلاکان و پیاوە تۆزێ بەتەمەنەکانیش بەشێکیان چاویان لەسەر گەنجی تازە پێگەیشتووی کوڕ بووە و حەزی سێکسیان بۆیان هەبووە.{مەلا سمایل گێڕایەوە وتی: جارێک هەتیوێکم تاودا و بردمە شوێنێک وتم یاڵڵا بۆم بکەوە. هەتیوەکە وتی: ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟ من وام بیستووە کە تۆ لوسکە ئەبەیت و ئەیکێشی بەسەر خۆتا، من بەو نیازەوە هاتووم! وتی پەم وت: بەڵێ، ئیش لە منە و دەعوا لەوان. تۆ بۆم بکەوە پاشان بڕۆ چ دەعوایەک هەیە بیکە.}(سەجادی، ب٦ ل٥٩٣) کەواتە بەم پێیە بێت، شتێکی تازە نەبووە بۆ لاوەکان کە ئەو کارانەیان لەگەڵدا بکرێت. { کابرایەک کوڕێکی هەبوو، ڕۆژێک کوڕەکەی لەگەڵ چەند منالێکی ترا ئەچن بۆ سەیران. ئێوارە کە دێتەوە باوکەکە لێی ئەپرسێ: ڕۆڵە چیتان کرد لەو دەشتە؟ ئەڵێ: وەڵا بابە بەهەمووکمانەوە منمان گا}(سەجادی، ب٢ ل٢٢٩).

ئیرۆتیک لە یۆنانیدا ئیرۆسە کە خودای خۆشەویستییە لای یۆنانییەکان و کوڕی ئەفرۆدێتی خودای ئەوین و جوانییە، چەمکی ئیرۆس بە واتای وەسفی عاتیفە دێت لەڕووی هەستکردن و حاڵەتی ڕۆحی پەیوەست بە ئاوێتەبوونی جەستەیی و سێکس، دەستپێکی  مێژووی فەنتازیای ئیرۆتیک دەستنیشان و بە دۆکیۆمێنت ناکرێت، ڕەنگە بە بوونی مرۆڤەوە بوونی هەبووبێت، بەرەنجامی گۆڕان و فرەوانبوونی ئەقڵی مرۆڤ و هاتنە کایەوە و لەدایکبوونی نووسین و ئەدەبیاتی نووسراو، ئەدەبیاتی ئیرۆتیکیش لە دایک بووە، بەڵگەشمان بۆ ئەوە هەموو ئەو وێنە و پەیکەر و تێکستانەن کە تێیدا پڕن لە دەلالەتی خۆشەویستی و ئیرۆتیکی و سێکسی یاخود خۆیان بەشێوەیەکی ڕۆشن گوزارشت لە ئیرۆتیک و سێکس دەکەن، ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی ئەو چەمکە گشتییەیە، هەموو ئەو تێکستانە دەگرێتەوە کە باکگراوندێکی ئیرۆتیکیان هەیە. مێژووی ئەدەبیاتی ئیرۆتیکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی نووسرا و ئەدەبیاتی فۆلکلۆریی میللەتانی دونیا، ئەدەبیاتی کوردیش کەم و زۆر ئەو نموونانەی تێدایە ( خەلیل، ٢٠١٢: ١٩).

گەلێک جار تابوو بۆ بەمەبەستی گاڵتە و پێکەنین بەکارهاتووە، ئەوانەی کە قسەی قۆڕ و بەمانا دەکەن، زیاتر دەبنە جێگەی پێکەنین لەنێو خەڵکدا و ناو دەردەکەن. { کوڕێکی کورد هەبوو گاڵتەچی بوو، هەموو ڕۆژێ کە ئەڕۆیشتەوەماڵەوە، دایکێکی پیری هەبوو لێی ئەپرسی، ڕۆڵە دەنگ و باس چییە؛ ڕۆژێک دیسان پرسی. کوڕەش وتی: بەخوا دایە ئێمڕۆ بە فەرمانی پاشا جاڕیاندا هەرچی بێوەژنێک دانێکی مابێ ئەبێ شوو بکا. هەرکەس نەیدا بە شوو تووشی جەریمە ئەبێ. پیرێژنەش وتی: ڕۆڵە دەخیل! خۆت تووشی جەریمە مەکە، ئەوەتە من دوو کۆتەرە دانم ماوە!}(سەجادی، ب١ ل٦١).

تابوو لە زانستی ئەنسرۆپۆلۆجیدا ڕاڕایی و دوودڵی و ترس و ڕێزی مرۆڤی سەرەتاییە بۆ هێزی نادیاری شاراوە، کە دەکرێت لە هەموو شت و کەرەستە و ئاژەڵ، یان ئەرکە کۆمەڵایەتییەکاندا بێت، ئەو ترسە وەهای لێدەکرد کۆمەڵێک شت لە خۆیان یاساغ بکەن و لێی نزیک نەکەونەوە، چونکە بەنزیککەوتنەوەی دووچاری بەڵای قورس دەبن. تابووگەلی جۆراوجۆری وەک، مرۆڤی نەخۆش، تەرم، بێگانە، ئافرەت و سەرۆکخێڵ، یان پیاوی ئاییني، خوێن، یان تەلیسم هتد... لای نەتەوە جیاوازەکان پێیدەوترێت تابوو. فریزەر لە کتێبی ( چڵی زێڕین) دا تابوو بە ڕووی نەفیی جادووەکان دادەنێت. ئەو خێڵانەی بڕوایان بە هێزە نادیارەکانە، بۆ ڕێکخستنی ژیانیان و لە ڕاستیدا کۆی ژیان دەگرێتەوە، دابەشبووە بۆ سیستەمی جادوویەک کە ئەرێنییە و ڕێنیشاندەرە بۆ کردنی هەندێک کار ئەمە پێیدەوترێت ئەفسوون، هاوکات جادوویەکی نەرێنیش هەیە کردەکان قەدەغە دەکات لە تاکەکان، ئەمەش بە تابوو دەناسرێت.

مرۆڤی سەرەتایی ئەگەرچی وەک یاسا بە وشەی دیاریکراو دەریاننەبڕیوە، بەڵام بەشێوەیەکی زیمنی لەو بڕوایەدان کە ئەمانە ڕەوتی سروشت، سەربەخۆ و جوودا لە ئیرادەی مرۆڤ دیاریدەکەن و ڕێکی دەخەن، ئەم مرۆڤانە پێیان وایە ئەگەر بەشێوەیەکی تایبەت ڕەفتار بکەن، ئەنجامی دیاریکراوی دەبێت، ئەگەر ئەنجامەکە بەڕای ئەوان نەویستراو و زیاندار بوو، دەبێت ئەو ڕەفتارە نەکەن، ئەگەرنا گرفتاری دەرئەنجامەکانی دەبن. بەواتایەکی تر، خۆیان دەپارێزن لە ئەنجامدانی کارێک کە ئەمان لەبارەی هۆکاری کارەکەوە وێنایەکی هەڵەیان هەیە و وادەزانن زیاندارە، ئەم کارە لای ئەوان دەبێتە تابوو (کەسنەزانی، ٢٠١٩:١٥٠).

لە کۆڕ و مەجلیسەکاندا گەورە پیاوان زیاتر ڕوودار بوون بەقسەی قۆڕ، دەنگیان بەرزتر بووە:{مەلا سمایلی کانیسکان وەعزی ئەدا ئەیوت: هەرکەس سواری هەتیوێک بووبێ ئەبێ لە ڕۆژی قیامەتا ئەو کابرایە هەتیوەکە بخاتە سەرشانی و لەو دەشتی مەحشەرەدا بیگێڕێ. "عەبەخەیات" هەبوو لە کۆڕەکەدا هاواری کرد و وتی: ئای ماڵی وێرانم! من ئەبێ ئەو ڕۆژە هەتیو هەڵبگرم! ئەم هەمووەم لە کوێ پێ هەڵئەگیرێ؟ مەلا سمایل هەر لە ناوەندی وەعزەکەدا هەڵیدایە و وتی: خەمت نەبێ هی واش هەیە تۆ هەڵبگرێ و ئەو ئەرکەت لە کۆڵ بخا!} (سەجادی، ب٦ ل ٦٦٤).

جاری واش بووە، تابوو مەبەستدار بووە بە حوکمی دونیا و کۆتاییەکەی: { کابرایەک هەبوو لە کۆیە کەریمە گەوجیان پێ ئەوت: ئەم کەریمە گەوجەی کوڕی حاجی مەلا ئەمینی کۆیی بوو. خەڵک و خوا سەریان ئەخستە سەری ئەیانوت: کەریمە گەوج دنیا کێ ئەیخوا؟ ئەیوت: کێ ئەیخوا! زمان لووسان تاس و لووسان، بێ ناموسان!}( سەجادی، ب٥ ل ٥٠١).

# ئەنجام

١- تەنز هۆکارێکە، بۆ برەودان بە ڕەخنە و پلارگرتن لە دزێوی و ناشرینیەکانی کۆمەڵگا.

٢- هەقایەتی تەنزاوی، ڕێگە خۆشکەرە بۆ خۆشی نێو دڵی مرۆڤ و باشبوونی حاڵی لە ناخۆشیدا، چۆنیەتی گێڕانەوەکەشی بەجۆشتری دەکات و دەمەتەقێیەکی گەرم دەسازێنێت.

٣- تەنز و تابوو پێکەوە، لەڕشتەی مرواردیدا کاردەکەن بۆ گاڵتەوگەپ و پێکەنین، جگە لەوەی لەهەندێک باردا کاردەکەنە سەر مرۆڤ بە ئاشنابوون بەو توانجانەی بوونەتە هۆی سەرنجڕاکێشانیان لەبارەی شتە تابووەکانەوە.

٤- تابوو لەپاڵ تەنزدا کار دەکاتە سەر ڕەوتی گێڕانەوەی هەقایەت و بەسەرهاتە پێکەنیناوییەکان، لەبرەودان بە سەرگوزەشتەکان.

٥- لەپشت قسەی بەتوانج و تەنز و گاڵتەجاڕییەوە، پەیامێک هەیە ڕۆڵدەبینێت لە ئامۆژگاری و ڕێنیشاندانی ڕێگەی مرۆڤ.

٧- ڕشتەی مرواری، ئەدەبێکی پڕاوپڕ لە قسەی نەستەق و تەنزاوی نێو ژیانی ئادەمیزادە، بەمجۆرە گێڕانەوەکەی لەزاری نووسەرەوە وایکردووە، کە چێژی خۆی لەدەست نەدات و مرۆڤ لێی بێزار نەبێت، لەدووبارە خوێندنەوەی.

٨- ڕشتەی مرواری پڕە لەبەسەرهاتی ئەو کەسانەی کە قسەخۆش و ڕووخۆشن، بەم چەشنەش کەسایەتییەکانی نێوی بەهۆی قسەخۆشییەوە ناویان دەرکردووە لەنێو ئەدەبی گاڵتەئامێزانە و تەنزاوی.

٩- قسە نەستەقەکان لە ڕشتەی مرواریدا توانج لە شێوازی ڕەفتار و خووی مرۆڤ دەگرن.

١١- گێڕانەوە جێگەی خۆی لەنێو ڕشتەی مرواری و کایەکانی ئەدەبی پێکەنیندا کردووەتەوە، دەور دەبینێت لە جۆشدان بە بەسەرهاتەکان.

١٢- ڕشتەی مرواری بەسەدان ساڵی تر، بەسەرهاتەکانی کاریگەری خۆی هەیە و ڕۆڵ دەبینێت لە خستنە پێکەنینی خوێنەر و گەیاندنی مەبەستە شاراوەکەی لە پشت قسە نەستەقەکەوە، هەر بۆیە گێڕانەوە پەیوەست نییە بە کات و شوێنەوە، گرنگ ئەوەیە پەیامێک بگەیەنێت لەهەر سەردەمێکدا بێت، کار لەسەر بەڕێوەبردنی ژیانی مرۆڤ و دڵخۆشکردنی دەکەن، دەقەکان کاردەکەنە سەر هێشتنەوەی ڕەسەنەیاتی مرۆڤ و ئەدەب.

## *لیستی سەرچاوەکان*


١-قورئانی پیرۆز

٢- ئیسماعیل، سەباح: ٢٠٠٩، چەمک و ئێستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٣- ئەفخەمی، ئیبراهیم: ١٣٦٨، بنەڕەتی مەتەڵی کوردی، چاپی یەکەم، تاران، چاپخانەی نیکنام.

٤- ئەڵوەنی، د. نەجم: ٢٠٠٧، ئەفسانە و پەندی کۆمیدی گاڵتەئامێزی کوردی، چاپی یەکەم هەولێر، چاپخانەی دارا.

٥- ئەسوەد، نەوزاد: ٢٠١٥، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، ناوەندی غەزەلنووس.

٦- ئەبوبەکر، سەدرەدین: ٢٠٠٥، بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

٧- پیربال، فەرهاد: ٢٠٠٦، زمانی حەیزەران، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

٨- تەقی، جەلال: ٢٠٠٦، شەوانی گوێ ئاگردان بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، سلێمانی، بڵاوکردنەوەی خانەی چوارچرا.

٩- حافز هەورامی، م. زانا زوبێر: ٢٠١٤، بەسەرهاتەکانی باڵولی دانا، وەرگیراوە لەبەسەرهاتەکانی (شیرین پند آنداز) چاپخانەی چوارچرا.

١٠- حەسەن، محەمەد فەریق: ٢٠١٢، ئەزموونی چیرۆکنووسین، چاپی یەکەم، سلێمانی.

١١- خاڵ، شێخ محەمەدی: ١٩٥٧، پەندی پێشینان، چاپخانەی شڤان.

١٢- خاڵ، شێخ محەمەدی: ٢٠١١، ناڵەی دەروون، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

١٣- خاڵەدێوە، ڕێزان عوسمان مستەفا: ٢٠١٠، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشوری کوردستان لە ساڵی (١٩٨٥-١٩٩٠) چاپی یەکەم، هەولێر.

١٤- خەلیل، زانا: ٢٠١٢، ئیرۆتیک لە شێعری نالی دا، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

١٥- خەزنەدار، دکتۆر مارف: ٢٠٠٦مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی حەوتەم ( ١٩٤٥- ١٩٧٥) چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

١٦- دەروێشیان، عەلی ئەشرەف: ٢٠٠٣، عەزیز گەردی، ئەفسانە و ڕازی کوردی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

١٧- ڕۆدینکۆ، م.ب:١٩٩٩، کەریمی کشاورز، ئەفسانە کوردییەکان، ستۆکهۆڵم

١٨- ڕەسوڵ، عیزەددین مستەفا: ١٩٧٠، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەغداد، چاپخانەی (دارالجاحظ).

١٩- ڕەسوڵ، دکتۆر شوکریە: ١٩٩٧، ڕێگاکانی کاری مەیدانی فۆلکلۆری کودی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٢٠- ڕەحمان، عەبدوڵڵا: ٢٠١٤، بنیاتی گێڕانەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، خانەی چاپ و بڵاوکراوەی موکریان.

٢١- ڕەئوف، لوقمان: ٢٠١٢، ڕەهەندەکانی شوێنکات لە دەقە والاکانی شێرکۆ بێکەس دا، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

٢٢- ڕەشید، هاوکار محەمەد: ٢٠٢٠، تەنز لەچیرۆکەکانی پێکەنینی گەدای حەسەن قزڵجی دا، پژوهشنامه ادبیات کردی، سال ششم، شماره دو، پیاپی ده.

٢٣- ڕەشید، سابیر:٢٠٢١، گێڕانەوەناسی

٢٤- زامدار، مەحمود: ١٩٨٠، دەروازەیەک بۆ ئاواز و گۆرانی، بەغداد، چاپخانە

(دار الحرية للطباعة).

٢٥- زامدار، مەحموود: ٢٠٠٩، بۆنی هەلالان دێ، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٢٦- سۆران، ح.س: 2009، زمان، وێژە و فۆلکلۆری کوردی، چاپەمەنی ئێلێکترۆنیک

٢٧- ساڵح، ڕەفیق :١٣٩٣، پەندەکانی پیرەمێرد، چاپی دووەم، سنە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی هەژار.

٢٨- سەججادی، عەلائەددین: ١٣٩٥، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، سنە، بڵاوکراوەی کوردستان (انتشارات کردستان).

٢٩- سەجادی، دلێر عەلائەددین: ١٩٨٧، یادی سەجادی، بەغداد، چاپخانەی ئیشبیلییە.

٣٠- سەجادی، عەلائەددین: ٢٠١٠، ڕشتەی مرواری

٣١- سەجادی، عەلائەددین: ٢٠١٢، هەمیشە بەهار، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٣٢- سەفی زادە، سدیق بۆرەکەیی: ٢٠٠٨، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٣٣- سەلیمی، هاشم : ٢٠١٣، چیرۆک و ئەفسانەی موکریان، سلێمانی

٣٤- سەبری، ڕازاو ڕەشید: ٢٠١٠، چیرۆکی منداڵان لەئەدەبی کوردیدا (١٩٩١- ٢٠٠٥) هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

٣٥- سەعید، د. جەلال ئەنوەر: ٢٠١٣، گفتوگۆ لە ڕۆمانی کوردیی کرمانجیی خوارووودا ( ١٩٩١- ٢٠٠٣ ز ) سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

٣٦- شارەزووری، عەلی: ١٩٨٢، چەپکێ لە گوڵاڵە سوورەی شارەزوور، بەرگی یەکەم، بەغداد.

٣٧- شەریف، محەمەد: ١٩٧١، فۆلکلۆری یارییەکانی کوردەواری، چاپی یەکەم، کەرکوک، چاپخانەی (الشمال).

٣٨- عوسمان، کاروان: ٢٠١٠، پەندە باوەکان، سلێمانی، چاپی سێیەم، چاپەمەنی گەنج.

٣٩- عەبدوڵڵا، د. ئیدریس: ٢٠١٤، ئەدەبی میللیی و فۆلکلۆریی، بەرگی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

٤٠- عەبدوڵڵا، د. ئیدریس: ٢٠١٤، ئەدەبی میللیی و فۆلکلۆریی، بەرگی دووەم، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

٤١- عەبدوڵڵا، د. ئیدریس: ٢٠١٤، ئەدەبی میللیی و فۆلکلۆریی، بەرگی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

٤٢- عەلی، حسێن سابیر: ٢٠١٢، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەکانی کاکە مەم بۆتانی دا، سلێمانی.

٤٣- عەزیز، حوسێن محەمەد: ١٩٩٩، سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردیی، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٤٤- عەلی، جەلال مەحموود: ١٩٨٢، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا بەرگی ١ و ٢، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کۆماری عێراق، وەزارەتی ڕۆشبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بەغداد.

٤٥- فرۆید، زیگمۆیند: ٢٠٠٥، ڕەزا مەنوچەهری، تەوتەم و تابوو، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپەمەنی گەنج، خانەی چاپ و پەخشی ڕینما.

٤٦- فەلاح، شەریف: ٢٠٢٠، دەلاقە ڕۆچنە، زمان و ئەدەبی زارەکی ١، چاپی یەکەم، سنە.

٤٧- فەرەج، د. شاخەوان جەلال: ٢٠١٣، تابوو وەک نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، سلێمانی، چاپخانەی بینایی.

٤٨- قاسمی، سمایل: ٢٠٠٧، سیخوڕمە، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٤٩- کۆمەڵێک، سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە: ٢٠٠٩، چاپی دووەم، هەولێر دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

٥٠- کانەبی شەریف، عەبدولوەهاب: ٢٠٠٥، فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی ڕوون.

٥١- کەسنەزانی، بوشرا: ٢٠١٢، ئاستانەی سبەینێ، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٥٢- کەسنەزانی، بوشرا:٢٠١٩، شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٥٣- کەسنەزانی، بوشرا: ٢٠٢٢، جوانیناسی گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٥٤- مەنتک، د.حەمە: ٢٠٢١، گێڕانەوەناسی، هەولێر، چاپەمەنی تەفسیر.

٥٥- محەمەد، مەسعود: ٢٠٢١، شکۆی ئەدەب، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.

٥٦- موفتی، د. پەری ساڵح: ٢٠١٣، گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

٥٧- محەمەد، میران جەلال: ٢٠٠٩، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

٥٨-مەعروف، د. کەمال: ٢٠٠٣، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

زاری کرمانجی:

٥٩- جندی، حەجێی: ٢٠٠٦، هەقایەتێد جمعەتا کوردا، هەولێر، چاپخانەیا حەجی هاشم، دەزگەها سپیرێزیا چاپ و وەشانێ.

زمانی فارسی:

٦٠- احمدی، ابراهیم: ١٣٨٧، مینا فرهنگی تشبیه از امثال و حکم کردی- کردی فارسی، سنندج، دانشگاه کردستان، مرکز انتشارات سنندج پاساژ عیزەتی.

٦١- برشان، محی الدین، محێدین گوێڕەش: ١٣٨٥، پندی پیشینان، پیرانشهر، چاپ اول، کتابخانه ملی ایران، انتشارات سامرند پیرانشهر.

٦٢- پارسا، سید احمد: ١٣٨٤، مثل از نگاهی نو، آموش زبان و ادب فارسی رشد، شمارەی ٧٥، دورەی نوزدهم.

٦٣- موکریانی، هەژار: ١٣٦٩، فرهنگی هەنبانەبورینە- کردی- فارسی، یک جلدی، چاپ اول، تهران، چاپخانه پویا.

گۆڤار:

٦٤- بەکر، هیمداد. ئەحمەد، کەیفی: بنیاتی هونەریی توخمەکانی گێڕانەوەی داستانی فۆلکلۆری کوردی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین.

٦٥- ڕەشید، سابیر: گۆڤاری گێڕانەوە، بەهاری ٢٠٢١.

٦٦- کەسنەزانی، بوشرا. امین محەمەد، محەمەد دلێر: بونیادی گێڕانەوەی تەنزئامێزانە لە ڕشتەی مرواری و ڕیسالەی دلگوشا دا، گۆڤاری زانکۆی تەنمیەی بەشەری، بەرگی هەشتەم، ژمارە ٤، ٢٠٢٢.

٦٧- مەنتک، د. حەمە: گۆڤاری گێڕانەوە، ژمارە ١، بەهاری ٢٠٢١.

نامەی ئەکادیمی:

٦٨- ئەحمەد، گۆران عەبدوڵڵا :٢٠١٥، تەنزە ئەدەبییەکان لەڕۆژنامەنوسیی کوردیدا- باشوری کوردستان بەنموونەی گۆڤارەکانی " سیخوڕمە، مەلا مەشهور، گەپ " ساڵی (١٩٩٧- ٢٠٠٧) زانکۆی سلێمانی- فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان.

٦٩- ساڵح، دیمەن عەبدوڵڵا :٢٠٢٢، شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ( داگیرکردنی تاریکی) بەختیارعەلی دا.

٧٠- سەعید، بەیان مەجید: ٢٠١٤، بونیادی وەسف لەڕۆمانی (شار) ی حسێن عارف دا، زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زمان، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان.

٧١- قازی، ڕەوەند حەمەجەزا: ٢٠٢١، ئێستاتیکای وەسف لە چیرۆکە شێعرەکانی ئەنوەر قادر محەمەد دا، زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زمان، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان.

٧٢-- مستەفا، ڕێزان عوسمان: ٢٠٠٨، بنیاتی جۆرەکانی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری ساڵی (١٩٨٥- ١٩٩٠) کوردستان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان.

٧٣- محەمەد، میران جەلال : ٢٠٠٨، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیی باشووری کوردستاندا، زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زمان، فاکەڵتی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان.

٧٤- نەجمەدین، نەجم خالید : ١٩٩٢، لێکۆڵینەوەی پەند و قسەی نەستەقی کوردی شاری خانەقین، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، فاکەڵتی ئاداب و زانستە مرۆڤایەتییەکان.